بەشێک لە بابەت و نووسراوەکانی
هاوڕێ خەج مەعزووی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پێڕست:

١- وتەکانی نەمر کاک تەهای عەتیقی لەسەر کچە شۆرشگێڕی دێموکرات..... ٤

٢- ژن لە ئاوێنەی روانگەکان دوکتور شەرەفکەندی نەمردا..... ١٠

٣- چەند قسەیەک لەسەر نەمر کاک تەها عەتیقی..... ١٤

٤- وتار لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تیکۆشانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە..... ١٧

٥- خۆشەویستیی دەنگی کوردستان لە نێو دڵ وزەینی خەڵک دا هەرماوە..... ٢٠

٦- وتار لە جێژنی کۆتایی دەورەی ٢٠٩ی فێرگەی سەرەتایی پێشمەرگە..... ٢٣

٧- بە دوادا چوونێکی مێژوویی لەسەر فێمینیزم..... ٢٦

٨- تێڕوانینی یاسا و شەریعەت بۆ فێمینیزم..... ٣٣

٩- کەم دیاریی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا..... ٣٧

١٠- کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا..... ٤١

١١- کێژی شۆڕش، گوڵی سەنگەر..... دیمانە: شەونم هەمزەیی ٤٣

١٢- پێشمەرگەی ژن لە مەیدانی خەباتی مافویستی و شوناسخوازیدا..... ٤٩

١٣- کۆچیدوایی دایکی کادرێکی لەمێژینەی ڕێبەریی حیزب لە شاری شنۆ..... ٥٤

١٤- شەڕ و لێکەوتە زیانبارەکانی لەسەر ژن و خێزان..... ٥٦

١٥- منداڵان و مافەکانیان لە نیشتمانی ئێمەدا..... ٦٢

١٦- "کوردستان" و پرسی ژن..... ٦٥

١٧- ژن لە ئاوێنەی روانگەکان دوکتور شەرەفکەندی نەمردا..... ٦٨

١٨- حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا..... ٧٢

١٩- کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان..... دیمانە: ڕەحمان نەقشی ٧٥

٢٠- قاسملوو (هزرە بەرزەکانی و بیرەوەرییە جوانەکانی)..... ٧٧

٢١- کچێک و ٤٠ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی گەلەکەی دا..... ٨١

٢٢- با لە نزیکەوە باشتر خەدیجە مەعزووری بناسین..... شۆڕش ئەسەدزادە ٨٢

٢٣- هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەریەکانی نێو شۆڕش..... ئەحمەد ڕەحمانی ٨٥

٢٤- بۆ خوشکی ئازیزو گلێنەی دیدەکانم خوشکە خەجیج مەعزوری..... ئەحمەد ڕەحمانی ٨٧

٢٥- پرۆفایل..... ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی ٨٨

دەقی وتەکانی نەمر کاک تەهای عەتیقی لەسەر کچە شۆرشگێڕی دێموکرات،
خاتوو خەجیجەی مەعزوور:

لە تاراوگە، لە دووڕە وڵات و لە وڵاتی نامۆ، نامۆ لەگەڵ هەستم، نامۆ لەگەڵ دەروونم، جوانترین ڕێز و سڵاو پێشکەشی بەشدارانی ئەم ڕێ و ڕەسمی ڕێز لێنان لە ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کچە شۆڕشگێڕ و ماندووبی نەناس و بە بیر و باوەڕی حیزب، خاتوو خەجیجە معزوور.

هەر لەم کاتەدا لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرم و هەزاران ڕێز و سڵاوی پڕ لە خۆشەویستی پێشکەشی گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەکەم کە بە سەخاوەتەوە گیانیان لە پێناوی ئامانجی بەرز و پیرۆزیان دا بەخت کرد. سڵاو دەنێرم بۆ خێزانە ڕووسوورەکانیان و چاوی منداڵە چاوگەش و نازلێشێواوەکانیان ماچ دەکەم.

هەروەها ڕوومای ڕەنج دیتوو و کڕ و ژاکاوی ئەم ئیمان و وڕە بەرزانەی نێو زیندانەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕادەموسم و قەڵافەتی جەزربە چێشتوویان لە ئامێز دەگرم کە بە خۆڕاگری و بەرخۆدان وانەی هەردەم مان و مقاومەت و کۆڵ نەدان و نەبەزین لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەیان دا فێری نەوەی داهاتوو دەکەن.

سڵاو و ڕێز بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شێلگیر و تێکۆشەری پێشووم و بنەماڵەکانیان، بە تایبەتی کارگێڕ و بەڕێوەبەرانی

ڕادیۆ. بۆ هەموویان بەتاسەم و خۆشم دەوێن و ڕێزیان هەیە و دەست و چاوی یەکە بە یەکەیان ماچ دەکەم. سڵاو لەم خەباتکارانەش کە لەم سااڵنەی دوایی دا سەنگەری ئازادی یان هەڵبژاردووە.

بەڕێزان، ڕێزگرتن لە تێکۆشەرانی لەمێژینە و بەهێند گرتنی خەبات و ماندوو بوونیان هەرچەند لە حیزب دا نەریتێکی نوێ یە، بەاڵم کارێکی پیرۆز و بیرۆکەیەکی جێی ڕێزە. ئەویش بە تایبەت ڕێزگرتن لە کچە شۆڕشگێڕێک کە جوانترین کاتەکانی تەمەنی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کردووە. هیچ کۆسپێکی سەر ڕێ، هیچ تەنگەژە و قسە و قسەڵۆک و هیچ هێزێک نەیتوانیوە کزی لە کێوی ئیمان و باوەڕی بە حیزبەکەی دا پێک بێنێ. چونکە ئەو ئەویندارە، ئەویندارێ حیزبەکەی، ئەویندارێ ئامانجەکانی، وەفادارێ ڕێگای ئەم هاوسەنگەرە شەهیدانەیە کە بۆ گەل ژیان و بۆ گەلیش سەربان نایەوە. بەڵێ کچە شۆڕشگێڕێک کە هەموو هیوا و هومێدی، هەموو ڕابردوو و داهاتووی و هەموو سەرمایەی ماددی و مەعنەوی ژیانی و هەموو بەرهەمی تەمەنی پڕ لە ڕەنج و مەینەتی حیزبەکەیەتی بە هەموو کەم و کوڕی یەکانەوە. بۆیە جێی خۆیەتی ڕێزی لێ بگیرێ و قەدری بزانرێ. بە بێگومان ئەگەر هی نەتەوەیەکی دیکە بوایە، پەیکەری لێ ساز دەکرا، ڕۆمان و چیرۆکیان لە بارەی دا دەنووسی و شێعر و پەخشانی پێ دەڕازایەوە و وەک نموونەی خۆڕاگری و بەرخۆدان سەیریان دەکرد.

خۆشەویستان، بە حوکمی ئەوەی من ١٥ ساڵ هاوکار و هاوسەنگەری خاتوو خەجیجە بووم و ئەوە بۆ ٣٠ ساڵ دەچێ پەیوەندیمان بە یەکەوە هەیە، بە پێویستی دەزانم لە بۆنەیەکی ئەوتۆ دا ئەگەر بە کورتیش بێ، تۆزقاڵێک باسی بیرەوەری یەکانی خۆم و دەوری ناوبراو لە گرینگترین ئۆرگانی حیزب دا بکەم. بەاڵم ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێ، بە تایبەتی بۆ خۆشی ئەم ئیزنەم پێ دا هەروەک سەردەمی شاخ ناوی دەبەم. ناوی لای من "خەجە".

بەخۆم نەبوو کە باسی ئەم ڕێزلێنانە کرا، کت و پڕ گەڕامەوە ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار چاوم بە خەج کەوت. مانگی پوشپەڕی ١٣٥٩ بوو، نیزیکەی مانگێک بوو دەنگی کوردستانی ئێران لە دۆڵی شێخان لە ٢٠ کیلۆمەتری شاری سابڵاخ دەستی بە کار کردبوو. عەودااڵی دۆزینەوەی وێژەری ڕادیۆ بووم. بۆ ئەم مەبەستە ڕێم کەوتە دۆڵی خرەجۆ لە دەوروبەری شار کە ژمارەیەک کچ و کوڕی گەنج و الو خەریکی تێ پەڕکردنی کالسی کادر بوون.

لەگەڵ هێندێکیان کەوتمە ئاخافتن. لەیەکەم نیگادا "لەیەکەم نیگادا خەج وەک کچێکی دڵپاک، حەیابەخۆ و شەرمین هاتە بەرچاوم. ئەو کچەی کە پاش چەند مانگێک لە دۆڵی دێموکرات وەک بێژەر بە کۆی هاوڕێ یانی ڕادیۆ و ئینتشارات ناسێنرا.

لە یەکەم ڕۆژەکانی یان مانگەکانی دەست بە کاربوونی دا، چەندین پرسیار بەرینگیان پێ گرتم! بڵێی ئەم کچە کە تازە پێی ناوەتە وەرزی بەهاری ژیان تا سەر تەحەمولی ئەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوە بکا؟ تۆ بڵێی کچێک لەو تەمەنەدا دوور لە دایک و باب و بنەماڵەی هەڵبکا؟ بڵێی لەگەڵ ئەم کۆسە لە گەنج و لاوە قۆشمەی ڕادیۆ و ئینتشارات بجاوێتەوە؟ بڵێی لەگەڵ ئەم چەند ژنەی لەگەڵ مێردەکانیانن، ببێتە دەستە خوشک؟ ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێک بوون کە تووشی هاتبووم، بە تایبەتی بە سەرەنج دان بەو ژیانە سەخت و ناخۆشەی هەمان بوو، پرسیارەکان لە جێی خۆیان دا بوون. کە دەڵێم ژیانی سەخت، مەبەست ئەوەیە ئەوانەی ئەودەم لە دۆڵی دێموکرات دەژیان، هەر ئۆرگانە چوار دیوارێکی تاریک و تنۆک و نم داری هەبوو کە جێگای کار و ژیان بوو، ناوی لێنرابوو "مقەر". بەڵام خەج بێ مقەر، بێ ماڵ و حاڵ، بێ سەرەتایی ترین کەل و پەلی ژیان لە نێو ئەم دۆڵە دا بە تەنیا لە خێوەتێک دا دەژیا. شەوانە لەبەر تاریکی و کش و ماتی، جڕ و جانەوەر، ترس لە خشپەی پێ و ترس لە هەر مەترسێک کە ڕەنگە بەرۆکی پێ بگرێ، خەوی لە چاو زڕاببوو. بەیانیان کە دەهاتە سەر کار بە ئاشکرا شەکەتی و ماندووبوون و بێ خەوی لە هەموو جەستەی دا هەست پێدەکرا. لە سەرەتادا تەنانەت وەتاغێکی بێ دەرگا و پەنجەرە و بێ سواغ و نم داریشیان پێ ڕەوا نەدەدی کە شەوی تێدا ڕۆژ بکاتەوە. باس کردن لە چۆنیەتی ژیانی ئەم کچە تێکۆشەرە لە دۆڵی دێموکرات خۆی چیرۆک و بەسەرهاتێکی خەم هێنەرە. بێگومان کەسێک کە خاوەنی باوەڕێکی پتەو و ئیمان بە حەقانیەتی ئەم ڕێگا و خەباتە نەبێ، ناتوانێ بەرگەی ئەو ژیانە و ئەو ڕەنج و ماندووبوون و بێ مێهری یە بگرێ.

بەڵێ خەج تێکەڵ بە سەنگەری ڕادیۆ بوو. لەو ماوەیە دا کە شانازی کارکردنم لە ڕادیۆ پێ بڕابوو، ١٤ جار ڕادیۆ جێ گۆڕکێی پێکرا. باسی زەحمەت و چۆنیەتی ئەم جێ گۆڕکێیانە ناکەم کە خۆی بەسەرهات یان بەشێک لە مێژووی ڕادیۆ دەنگی کوردستانە.

لە هەموو ئەم جێ گۆڕکێ یانەدا خەج وەک پێشمەرگەیەکی بە بیر و باوەڕ، وەک تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەموو نەهامەتی یەکان دا بووە، شانی داوەتە بەر هەموو کۆسپێک، نەترساوە، نەپرینگاوەتەوە و چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی هەموو هاوڕێ یانی لە ڕادیۆ و ئینتشارات دا گرێ دابوو. بە لە سەرەخۆیی و بە تەحەمول و جاروباریش زۆر تورە و تۆس کارەکانی ئەنجام دەدا. چونکە بەر لە هەموو شتێک خۆی بە حیزبیەکی پاک و بێ گەرد دەزانی و ئامانجی خزمەت بوو و بەس. زۆر تورە دەبوو کاتێک هەستی کردبوایە وەک کچێکی بێ دەسەڵات سەیری دەکرێ. لەبیرمە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢ بنکەی ڕادیۆ و ئینتشارات لە بەری نۆڕێی ئالانی سەردەشت بوو. هێزەکانی ڕێژیم پاش داگیرکردنی ڕێگای پیرانشار - سەردەشت هەموو هێزی خۆیان بۆ گرتنەوەی ناوچەی ئالانی سەردەشت وەگەڕخستبوو کە ڕادیۆ و بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب و مقەری زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێرانی لێبوو. بەڕاستی دوژمن تەنگی پێ هەڵچنیبووین. بە هەموو

هێز و توانایەوە ئەم ناوچەیەی دابووە بەر پەلامار. ژمارەیەک لە هاوڕێ یانی حیزبی بە ژن و منداڵەوە ئاودیوی سنووری گەرمێن بوون. لە ڕادیۆ چەند هاوڕێ یەک مابووینەوە و کارەکانمان بەڕێوە دەبرد. دوژمن زۆرمان لێ نیزیک ببۆوە، مەودامان تەنیا کێوی نۆرێ بوو. هەستم بە مەترسی کرد. بەتێڕادیوی یەوە ڕووم لە خەج کرد و پێمگوت: تۆش بۆ لەگەڵ ئەم ژن و ژاڵە کە دکتۆر خەلیقی سەرپەرستیان دەکا ئاودیوی سنوور نەدەبووی. چاوێکی لێ کردم، خۆی گرژ کرد، زۆر تورە بوو! بە نارەحەتی و قەڵسی یەوە ڕووی تێ کردم، کوتی: فلانکەس، مەگەر لەبیرت چۆتەوە منیش وەک تۆ کادری ئەم ڕادیۆیە و ئەم حیزبەم. من ژن و ژاڵ نیم، دەبێ لەگەڵ ئێوە بمێنمەوە. من لە ئێوە زیاتر نیم. هەرچی بەسەرمان هات با بە بەیەکەوە بین. بەڵێ دوژمن سەعاتی ١٢ی شەوی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ لەژێر ڕێژنە بارانەی تۆپ و کاتیۆشا و خۆمپارە گەیشتە چەند سەدمیتری مان. ناچار بووین بارگە و بنە تێکەوە پێچین. هەریەک دەستمان دایە شتێک و بەرەو هەرزنێ وەڕێ کەوتین. ڕێ پێوانێکی ١٢سەعاتەمان ئەنجام دا. لە هەمووی ئەم ماوەیەدا خەج زەبتێکی ڕادیۆ بەدەستەوە، لە کاتێکدا وەک زۆربەمان بە پەرۆش بوو لەوەی کە ڕۆژهەلاتی کوردستان جێ دەهێڵین و بەرەو داهاتوویەکی نادیار ئاودیوی سنوور دەبین. بێ ماندووبوون، بە جەستەی کز و بێ تاقەتی یەوە ملی ڕێگای گرتەبەر تا گەیشتینە گوندی کاول کراوی "گەڵاڵە" و سەر لە نوێ بەردەوامی و دەست پێ کردنی قۆناخێکی نوێ لە کاری ڕادیۆ لە پشت سنووڕە دەسکردەکان دا.

خەج بەهۆی کار لە ئینتشارات و ڕادیۆ و دووربوونی ئەم ئۆرگانە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی لە بنەماڵەکان، کەمتر تێکەڵاوی لەگەڵ تووێژی ژن هەبوو. زۆرجار پێم دەکوت بۆ ناچی یە نێو ژنان، جارو بار سەریان لێ بدە. مەبەست ئەوە بوو تووێژی ژنان هەروەک پیاوان هێندێک کێشە و مەسەلەی تایبەت بەخۆیان هەیە کە ڕەنگە هاسان تر بتوانن لەگەڵ یەکتر باسی بکەن، دەردی دڵ بکەن، گوێ بۆ بیستنی ڕاز و نیازی یەکتر و وردە گلەیی و خەم و ئازارەکانیان ڕابگرن.بەڵام ملی نەدەدا و جاری وابوو بە تووندی بەگژم دا دەهات کە بۆ بچمە لایان؟ لە ئاکام دا من ببوومە هاوڕاز و هاوسۆز و هاوڕێ یەک کە بە هەموو وجوودمەوە گوێم دەدایە قسەکانی، دەردی دڵەکانی، کێشەکانی. ئەویش ئەو سەمیمیەتە و سۆزەی بەرانبەر بە من هەبوو کە ئێستاش بەردەوامە.

خەج کادرێکی دڵسۆزی حیزبە، مرۆڤێکی بێ توقع و چاوەڕوانی یە. ئەگەر ناگزیری هەبێ شەرم دەکا بە حیزبی ڕابگەیەنێ. دایمە لە دڵە ڕاوکێ دا دەژی و دەرونێکی نا ئارامی هەیە. ئێستاشی لەگەڵ بێ پێی وایە حەقی بەسەر حیزبەوە نی یە. ئینسانێکی ئەمەگناسە، کەسێک چاکەیەکی لەگەڵ بکا و محبەتی لەگەڵ بکا قەتی لە بیر ناچێ.

بەڕێزان، ژیان و خەباتی خەج تێکەڵ لەگەڵ تەمەنی ڕادیۆ و ئاوێتەی ئەم دەنگە بووە. ئەو هەرچەندە لە سەرەتای کاری بێژەری دا کرچ و کاڵ بوو، بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات کە بە زمانی زگماکی ناخوێنین، شتێکی ئاسایی یە. بەڵام بەردەبەرە

بەهۆی هەست بە مەسئولیەت کردن، هەست بە گرینگی ئەم دەنگە و دەوری لە بەرەو پێش بردنی بزاڤی گەلەکەمان دا و هەروەها ماندووبوونی و ڕێ نوێنی هاوڕێیان بۆ ڕاهێنان لە کار و شێوەی خوێندنەوەی وتارەکان دا، توانی سەبک و شێوازی خۆی بدۆزێتەوە. بە تایبەتی دەنگی بەسۆزی کە دەربڕی هەستی ناسک و بارودۆخی ڕووحی بوو، شکل و شێوازێکی نوێی بە دەنگی دابوو. دەنگێکی تایبەت و شێوازێکی تایبەت بە خۆی بوو. ئەم حالەتە دەروونی و ڕووحی یە لە خوێندنەوەی ژیاننامەی شەهیدان و وتارە عاتفیەکان و پەخشان و هەلبەستەکان دا پتر ڕەنگی دەدایەوە. سۆزێک لە دەنگی دابوو کە من خۆم زۆرجار دەکەوتمە ژێر کاریگەریی یەوە. بەڵێ خەج شێوازی خۆی هەبوو، ئەم شێوازەی کە ئێستا بۆتە مەکتەبێک لە بێژەری کە هێندێک ژنە بێژەری دیکە لاسایی دەکەنەوە.

خەج بە ڕەخنەگرتن تۆزقالێک هەستیار بوو. بەڵام قەت نەم دی ڕەخنە لە "خەج شێوازی خۆی هەبوو، ئەم شێوازەی کە ئێستا بۆتە مەکتەبێک لە بێژەری کە هێندێک ژنە بێژەری دیکە لاسایی دەکەنەوە.
خەج بە ڕەخنەگرتن تۆزقالێک هەستیار بوو. بەڵام قەت نەم دی ڕەخنە لە خوێندنەوەکەی بگری، تووڕە بێ.

خوێندنەوەکەی بگری، تووڕە بێ. بە دڵێکی ئاوانەوە ڕەخنەکانی قەبوول دەکرد. جاری واش بوو بۆ ئەوەی بە سەر نێوەڕۆکی بابەتەکە دا زاڵ بێ بۆ من یا هاوڕێیانی دیکەی دەخوێندەوە و پاشان تۆمار دەکرا. زیاتر حەولی باش خوێندنەوە یا دروست خوێندنەوەی ئەم وتار و بابەتانەی دەدا کە بە کەیفی بوو. با ئەوەش نەشارمەوە جاری وابوو بەهۆی خراپی بارودۆخی ڕووحی، تاقەتی خوێندنەوەی بابەتەکانی نەبوو کە زۆرتر لە بەرنامەی وەڵامی نامەی گوێگرەکان دا بەرچاو دەکەوت.

ئەو بە بەشداری چالاکانە لە ریزی خەبات دا سەلماندوویەتی کە تۆیژی ژن ئەگەر خۆیان ئیرادە بکەن، دەتوانن شان بە شانی براکانیان بەشداری هەموو بوارەکانی ژیان و چارەنووسی گەلەکەیان بن.

خۆشەویستی خەج حیزبە، هەموو کەس و کار و هەست و نەستی دەنگی کوردستانی ئێران بوو. خەج سیمای دەنگی کوردستانی ئێرانە. ئەو ڕادیۆیەی کە ئاوێتەی هەستی، ئاوێتەی ناخی دەروونی، ئاوێتەی هەموو ژیانی ئێستا و داهاتوویەتی. ئەو ناسنامەی دەنگی کوردستانی ئێرانە. لە هەر کوێیەک گوێیان لە دەنگی بێ، دەڵێن ئەو کچە بێژەرەکەی دێموکراتە. دەنگی کوردستانی ئێرانیش بە هەموو کەم و کوڕیەکانیەوە و بە هەموو کۆسپەکانی یەوە خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و دەنگی شۆڕشی نەتەوەیەکی بن دەست و بزاڤێکی ڕەوا و بەحەق و گراوی خەج بوو. حەزی لێ دەکرد، عاشقی بوو، خولیای بوو. بەڵام سەد داخ و مەخابن ئەو ئەوین و خۆشەویستی یە پاش ٢٢ ساڵ سووتان و سازان، ئەو دڵدارەی کە ٢٢ ساڵ لە جوانترین کاتەکانی تەمەنی لە پێناوی دا بەخت کرد، ئاوارەیی شاخ و کێوان و بێ بەشی و محرومیەتی لە پێناو دا

تەحەمول کرد، هەر لە دۆڵی دێموکراتەوە تا دەشتی تاقەت پرۆکێنی کۆیە سەوداسەر و عەودالّی بوو، کەوتە بەر ڕقی نابەجێ و کێشەی شەخسی بەرپرسی نابەرپرسی ئەودەمی دەنگی کوردستان و بێ سەرنج دان بەو زەحمەتەی لە پێناوی دا کێشاویەتی، بێ گرینگی دان بە باری ڕووحی و دەروونی ئەم هەستە ناسکە، کە قەت بەداخەوە لە حیزب دا سەرنج دان بە باری ڕووحی ئەندامان بەگشتی بایەخی نەبووە، لێی دوور خرایەوە و لێی دابڕێندرا. وەک دابڕانی دایکێک لە منداڵەکەی کە بە خوێنی جەرگ پێی گەیاندووە، وەک دابڕانی ماسی لە ئاو، دابڕانی نیشتمانپەروەرێک لە زێد و خاکی کوردستان، وەک ماڵ ئاوایی یەکجاری عاشق لە مەعشوق و وەک دابڕانی سیامەند لە خەج. بەڵام خەجی ڕادیۆ کە لە مەکتەبی شۆڕشگێڕی دا بار هاتووە، وەی بەرنەداوە. هەروا دڵپاک و بێ بوغز و غەرزە، عاشقی حیزبەکەیەتی و هەروا هومێدی بە ژیان و داهاتوویە و هەروا خۆشەویستی هاوسەنگەرانیەتی. هەروەک ئەو پڕ بە دڵ، دڵی بە ئەوان خۆشە و بە محبەت و خۆشەویستی و هاوڕێ و هاوسەنگەرە ئەمەگ ناسەکانی یەوە زیندووە، کە بۆتە هێز، بۆتە توانا و ئینێرژی بۆ خەج. زۆرجار لە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵمدا نایشارێتەوە و باسی ڕێزو حورمەت و خۆشەویستی هاوڕێ دڵسۆزەکانی دەکا، کە منیش بەش بە حاڵی خۆم سوپاسیان دەکەم.

ئێستا خەج بەهیوای دواڕۆژێکی پڕشنگدار لە ئۆرگانێکی تر دا کار دەکا. سەرکەوتنی لە بواری خوێندنیش دا وەدەست هێناوە. داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم.

خۆشەویستان، ئەوەی باسم کرد گۆشەیەکی یەکجار بچووک بوو لە ژیان و خەباتی خەج. لە کۆتایی دا سوپاسی داهێنەری بیرۆکەی ڕێزگرتن لە تێکۆشەرە دێرینەکان، بە تایبەتی گزینگی نووڕانی دەکەم کە منی ئاگاداری ئەم ڕێ و ڕەسمە کردوە. گەلێک سوپاس لە ئێوەی بەڕێزیش کە توانیتان گوێ بۆ قسەکانم شل بکەن و حەوسەلەی درێژ دادڕی منتان هەبوو. لە دووڕەوە دەست و چاوی یەکە بە یەکەتان ماچ دەکەم. بژین و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ڕۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٠

ژن لە ئاوێنەی روانگەکان دوکتور شەرەفکەندی نەمردا

(بە بۆنەی بیست ساڵەی شەهید بوونیەوە)

٢٦ی خەرمانانی ١٣٩١ هەتاوی، ٢٠ ساڵ بەسەر کارەساتی ناسراو بە "تیرۆری میکونووس" دا رابرد. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر گەلی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان تووشی رووداوو کارەساتێکی زۆر جەرگبڕو دڵتەزێن بوون، کە بیرەوەری ئەو رووداوە تاڵە بۆ هەتا هەتایە لە میژووی نەتەوەکەمان دا دەمێنێتەوە. ئەو کارەساتە تیرۆری سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکرات دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی نەمرو هاوڕێکانی لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە لە بێرلینی ئاڵمان بوو.

دەسەلاتبەدەستانی جینایەت پیشەی رێژیم، پێیان وابوو بە شەهید کردنی رێبەرێکی بەوەج و لێوەشاوەی وەک دوکتۆر شەرەفکەندی، گەلی کورد و حیزبی دیمۆکرات لە خەبات و بەربەرەکانی سارد دەبنەوەو بۆ هەمیشە بە چۆک دا دێن. ئەوان لەوە نەفامتر بوون کە تێ بگەن بە قەولی "جوامێر"ی شاعیر:

"ئەم کۆستانە ئەمانگرێنن، بەڵام ئەژنۆمان ناشکێنن،
ئەم جەزرەبانە بۆ ساتێ ئەمانشڵەژێنن، بەڵام نامانبەزێنن،
ئەم خوێنانە بۆ ساتێ ئەمانگرن، بەڵام هەرگیز چاوترسێنمان ناکەن
ئەم فرمێسکانە بۆ ساتێ بەر چاومان تاریک دەکەن، بەڵام هەرگیز
هەتاومان لێ ناشارنەوە

ئەم گوللانە بۆ ماوەیەک کاسمان دەکەن، بەڵام دوایی ئاگر بەردەدەنە
رقی کەڵەکە بوومان."

دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی (دوکتۆر سەعید) نموونەیەکی بەرزی "سیمای دێمۆکرات" بوو. لە روانگەی دێمۆکراتیکەوەو وەک ئینسانێکی پێشکەوتنخواز دەیڕوانی یە مەسەلە جۆراوجۆرەکان. بیروباوەڕی خۆی بە راشکاوی دەردەبڕی و بە هەموو توانایەوە دیفاعی لێ دەکردو بۆ بەرەو پێش بردنی هەوڵی دەداو خۆی ماندوو دەکرد.

روانین و بیر کردنەوەی دوکتۆر سەعید لە بارەی کێشەی ژن لە کوردستان دا، گۆشەیەک لە کەسایەتی و روانگەی پێشکەوتووانەی ئەو دەردەخەن. بۆیە لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی دا بە وەبیر هێنانەوەی هێندێک لە وتەو بۆچوونەکانی لە بارەی مەسەلەی ژنان لە ئێران و کوردستان و لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا بە ڕێزەوە یادی ئەو ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەو ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیە، دەکەینەوە:

دوکتۆر سەعید لە زۆر بۆنەو موناسیبەت دا لەسەر ژن بە تایبەتی ژنانی ئێران و کوردستان و بەشمەینەتی یەکانی ئەوان دواوەو ئەوە لە نووسراوەو تەنانەت لە وتووێژەکانیشی دا ڕەنگی داوەتەوەو نیشان دەدەن کە باوەڕێکی قووڵی بە مافی بەرامبەر لە نێوان ژن و پیاودا هەبووەو بۆ ئەوە تێ کۆشاوە کە ژنی کورد چی دیکە لە پاشکەوتوویی دا نەمێنێتەوە کە بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو بۆتەوە. دوکتۆر سەعید لەو وتارەدا، دەڵێ:

"ئەگەر ڕێز گرتن لە ڕۆژی ژن ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دا وەک جێژنێک و ڕەسمێک چاوی لێ دەکرێ، بۆ وڵاتانی پاشکەوتووی وەک ئێران بە تایبەتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان و بۆ کۆمەڵی کوردەواریی خۆمان وەک ئەرکێکی گەورە و بەشێکی گرینگ لە خەبات و تێکۆشان دژی پاشکەوتوویی دەبێ بە حیساب بێ.

لە راستی دا وەزعی خراپی ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا شتێک نیە کە لە کەس شاراوە بێ و هەر بۆیەش بە پێویستی نازانین لە سەر شتێک بڕۆین کە بۆ هەموو کەس ڕوونە. کاربەدەستانی ڕێژیم بۆخۆشیان پێشێل کردنی مافی ژنان نەک هەر ناشارنەوە، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن و بە عەینی دەستووراتی ئیسلامی دەزانن، تا ئەو جێگایە کە نوێنەری مەجلیس بە ئاشکرا پیاوان هان دەدا ٣ ژن و ٤ ژن بێنن و لە نێو مالاّ دا وەک دیل رایانبگرن. هەروەها بەپێی فتوای خومەینی مەسەلەی "صیغه" واتە ڕاگرتنی ژن بۆ ماوەیەکی کاتی - کە لە وانەیە زۆر کورتیش بێ - مەنعی قانوونی نیە. واتە کڕین

و فرۆشتنی ژن وەک کۆیلە یان کاڵایەک بە قانوونی! کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێ، ئەوەیە ڕێز گرتن لە مەقام و پلەی ژن لە کۆماری ئیسلامی دا!

هەر بۆیە لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەک ئەمڕۆدا، جێگای خۆیەتی ڕوو لە دایکان و خوشکانی خۆشەویستمان بکەین و ئەو ڕاستی یەیان بۆ دووپات بکەینەوە کە بۆ بە دەست هێنانی ئازادی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان تەنیا ڕێگایەک کە لە پێشیانە بریتی یە لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچان بۆ ڕووخان و لە بەین بردنی یەکجاریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. گومانی تێدا نیە کە ئەو ڕێژیمە بەو نێوەرۆکەی کە هەیەتی ئەگەر لە هەموو بارێکەوە بتوانێ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، لە باری مافی ڕاستەقینەی ژنانەوە چاوەڕوانیی هیچ هەڵوێستێکی پێشکەوتووانە و هیچ جۆرە گۆڕانێکی لێ ناکرێ و هەروەک گوتمان تەنیا ڕێگا ڕووخاندن و تەفرو تونا کردنیەتی و بەس."

دوکتۆر شەرەفکەندی نەمر هەر لەو وتارەی دا ئاماژەی بە نەخشی گرینگی ژنانی کوردستان لە بواری ئابووری دا کردووەو گوتوویە: "ژنانی کوردستان لە گوندەکان دا بێجگە لەوەی ئەرکی گەورە کردنی منداڵ و ئیدارەی نێو ماڵیان بە تەواوی بە ئەستۆوەیە، ئەساسەن بەردی بناغەی تێکۆشانی ئابووریی گەلی کورد لە کوردستان دان. شێرە ژنانی کوردستان چ لە کاروباری کشتوکاڵا و چ لە کاروباری ئاژەڵداری دا کە هەر دووکیان کاری ئەساسیی خەڵکی کوردستانن، بەشێکی هەرە گەورەو دژواریان بە ئەستۆی خۆیانەوە گرتووە کە بە گشتی ئەگەر لە بەشەکانیکاری پیاوەکان گرینگ ترو زیاتر نەبێ، کەمتر نیە."

دوکتۆر شەرەفکەندی نەمر لە وتوویژێکی خۆی دا لەگەڵا سەعیدی ڕەهنما کە لە گۆڤاری "مهرگان" دا چاپ و بڵاو بۆتەوە دەڵێ: "ڕەد کردنەوەی مافی بەرامبەری ژنان لەگەڵا پیاوان بە هەر بیانوویەک چ مەزهەبی و چ سیاسی بێ، بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکرێ. یەکەم بەندی مافە کۆمەڵایەتی یەکان لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکرات دا بەو ئەسڵەی "مافی مرۆڤ" دەست پێ دەکا کە هەر جۆرە جیاوازی دانانێک تەنانەت مەزهەبیش ڕەد دەکەینەوە. ژن و پیاو مافی بەرامبەریان هەیە و لە بەرامبەر کاری وەک یەک دا مووچەی وەک یەک وەردەگرن. ئێمە بە کردەوە چیمان کردوە؟ ئێمە هاتووین بۆ دابەزاندنی ئەم سیاسەتە لە کۆمەڵێکی وەک کوردستان دا، کە یەکێک لە ناوچە دواکەوتووەکانی ئێرانە، زۆرمان هەوڵ داوە و کاریشمان بۆ کردووە. بەڵام بێ شک لەگەڵ گیروگرفت بەروڕوو بووین. ئەم کارەش بەپێی ئوسوولی دێمۆکراتیک ناتوانین بە زۆر دایسەپێنین. دەبێ وردە وردە کۆمەڵەکەمان بۆ ئەم مەبەستە ئاماده بکەین. ستەمی جۆراوجۆر لەسەر ژن هەیە، بۆ وێنە ژن هەر لە منداڵی یەوەو تەنانەت هێشتا لە دایک نەبووە، ماره دەکرێ. یان بڕیار دەدەن ئەگەر کچیان بوو، بیدەن بە کوڕی فلانە کەس کە قەرارە لە دایک بێ. یا هێشتا منداڵن پێشکەش بە کوڕی یەکتریان دەکەن. لە تەمەنی منداڵی دا، بە

مێردیان دەدەن و هیچ کات تەمەن لەبەر چاو ناگرن.

لە کوردستان دا هێندێک داب و نەریت هەن، دیارە نازانم لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش باون یان نا، ئەویش یەک لەوان دابی ژن بە ژنەیە. بەو مانایە بنەماڵەیەک کە لە باری ئابووری یەوە دەستیان ناڕوا و ناتوانن بۆ کوڕەکەیان ژن بێنن - چونکە ژن هێنان خەرجێکی زۆر هەڵدەگرێ - هەوڵ دەدەن کچێک بدۆزنەوە کە کچەکەی خۆیانی لەگەڵا بگۆڕنەوە. بەوە دەڵێن ژن بە ژنە. دروست وەک گۆڕینەوەی کەلوپەل وایە. ئێمە هەموو ئەوانەمان قەدەغە کردووە. هێزی پێشمەرگە دەتوانێ بچێ ئەو پێوەندی یە هەڵوەشێنێتەوەو ئەوانەی ئەم کارەیان کردوە زیندانی و جەریمەش بکا. ئەگەر بە زۆر کچێک بە مێرد بدەن و کچەکە سکاڵای خۆی بێنێتە لای حیزب، ئەرکی هەموو کومیتەکانی حیزبی و هێزی پێشمەرگەیە بە گوێرەی یاسای حیزب دیفاع لەو کچە بکەن.

هەر چەند بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە زۆر هەوڵ دراوە، بەڵام دابونەریتی کۆنی فەرهەنگی و مەزهەبی بە رۆژێک ناگۆڕدرێن، چونکە ئەگەر بە زۆر بێ، ئەو هەوڵانە بەرهەڵست و دژکردەوەی زۆر مەنفیان بە دواوە دەبێ. بە تەجروبە بۆمان دەرکەووتوە کە دەبێ لەسەر ئەو کارە سوورو پێ داگر بین، بەڵام نابێ هەر لە سەرەتادا چاوەڕوانی قەڵەمباز (جهش) و شوێندانانێکی زۆر گەورە بین کە ئەوە تەفرەقە دروست دەکا.

هەر لەو وتوویژە دا دوکتۆر شەرەفکەندی لە بارەی وەزع و مافەکانی ئەو ژنانەی لە نێو ریزەکانی حیزب دا خەریکی کار و تێکۆشانن دەڵێ: "لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا دوو جۆرە ژن هەن، تیپێکیان ئەندامانی حیزبن و هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک بۆ ئەوان نیەو پێشکەوتنیشیان بەستراوەتەوە بە لێهاتوویی خۆیان، کە دیارە لە نەزەر ئێمەوە ئەوەش هەر ستەمێکە، لە بەر ئەوەی ژنان بوار و دەرفەتیان بۆ گەشە کردن لە پیاوەکان کەمتر بووە، بێگومان لەگەڵا پیاو لە یەک ئاست دا نین. بۆیە جیزبی ئێمە زۆر ئیمتیازاتی زیاتریان دەداتێ کە قەرەبووی ئەو دوا کەوتنەیان بۆ بکرێتەوە. تیپی دووهەم ئەو ژنانەن کە لە راستی دا لە تەنیشت بنکەکانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، لە کۆمیتەکانی حیزبی، لە دەروەی شارەکان و لە کێوو دۆڵەکان لە حیزب دا کار دەکەن. ئێمە ئەو ژنانە وا بار دێنین، کە بۆ وێنە هاوسەری ئەوان کە ئەندامی حیزبن بە کردەوە نیشان بدەن کە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو دانانێن و هاوسەرەکەیان وەک خۆیان بە خاوەن ماف بزانن و ئەگەر پیاوێک ئەوەی وەبەر چاو نەگرت، ژنەکەی دەتوانێ ئیعتراز بکا. لە راستی دا بووینەتە هۆی بزواندنی ژنان لە بەرامبەر مێردەکانیان دا."

سێپتەمبەری ۲۰۱۲

چەند قسەیەک لەسەر نەمر کاک تەها عەتیقی

هەروەک دەزانن ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەی دەست بەکار کردنی تا ئێستا زۆر کەسایەتی بەرز لە ئیدارەکردنیدا بە خۆیەوە دیوە و ئەو کەسایەتییانە ڕۆڵیان هەبووە لە خۆشەویست کردن و پڕ نێوەرۆک کردنی ئەم ڕادیۆیە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٧٣ - ١٣٥٩دا بخشێنین، دەبینین ئەم ڕادیۆیە لە نێو ڕادیۆی ئۆپۆزیسیۆنیدا دیارە و دەدرەوشێتەوە و لە نێو دۆستان و لایەنگرانیدا سەرکەوتووە و سەرنجی دۆست و دوژمنی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەشێکی زۆری ئەو سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسایەتییانەی کە لەو ڕاگەیەنەدا نەخشیان هەبووە. لە ماوەی کاری بەردەوامی ئەم ڕادیۆیەدا پیاوان و کەسایەتی گەورەی وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە چاوەدێریان بەسەر ئەم ڕاگەیەنەدا کردوە، بەتایبەت دوکتور شەرەفکەندی کە ساڵانێک بەرپرسی ڕاستەوخۆی دەنگی کوردستان بوو لە پەنا ئەم کەسایەتییانەدا، کەسایەتییەکی ماندووبی نەناس و نووسەر و مودیرێکی هەڵکەوتوو و بەتوانا وەک یادی بەخێر کاک تەها عەتیقی دیار بووە. بەکارلێهاتوویی بێ وێنەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانیان بە لوتکە گەیاند و ئەم ڕاگەیەنەیان کرد بە خۆشەویستی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان.

دوو پیاوی سەخت و پۆڵایین لە هەلومەرجی سەختی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شەڕی چەکداری، سەردەمی فشار و سەختیەکان، لە دەنگی کوردستانیدا بێ ووچان شەویان لەسەر ڕۆژ دادەنا و خۆراکیان ئامادە دەکرد بەرنامەکانیان ڕێک دەخست تا زانیاری و هێز و وزە بدەنە پیشمەرگە و خەڵکی کوردستان.

کاک تەها عەتیقی قەت لە نووسین ماندوو نەدەبوو. ئەو لە ژووری تاریک و تونۆکەکانی شاخ و گوندەکانی کوردستان بە سەعات پاڵی وە دەستەنوێنەکەیدەدا بێ ووچان دەینووسی. هەواڵی بەرەکانی شەڕی ئامادە دەکرد، ژیاننامەی شەهیدانی دەنووسی، وەڵامی نامەی گوێگرەکانی دەدایەوە و وێژەریشی هەر لەو بەرنامەیەدا دەکرد و مودیری داخلی ڕادیۆش بوو. کاتێک لە نووسینی بەرنامەکانی دەبۆوە، خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبە تازانە دەبوو کە دەهاتنە کتێبخانەی گشتی حیزب. هەروەها خەریکی تەرجومەی کتێبی کوردستان و کوردی دوکتور قاسملوو بە فارسی و تاریخچەی بزووتنەوەی میللی کوردی دوکتور شەڕەفکەندی بە کوردی دەبوو کە هەردوو کتێب لە دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاو بوونەوە لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەی کە من لە خزمەتیدا بووم، بۆ جارێک نەمبینی بڵێ ئۆف کە لە پەنا ئەو گەورە پیاوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان نەخشی بەرچاوی گێڕاوە. کاک تەها لە باری دەروونییەوە وێران بو، بەڵام یەکجاریش سکاڵای لە بارووداوخی وێرانی نەکرد و نەیکوت کە پێویستیم بە حەسانەوەیە دەبێ ووچان بدەم. هەربۆیە قەت سەفەری نەکرد و قەت نەحەسایەوە و ئیستراحەتی نەکرد و ئەرکەکانی بە مەسئوولییەتەوە لە جاران بە ئەنجام دەگەیاند.

بەردەوام زانیارییەکانی دەبردەسەر و زانیارییەکانی دەدا دەر، خۆی پێدەگەیاند و خاوەن نەزەر بوو و چاوەڕوانی ئیمتیاز و پلەو پایە نەبوو. ئەگەرچی لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەکانیدا دەنگی یەکەمی دەهێنایەوە و بەشداری هەموو کۆنگرەکان بوو و بە ڕەخنەی سازندە و پیشنیاری بەکەڵک کۆنگرەی وەجووڵە دەخست، بەڵام کاک تەها قەت خۆی کاندیدی پۆستی ڕێبەری ئەو حیزبە نەکرد. هەمیشە بۆ کەسانی دەوروبەری جێگای پرسیار بوو کە کاک تەها بۆ خۆی کاندید ناکات؟ دەیکوت من ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانم بە مەسئولییەتەوە بەڕێوەدەبەم و ناهێڵم شەرمەزاری حیزب و خەڵک بم، چ لە کۆمیتەی ناوەندی دابم و چ نەبم. من سادقانە و بە عەلاقەوە کارەکان ئەنجام دەدەم، من جێگای کەس ناگرمەوە و پێم خۆشە کەسێکی دیکە لەو پۆستەدا نەخش بگێڕێ. ئەو بە گرتنەپێشی ئەو بۆچوونە دەری دەخست کە چەندە متەوازعە و چەندە ئیمان و باوەڕی بە خۆی هەیە لەڕاستیدا چەندە ئیعتماد بەنەفسی بەرزە.

پاراستنی نەزم و دیسیپلین سەردێڕی هەموو کار و ئەرکەکانی بوو، مودیرییەتی بەڕێو جێ و بەهێزی کاک تەها، لەنێو بەشەکانی ڕادیۆدەنگی کوردستان حاکمدا بوو. کارەکانی ڕادیۆ سیستماتیزەی کردبوو هەربۆیە کارەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان سیستماتیک دەچۆپێش.

کاک تەها ئەگەرچی بۆخۆی کەسایەتییەکی شایستەو لێوەشاوە بوو، بەلام لە بەڕێوە بردنی ڕادیۆدەنگی کوردستاندا زۆر موتەئەسیر لە ئاکار و هەڵسووکەوتی بەجێی کاک دوکتور شەڕەفکەندی بوو. بۆ نموونە ماندووبی نەناسی، ئەهلی موتالعە بوون، بەتەدبیر و بە ئیبتکار و لە کاتی تەنگانە و بەدەستەوە بوون و لە تەنگانە نەترسان.

کاتێک حیزبی دێموکرات بە ئیجبار قەندیلی بەجێهێشت بەرەو دەشتی کۆیە شۆڕ بۆوە کاک تەها بڕیاریدا کاری عەمەلی بەجێ بهێڵێ و بڕوا. بڕیارەکەشی زۆر جیددی بوو لە سەر بڕیاری حیزب بەرەو هەندەران کۆچی کرد. بەلام ئەگەرچی کاک تەها لە هەندەران بوو، ڕووحی لە کوردستان لە پەنا هاوسەنگەرەکانی بوو. کاک تەها بۆ دەڕبڕینی ئیش و ئازارە پەنگ خواردووەکانی زۆر مەغروور بوو و دەری نەدەبڕی، بەڵام لە دەرەوەڕا بەڕاشکاوی بۆی دەنووسیم، کە وەختە شێت بم بۆ لەحزەیەک گەڕانەوە بۆ کوردستان و بۆ نێو هەواڵان. پێش مردنی بەڵێنی دابوو بگەڕێتەوە کوردستان بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا و خاکی غوربەت بە نسیبی بوو.

یادی بەخێر بێ و ڕووحی شاد بێ و ڕێگای خەباتی بەردەوام بێ...

دێسەمبەری ٢٠١٤

تێبینی: ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.

وتار لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە .

میوانە خۆشەویستەکان، هاوسەنگەرە دێرینەکان، هاوڕێیانی ئامادەبوو لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و بەڕێز مامۆستا ژن

ئەم کاتەتان باش، بە خێر بێن، ماندوو نەبنەوە، دیارە سەرەتا پێم خۆشە پر بە دڵ سوپاسی ئەو هاورێیانە بکەم کە ئەم کۆڕەیان پێک هێناوە، هیوادارم ئەو هاورێیانە بەردەوام بن لەو بیدعەتە جوانە و تێکۆشەرانی دێرینی دیکەش بە سەر بکەنەوە.

هاورێیان، دیارە بۆ من زۆر سەختە و بە ڕاستی جەسارەتی دەوێ لە سەر مرۆڤێک قسە بکەم کە سەروەر و مامۆستا و ڕێنیشاندەری کوردایەتی و حیزبایەتیی زۆربەی ئێمە بووە و هەموو تەمەنیشی لە پێناو بەختەوەری و سەربەستیی گەلەکەیدا لە تاراوگە و ئاوارەییدا تەرخان کردوە بێ ئەوەی سکاڵایەک لە ژیانی پر لە ئازار و پر لە هەوراز و نشێوی بکا، بە ڕاستی من نازانم چ وشەیەک، چ ڕستەیەک بە کار بەرم بۆ ئەوەی خۆم ڕازی کردبی لە وەسف کردنی حەقیقیی مامۆستا....

لە سەر ئیزنی ئێوە ئامادەبووان، تەنیا باسی ئەو کات و زەمانانە دەکەم کە لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستان لە دەنگی کوردستان لە خزمەتیدا بووم، دیارە با ئەوەش بڵێم من بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتدا چاوم بە بە ڕێز مامۆستا عبدالله حسنزادە کەوت، من پرسیارم کرد ئەو پیاوە پەستەکلەبەرە، ئەو پیاوە بااڵبەرزە کێیە، هەر لە هاتوچۆدایە و هەر لە جموجۆڵدایە؟ وەاڵمیان داوە: ئەو کەسە بابی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتە. بە راستی وابوو جێ پەنجەی مامۆست عبدالله حسنزادە لە نووسینەوە و تەنزیمی بەرنامە و ئەساسنامەدا تا ساڵانێکی زۆر لە زۆربەی هەرە زۆری کۆنگرەکانیدا دیار بوو، من لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٣٥٩، واتە ٣٣ ساڵ لەوە پێش لە نزیکەوە شانازیی ئاشنا بوون لە گەڵ ئەو کەسایەتییە بەرزەم پەیدا کرد، ئەو سیمای پێشمەرگەیەکی دێموکرات، بە نەزم و دیسیپلین و هەمیشە ئامادەی مەیدان، سیاسەتمەدارێکی بە تواناو وردبین و تیژ بین، یاری نزیکی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە کورداییەتی و سیاسەتدا واتە تەواوکەری سێ کوچکە یان موسەللەسی بە هێزی حیزبی دێموکرات بوو. ئەڤقەی پێوەندیی نێوان من و ئەو سیما دیارە ، ئەوەڵ حیزب پاشان دەنگی کوردستان بوو، من ئەو کات لە دەنگی کوردستان وێژەر بووم، رادیۆش بۆ من سەکۆیەک بوو بۆ ئاشنا بوون لە گەڵ کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکرات بە تایبەت بەرێز مامۆستا و هزر و بۆچوونە سیاسییەکانی مامۆستا لە سەر مەسەلە جۆراجۆرەکان کە دەهاتە پێش، ئەو ماوە دوور و درێژە کە لە رادیۆ دەنگی کوردستان لە خزمەتیدا بووم، بە سەدان وتاری سیاسی و کۆمەاڵیەتی و ئەدەبیی بەپێز و پڕنێوەرۆک و رەوانی لە هەلومەرجی جۆراجۆری خەبات لە دەنگی کوردستان هەر بە دەنگی خۆم و وێژەرەکانی دیکە بااڵ بوونەتەوە، دیارە ئەگەر ئەو وتارانە کۆ کرابانەوە کتێبێکی قەتووری لێ دەردەهات، هەر وەک گوتم، نووسینەکانی بەرێز مامۆستا سادە و خەڵک فەهم و بە ئەدەبیات و رستەی پاراو و کوردیی پەتی و مانادار، وتارەکانی دەنەخشاند و خەڵکی ئومێدەوار بە خەبات دەکرد و دوژمنی دەتاساند، بە خوێندنەوەی چێژم لێ وەردەگرت، گوێگریش سەد بەرابەر.

دەتوانم بڵێم باوکردنی کوردیِنووسین و بااڵو کردنەوەی ئەدەبیاتی پاراوی کوردی بەشێکی زۆری گەلی کوردی لە کوردستانی رۆژهەاڵت قەرزداری خۆی کرد. پێم خۆشە هەر لێرەدا ئیشارە بە سیفەتێکی بەرجەستەی دیکەی مامۆستا بکەم، سەرەڕای هەموو ئەو سیفاتە بەرجەستانە قسە لە حافیزەی بێوێنە و سپاردنی زانیاری بە مێشک و قوەی فێربوونی خێرا وەک ئامرازێکی ئیلێکترۆنیکی عبدالله حسنزادە ناکرێ، دەتوانم بڵێم حافزەی مامۆستا بە راستی قامووسێکە ئارشیوێکە لە هەموو زانستەکان، بێ دوودڵیکردن دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین، بە تایبەت ئەو بریارە گرینگانەی کە لە ماوەی ١٠ ساڵ سکرتێریی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر مەسەلە جۆراوجۆرە سیاسی و نێوخۆییەکان داویەتی، مامۆستا قەت لە سەر مەسەلەیەک کە ئیتمینانی نەبا کە دروستە و پێویست نیە نەزەری موسبەت بدا ، بە هەر حاڵ بەرێز مامۆستا، مامۆستای خۆشەویست زۆر سیفاتی بەرزی هەیە، دیار لە الیەن ئەو هاوڕێیانەی کە هاتنە پشت ئهم میکرۆفۆنە پێشکەش بە ئێوە کرا.

یاخوا مامۆستا هەر تەمەن درێژ بی و لە بەڵا دوور بی، سڵامەت بی بۆ گەلەکەت و خودا دەستت دە عمری بگرێ. سوپاس بۆ ئێوەی خۆشەویستیش.

سەرچاوە: نامیلکەی تایبەت بە ڕێزلێنانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

خۆشەویستیی دەنگی کوردستان لە نێو دڵ وزەینی خەڵک دا هەرماوە

ماوەیەک لەوەپێش هاوڕێم کاک سیامەک قەوی‌پەنجە کە یەکێک لە کادرە دێرین و بەوەجەکانی دەنگی کوردستان بوو داوای لێ کردم بە بۆنەی دامەزرانی ٣٧ ساڵەی دەنگی حەقبێژو راست وڕێژی کوردستان کورتە بابەتێک بۆ رۆژنامە "کوردستان" ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بنەخشینم. ڕاستی‌یەکەی بە دوو دڵی و تەردیدەوە قەبووڵم کرد بە قەڵەمی کوڵم کورتە بابەتێک لە وەسفی دەنگی کوردستان کە ساڵانێکی دوورو درێژ لە گەڵی ژیاوم و ساڵانێکی زۆریشە لێ دابراوم، بنووسم.

رادیو دەنگی کوردستان ئاوێنەی بالانوێنی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان مۆمی تەمەنی ٣٦ ساڵەی پر لە شانازی، پرلە هەورازو نشێو، پرلە بیرەوەری خۆش و ناخۆشی خۆی دەکوژێنێتەوەو مۆمی ٣٧ ساڵەی تەمەنی هەڵ دەکاو هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ساڵرۆژی لە دایک بوونی ئەم دەنگە خۆشەویستە بە ئەوبنداران ئەم دەنگەو سەرجەم کادرو پرسنل و پێشمەرگەی پاریزەری دێرین و نوێ دەنگی کوردستان دەکەم.

دەنگی کوردستان لە هەلومەرجێک دا دەستی بە کار کرد کە کەمتر لە ١٧ مانگ لە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیبووو نێوەرۆکی دژی گەلی و شەرویستی ئەم ڕێژیمە بە تەواوی بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوتبوو، هەر بۆیە بۆ حیزبی دیمۆکرات دامەزرانی رادیۆیەک وەک رادیۆ دەنگی کوردستان لەو کات دا پێویستی یەکی مێژوویی بوو. دەنگێک کە هەم ئالقەیەکی پێوەندی بەهێز لە گەڵ خەڵک دروست بکا، هەم ئەم دەنگە ڕووەای دژیوو ڕەفتارە دژی ئینسانی و دژی کورد

بوونی ئەم ڕێژەیە لە قاو بدا، هەم خەڵک بە ئەدەبیاتێکی پاراوو سادەی کوردی ئاشنا بکاو هەر بەو ئەدەبیاتەوە زانیاری لە سەر رووداوەکان بداتەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات.

دەنگی کوردستان لە ٢٧ جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە "دۆلی شێخان" بە ئیمکانـاتێکی کەم و کەرەسەی سەرەتایی و ژمارەیەک پرسنلی ناشارەزا بە کاری فەننی رادیۆو بە هیممەت و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ڕێبەرانی حیزب لە سەروو هەمووانە وە شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەر، بە یارمەتی یادی بە خێر کاک مەهندیس خەیاتی و چەند هاوڕێ یەکی دڵسوزی دیکە دەستی بە کار کردو دەنگی هەڵبڕی و پێی نایە مەکۆی تێکۆشان لە پێناو ئازادی دا. ئەم دەنگە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا جێگای شیاوی خۆی لە نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دا کردەوەو بوو بە خۆشەویست و جێگای متمانەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان. لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا دەنگی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بزووتنەوە هاتۆتە پێش و ببوو بە خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی جوان و پر بایەخ و بەرچاو لە نێو بزووتنەوی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دا.

سەرەڕای بوونی هەلومەرجی سەخت و قەیراناوی و بوونی ئاستەنگ و زیاتر لە ٢٠ جار جێگۆرکێ، دەنگی کوررستان لە دەنگ نەوەستاوەو لە سەر پاراستنی نەزم و دیسیپلین و ڕێک وپێکی لە کارو بەڕێوەبردنی ئەرکەکان دا بەردەوام بووەو غافڵ نەبووە لەسەر هێنانە بەرباسی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر جیددی بەڵام بە زمان و ئەدەبیاتێکی پاراوو سادەو خەڵک پەسەندو دوور لە درۆو زیادەڕەوی. بە زمانێکی زۆر ساکارو ساددە دەوری خۆی لە ڕێک خستنی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دا گێڕاوەو بۆتە جێگای متمانەی دۆست و دوژمن.

رادیو زۆر زوو بوو بە هاوڕێ و هاودەمی خۆشەویست و جێی باوەڕی پیرو لاوی خەڵکی کوردستان و سێ جەمە سەری بە ماڵ- و مووچەو مەزراکان دا دەکردو گوێ گرتن لەم دەنگە، خەڵک لەسەر خۆیان کرد بە فەرز. هەرچەند ئەم دەنگە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە قەدەغە کرابووو گوێ گرتنی سزای لە سەر بووو پارازێتی دەخرایە سەر، خەڵک کۆڵی نەدەداو تا دەهات رادیو دەنگی کوردستان گوێگری زۆرتر دەبوو لایەنگرانی زۆڕ لە زۆڕ زیاتر بە تاسەو تامەزرۆییەکی زۆرترەوە چاوەروانی کرانەوە و دەست پێکردنی بەرنامەکانی دەنگی کوردستان، دەنگی پێشمەرگە و دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبوون.

ئەگەر ئێستا بەهۆی زیاتربوونی ئامرازی ڕاگەیاندن ڕەسانەیەکی وەک رادیوو دەنگی کوردستان لە ڕاگەیاندنی هەواڵ و زانیاری تا ڕادەیەک لە نێو جەماوەردا کەم ڕەنگ بۆتەوە دەنگ و ڕەنگی وەک کورد کانـاڵ جێگـای گرتـوتەوە، بەڵام

خۆشەویستیی ئەم دەنگەو خۆشەویستیی پرسنلەکەی لە نێو دڵ و زەینی ئۆگران و ئەویندارانی دا هەر ماوەو هەمیشە بە شانازییەوە باسی دەکەن و وەک ستوونێکی پتەوو بە هێزی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆتە جێگای فەخرو شانازی و جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی لە نێو بزووتنەوەدا تەرخان کردوە. بێگومان بەشێکی بەرچاو لە شانازییەکانی دەنگی کوردستان دەگەڕێتەوە سەر خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات، بەشێکی زۆریش دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسایەتییانەی کە لەو میدیایەدا نووسیوییانەو بەڕێوەیان بردوە لەسەروی هەمووانەوە دوکتور شەرەفکەندی نەمر و یادی بەخێر کاک تەها عەتیقی وزۆر هاوڕێی دیکە، هەروەها بەشێکشی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو بەڕێوەبەران، بەرپرسان، کارگێڕانی رادیو، کادرە فەنی یەکان ، نووسەرەکان، وێژەران، وەرگێڕان و هەموو پێشمەرگە پارێزەرەکانی کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا دەنگی کوردستانیان وەک گلێنەی چاو پاراستووەو نەیانهێشتووە لە دەنگ بکەوێ و دوژمن زەفەری پێ ببا.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرم لە هەموو کارگێران و وێژەران و بەڕێوەبەرانی دەنگی کوردستان دەکەم. دەنگێک کە ئێستاش لە نێو گوێی پیرو لاوی خەڵکی کوردستان دا دەزرینگێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٦

وتاری خوشکە خەدیجە مەعزوور لە جێژنی کۆتایی دەورەی ٢٠٩ی فێرگەی سەرەتایی پێشمەرگە

هاوڕێیانی خۆشەویست!.
ئەم کاتەتان باش!

ئەمڕۆ لێرە لەو شوێنە خۆشەویستو مووقەدەسە لە دەوری یەک کۆ بووینەوە تا شاهیدی جێژنی سەرکەوتنی دەورەی ٢٠٩ی پێشمەرگەو پۆشینی جلوبەرگی خاکی ژمارەیەک لاوی بە هەستو خوێنگەرمی کوردبین، کە دەورەی فێرگەی سیاسی - نیزامی مەکۆی بارهێنانو یەکەم قوناغی سەرەتایی فێربوونو نەتەوە خۆشەویستی کۆتاییان پێهێناوە، هاوڕێیان لە سەرەتای قسەکانمدا بە پێویستی دەزانم دەستخۆشیو ماندوو نەبوونی لە بەرپرسی

فێرگەو گشت ماموستاو پێرسۆنێلە خۆشەویستەکانی ئەم ناوەندە فێرکاریە بکەینو بەم هاوڕێ پێشمەرگە خۆشەویستانەش بڵێین پیرۆزبێ بەرگی خاکی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتیو بەخێربێن بۆ نێو ژیانێکی نوێ، بۆ نێو جەرگەی خەباتو بۆ نێو ڕیزی حیزبە خۆشەویستەکمان ح.د.ک لە ڕاستیدا ئێوە یەکەم قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی حیزب بەجێ دێڵنو بەهەگبەیەکی پڕ لە ئیمانو باوەر هەنگاو دەنێنە نێو قوتابخانەیەکی گەورەترو فێری گەلێک وانەی بە نرخیتر دەبن بۆ دیفاع لە کەرامەتو مەوجوودیەتی گەلەکەمانو بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە کە لە پێناویدا بە هەزاران لاو بوونەتە

قوربانی.

پێشمەرگە کێیە؟ کە لێرە کۆ بووینەتەوەو جێژنی سەرکەوتنی بۆ دەگرینو ڕێزی لێدەنێین؟. پێشمەرگە ئەومرۆڤە خاوەن هەڵوێستو خەباتگێڕەیە کە هیچ هێزێک، بەربەستێک لە سەر ڕێگای گەیشتنی گەل بە ئامانج بە چۆکی داناهێنێو هەنگاوی پۆڵایینی پێ شل ناکاتو پشت لە کۆنە پەرەستی دەکاو بەرەو ڕووناکیو سەرکەوتن هەنگاو دەنێو ڕێزی مرۆڤ دەگرێ، پێشمەرگە ئەو ڕۆڵەیە کە نەزمو دیسیپلین دەکاتە سەردێڕی ژیانی شەخسیو شۆڕشگێڕیو خۆی لە هەرچی شتی دزیوە دەپارێزێ، ئەو پارێزەرو وەدیهێنەری ئازادیو دێموکراسییە، پێشمەرگە خۆی پێدەگەیەنێو بە چەکی زانینو تێگەیشتنەوە لە بەرامبەر ماف زەوتکەرانو دوژمنانی ئازادیدا ڕادەوەستێو لە یەک کەلامدا پێشمەرگە دەمرێ بۆ ژیان.کەوایەهیوادارم ئیوە پێشمەرگەشایانی ئەم پیناسەیە بنولە هەموو بارەکانی ژیان و خەباتدا، ناوی پێشمەرگەو جێگای پێشمەرگە هەمیشە بەرزو پاکو بە هەیبەت ڕاگرن.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

کە کاتێکدا جێژنی کۆتایی دەورەی ٢٠٠٩ی پێشمەرگە دەگرین کە لە کوردستانی باشوورو کوردستانی ڕۆژئاوا گروپێکی تیرۆریستی بەناوی داعش شەڕێکی بە ڕواڵەت ئایینی بەڵام لە ڕاستیدا شەڕی دژی پێشکەوتنزو مرۆڤایەتی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە کە لە سەرانسەری دونیا بە هەزاران کەسی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوەو بوونەتە هێزێکی مەترسی هێنەر کە سەرنجی بیروڕای گشتیو نێو دەوڵەتیو دۆستو دوژمنی بۆڵای خۆی ڕاکێشاوە. نزیکەی چەند مانگێکە ئەم گروپە تیرۆریستیە ناوچەکانی کوردستانی باشوورو کوردستانی ڕۆژئاوای قەیراناوی کردوەو ژیانی خەڵکی شێواندوەو شێوەیەکی وەحشیانەی جەنایتو کوشتارو بێ حورمەتی بە ئینسانی خستوەتە ڕێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەرئەو ڕووداوو کارەساتە مرۆڤانەیەدا نیگەرانیو پەرۆشی خۆی دەربڕیوە بە نیسبەت ئەم بارودۆخەی هەڵوێستی گرتوەو بە ئەرکی نەتەوەیی بە شێوەیەکی گونجاو زانیوە لە ئەزمونی هەرێمی کوردستان پاریزگاری بکاو بە ڕاگەیاندراوێکو ئامادەگی خۆی بۆ بەشداری لە شەر لە گەڵ ئەم گروپە تیرۆریستیە دەربڕیوە.

هاوڕێیان!

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە هەر وەک دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەولەویتی خەباتو تیکۆشانی بۆنێوخۆی ولات واتە کوردستانی ڕۆژهەڵات داوە. لەو پەیوەندیەدا چونەوەی هێزی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووسێ مانگی ڕابردوودا

بوو، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە بۆ کارو چالاکی تەشکیلاتیو سیاسیو پەیوەندی گرتن لە گەڵ چینو توێژەکانی کوردستان بەرەو قووڵایی ناوچەکانی مەریوان، شنۆ، سەردەشتو پیرانشار شۆڕ بوونەوەو لە کاتی زیارەتی خەڵکو خاکی نیشتمان هەرلە سەرەتای زەنجیرە جەولەکانیاندا دەکەونە بەر پەلاماری کەمینی هێزە نابەرامبەرەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە داخەوە لە ناوچەی شنۆ لە یەکم دەسپێڕدا پێشمەرگەی لێهاتوو هەژارقاسمی دەپێکرێو گیانی فیدای خاکی نیشتمان دەکاو شەهید دەبێ ڕێگاو ئامانجی بە هاوسەنگەرانی دەسپێرێ. هەربۆیە لە سەر ئێوە پێشمەرگەکانە هەست بە بەرپرسارییەتی بکەنو پەیمان نوێ بکەنەوەو ڕێگای هەژار بێ ڕێبوار نەبێو سەنگەری بەتاڵ نەهێڵینەوە، ئەوە ئەرکی نەتەنیائێوە لاوانو پێشمەرگە خۆێن گەرمەکانی ئەم دەورەیەیە، بەڵکوو ئەرکی گشت پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە چەکی هەژارو هەژارەکان لە شان کەنو ڕێگای پڕ لە شانازی ئەو درێژە بدەنو ئەمانەتدارێکی بەوەفا بنو بە حزووری بە کردەوە کوردستان بکەنە سەنگەری هەمیشە لە شکان نەهاتوو بکەنە پارچەیەک ئاگر بەگژ شەوپەرەستانیدا بکەنەوەو بسەلمێنن کوردستان بێ خاوەن نیەو خاوەنەکەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە پێشمەرگەیە.

هاوڕێیان!

هەموومان دەزانین شاڵاوی گرتنی خەڵکی ئاساییو چالاکوانانی سیاسیو مەدەنیو ڕۆژنامەنوسانو چالاکوانانی بواری مافیمرۆڤ لە ئێرانو بەتایبەت کوردستاندا هەربەردەوامە. ڕۆژ نیە چالاک وانێک ئاشکراو نهێنی ئیعدام نەکرێ، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بێ عەدالەتی، ئیعتیاد، فەحشا، برسیەتیو هەژاریو نەبوونی داهاتی ڕوون بۆلاوانو بوونی سیاسەتی ژن ستیزی، تۆندوتیژیو ڕەچاوکردنی دزێوترین ڕەفتار لە ئاست ژنان وەک ئەسید پاشیو بێ حورمەتی کردن بە بیانووی جوراوجۆر لەوپەڕی خۆێدایەو بگرە زیاتر لەو دیاردەو گرفتانە هەن کە ئاشکراو نهێنی لە ئاست مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێن. لێرەدا ئەرکی خەڵکو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ئاست ئەو دیاردە دزێوانە کە وردە وردە وەک خۆرە گەلی کوردو لاوانی کورد دەتوێنێتەوە بێ تەفاوتو بێ هەڵوێست نەبنو ئاگاهانەو یەگرتوانە بەرنگاریی ببنەوەو هەرئەوەش لە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوەشێتەوە.

لە کۆتایی‌دا پێویستە جارێکی دیکە بڵێم سەرکەوتووبن لە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانتان‌دا، هاوسەنگەرانی نوێ، بەرگی خاکی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی‌تان لێ پیروزبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: نۆڤەمبەری ٢٠١٤

بە دوادا چوونێکی مێژوویی لەسەر فێمینیزم

فێمینیزم لە درێژایی سەدەی بیستەمدا پڕهەڵاترین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا بووە. زۆربەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، سیاسی و حقووقییەکان کە لە وەزعی ژنان لە کۆمەڵگەدا پێک هاتووە، دەتوانین لەهەنگاوی یەکەمدا لە چالاکیی بزووتنەوەی ژنان بزانین.(١) بوونی ژنان لە مەیدانە گشتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر وەک: بەشداریکردن لە شوێنە ئابووریییەکان، کار و چالاکی نواندن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، مافی دەنگدان و خۆهەڵبژێران و بوون بە ئەندام لە پارڵمانەکان و کاری قەزاوەت کردن، وەدەستهێنانی مافی مەدەنی و هی دیکە لەو ئاڵوگۆڕانەن.

سەرەڕای ئەوەی فێمینیزم چۆتە نێو زۆر لە چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریییەکان و زۆر بواری دیکەشەوە، بەڵام بە داخەوە زۆرشتی نێگاتیڤیشی لێ کەوتۆتەوە. شک و دوودڵی پێکهێنان لە نێوخێزاندا، بێمەیلی بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، زۆر بوونی تەڵاق، سەرهەڵدانی هەڵسووکەوتی دوژمنانە لە نێوان ژنان و پیاواندا و بردنە ژێرپرسیاری هێندێک لە سوننەتەکانی کۆمەڵگە، بە هۆکاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی فێمینیزم دادەنرێ(٢).

لە درێژەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا «فێمینیزم» زۆر ڕەخنەی لە سەر بووە و لە لایەکی دیکەوە بۆتە جێی باسی مەحافڵ ڕووناکبیری و گشتیی کۆمەڵگەی ئێمە. فێمینیزم لەگەڵ دوو دژکردەوە بەرەوڕوویە: هێندێک بێ ئەوەی لێکی دەنەوە و هەڵی سەنگێنن، زۆر تامەزرۆیانە بە ڕێگاچارەسەری پرسی ژنانی دادەنێن، هێندێکی

دیکەش یەکسەر و بێ هەوڵدان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ، هیچ کام لە بۆچوونەکانی فێمینیزم قبووڵ ناکەن و ڕەدی دەکەنەوە.

پرسیارێک لە سەرەتادا دێتە گۆڕێ، کە ئەوەیە کە فێمینیزم چیە؟ و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەیە کە لەسەرەتادا باسمان کردن؟

فێمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکرییە و بەربڵاوترین مانای ئەو بزووتنەوەیە، لەهەوڵی بردنە سەرێی جێگە و پێگەی ژنان وەک گرووپێک لە کۆمەڵ دایە، یان بزوتنەوەیەکە کە هەوڵ دەدا ژنان لە بەرامبەر قانوون و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکسان بن.

لێرەدا لە فێمینیزم وەک هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری چاوەڕوان دەکرێ بارودۆخ و وەزعی خراپی ژنان دیاری بکا، هۆکارەکانی ئەو وەزعە دەستنیشان بکا و ڕێنەیەکی دڵخواز بۆ دیتنەوەی جێگا و بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا بکێشێ و بۆ گەیشتنی ژنان بەو ئامانج و هەدەفانە پڕۆژەیەک لە دەستووری کاری خۆیدا دابنێ تا ژنان لەدەوری کۆ ببنەوە.

مەسەلەیەکی گرینگ لێرەدا ئەوەیە تا لە فێمنیزم ورد دەبینەوە و لە پێناسەی گشتیی فێمینیزم دوور دەکەوینەوە و بۆ لای پێناسەیەکی وردتر حەرەکەت دەکەین، دەبینین کە ئێمە لەگەڵ یەک جۆر فێمینیزم بەرەوڕوو نین. بەسەرهاتی بزووتنەوەی ژنان لەوکاتەوە کە زاراوەی فێمینیزم هاتۆتە گۆڕێ، زیاتر لە سەدەیەکی لێ ڕا دەبرێ. لەو ماوەیەدا بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز لە بارەی بێدەسەڵاتی و ژێردەستەبوونی ژنانەوە هاتۆتە ئاراوە و لقی جۆراوجۆر لە فێمینیزم جیا بوونەوە.

لە بۆچوونە فیمینیستییەکاندا زۆرجار ڕیشەی بێدەسەڵاتیی ژنان لە جیاوازیی فیزیۆلۆژیک و سوڵتە و ویستی پیاواندا دەدۆزنەوە(٣) (ڕادیکاڵ). زۆر جار فێمینیزم وەک خەبات بۆ مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاواندا هاتۆتە گۆڕێ (فێمینیزمی ڕادیکال). یا ژنان و پیاوان دەبێ ئەرکی جیاوازیان پێ بسپێردرێ، پێیان وایە ژن بە پێی سروشتی خۆی ناتوانێ کاری پیاوان بکا (محافظە کارەکان). ئەو فێمینیزمەی کە بە شێوەیەکی مودێرن لە ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینییەوە لە وڵاتانی ئوروپایی سەری هەڵ داوە، بە ڕەدکردنەوەی تیئۆرییە مارکسیستییەکان، تێ دەکۆشێ ڕێگا چارەیەکی دیکە بۆ ئازادیی ژنان بدۆزێتەوە، هەوڵ دەدا هاوکات، بۆ لە نێو بردنی ستەمی چینایەتی و جینسی خەبات بکەن(٤) (سۆسیال فێمینیستەکان).

ژنان لەگەڵ کەموکوڕیی زۆر بەرەوڕوون، بەڵام ئەم کەموکوڕییانە بە قانوونی سروشت نازانن، بەڵکوو لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەم تایبەتمەندییانە وەرگیراون و ئاکامی هەلومەرجی ژیانی ئەوانە. ئەگەر هەلومەرج ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، کەموکوڕییەکانیش ڕیشەکێش دەکرێن، کەواتە، پێویستە ژنان توانایی زەینیی خۆیان فراوانتر بکەن، ئەویش تەنیا لە ڕێگای ڕوونکردنەوە بە هۆی عیلم و زانستە(٥).

سەرەتاییترین بۆچوونی فێمینیستی لە بەرهەمەکانی ژنانی ئوروپایی بە تایبەتی فەڕانسە و ئینگلستان لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ی زایینیدا دەبیندرێ کە دەورانی «ڕێنێسانس»ە. لەو دەورەیەدا ژنان بە هۆی بەشدارنەبوونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە هونەر و ئەدەبیات دەدوان و دەرد و ئازار و بۆچوونەکانیان لە وێنەکێشان و نووسینەکانیاندا ڕەنگی دەداوە. دیارە ئەوەش هەموو ژنێکی ئاسایی نەیدەتوانی بەم شێوەیە ئازارەکانی دەربڕێ، بەڵکوو ئەوە زیاتر لە نێو ژنانی ئەشڕاف و چینی خاوەن دەسەڵاتدا باو بوو.

ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییەکانی کۆتایی ساڵی ١٧٠٠ی زایینی بوو بە هۆی ئەوەی ژنان جووڵەیەک بە خۆیان بدەن. شۆڕشی سەنعەتی تاڕادەیەک دەستپێکێک بوو بۆ تێکڕووخاندنی بەستراوەیی ئابووریی بنەماڵەیی و چوونی ژنان بۆ بازاڕی کار.

دیارە هەر لە سەرەتاوە بورژوازی وەک چینی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە سەر بناخەی فیکریی «ئیرادەی ئیلاهی» پێک هات و چوارچێوەی بنەماڵەی بە شوێنێکی «موقەددەس» دانا کە بە هیچ جۆر نابێ شوێنەواری خراپی لە سەر دابنرێ. «بالزاک» نووسەری ناسراوی فەڕانسەوی دەڵێ: «لە چارەنووسی ژندا تاقە شانازییەک کە ژن هەیەتی، وەلێدان خستنی دڵی پیاوە. ژن ملکێکە کە مرۆڤ بە پێی ڕێکەوتن وەدەستی دێنێ و جۆرە داراییەکی ڕەوایە. سەرەنجام باشترە بڵێین ژن بەستراوە بە پیاو(٦).

ژنی خاوەن میرد دیلێکە کە پێویستە بزانرێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. پێویستە لە هەر هەلومەرجێکدا پیاو خۆی لەسەر ڕێگەی ژن بکێشێتەوە و جێگای خۆی بدا بەو. لە جیاتی ئەوەی وەک کۆمۆنە سەرەتاییەکان کاری قورس بە ژنان بسپێرین، پێویستە کاری سووکیان پێ بدەین. ئەو بۆچوونەی بالزاک تا ماوەیەکی زۆر جێی خۆی کردەوە، کۆمەڵی تازە پێکهاتووی سەنعەتی، ئازادیی ژنانی لەوەدا دەبینێ کە لەو چوارچێوەیەی کە ژن بۆی دیاری دەکری، نەچێتە دەر.

بەپەرەگرتنی عیلم و زانست، بۆچوونی بۆرژوازیش کە تێکەڵاوێک لە مەزهەب و فەلسەفە بوو، جێگای خۆی دا بە

پەرەگرتنی بۆچوونە زانستییەکان کە بە هۆی «داروین»ەوە هاتنە ئاراوە. داروین دەڵێ: زانستی کۆمەڵایەتی و زیندەوەرزانی ئیدی باوەڕی بەو بۆچوونە کۆنانەی ڕابردوو نیە کە پێی وایە ژن شتێکی تایبەتییە و لەگەڵ پیاو جیاوازیی هەیە. ئەم زانستە تایبەتمەندییەکانی وەک دژکردەوەیەک لە بەرامبەر وەزعێکدا چاو لێ دەکا، کەوابوو ژنیش شتێکە کە قەت بوونی نەبووە.

لە دەورانی شۆڕشی سەنعەتیدا هێزی کاری ژنان زیندوو بووە، بەجۆرێک کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ١٧٠٠ی زایینەدا کرێکارانی ژن زیاتر لە ژمارەی کرێکارانی پیاو لە کارگە و کارخانەکانی ڕستن و چنین بووە. بەڵام حەقدەستی ژنان نیوەی حەق دەستی پیاوان بووە یان زۆر لەوەش کەمتر یا هەر بژیوێکی کەم بووە بۆ ژنان.

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ژنان و منداڵان لە کارگە سەنعەتییەکان و کارخانەکاندا ڕەنج و کوێرەوەریی لە ڕادەبەدەر بچێژن و لە ژێر ستەم و چەوساوەییدا بن.

لێرەدا کار و چالاکیی زۆری ژنان، بۆ بەرامبەر بوون لەگەڵ پیاوان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئەو کارەی کە دەیانکرد، حەقدەستی وەک پیاوانیان وەرنەدەگرت، ئەوەش بۆخۆی بواری ڕەخساند کە ژنان بکەونە بیری خۆڕێکخستن و لە دژی ئەو ناعەدالەتییانە بەربەرەکانێ بکەن.

بە گەشەکردنی سەنعەت لە کارخانەکاندا و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ، گیروگرفت و کێشەی تازە هاتنە ئاراوە، تێکنۆلۆژیی تازە بایەخی کارکردن لە ماڵەوەی کەم کردەوە و مەسئووللییەت و پێویستیی پاراستن و ڕاهێنانی منداڵان و هەروەها ئاگاداری کردن لە نەخۆش و پیر و پەک کەوتەکانیان بە عۆدەی کۆمەڵگە سپارد.(٧)

هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی کار لە ماڵەوە کەمتر دەبۆوە. »لێرەدا ژنانی سەڵت لەکۆمەڵدا بەهێندێک لە ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی گەیشتن، بەڵام ژنانی خێزاندار لەو ئیمتیازاتە بێبەش بوون. بەم جۆرە پەرەگرتنی زانست و سەنعەت بوون بە هۆی ئەوە کە لە زۆربەی وڵاتە ئوروپاییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە درێژایی ساڵانی ١٧٠٠ و ١٨٠٠ی زایینی، گەلێک نووسەر بیر و باوەڕی خۆیان لە بارەی مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان دەربڕن.

لە ساڵەکانی ١٨٣٠ تا ١٨٨٤ داخوازەکانی ژنان لە دەستووری کاردا دانران و بۆ یەکەمجار ژنان لە ڕێکخراوێکی ئۆرگانیزەکراودا لە یەکێک لە ئەیالەتەکانی ئەمریکادا دەبنە خاوەن ئۆرگان(٨). ژنان لە ئەمریکا مافی دەنگدان وەدەست

دێنن. لە درێژەی ئەو جموجۆڵانەدا ڕۆژی ٨ی مارسی ١٩٠٨ی زایینی ژنانی کرێکاری کارخانەی چنین و ڕستنی «نیۆیۆرک» بۆ مافی بەرامبەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان دەست دەکەن بە بەربەرەکانێ و لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی ژنان، پێشنیار دەکرێ ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی ژن دیاری بکرێ. بەمجۆرە ئەم جموجۆڵە دەبێتە ئولگوویەک بۆ خەبات و بەربەرەکانێی ژنان لە ئوروپاش و ڕێکخراوی ڕێکوپێک و سازماندراو لە وڵاتانی ئینگلیس، ئاڵمان و فەڕانسە پێک دێن. لەو وڵاتانەدا ژنان داوا دەکەن کە دەبێ ژن پێ بنێتە زانستگەکان و بۆ خوێندنی باڵا ڕێگای پێ بدرێ. یەکەم ژن لە وڵاتی «نورۆیژ» دەچێتە زانکۆ.

بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، ژنان لە کارگە سەنعەتی و پیشەییەکاندا دەردەکرێن و تەنیا پیاوان خەریکی کار بوون. بەڵام بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی، کارگە و کارخانەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە بە ڕووی ژناندا دەکرێنەوە و ئەو دروشمە بێ نێوەرۆکانەی کە باو بوون گوایە ژن توانای کارکردنی نیە و ژن لە عۆدەی کارەکان نایە، وەلا نران. پاش تەواو بوونی شەڕ و ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و گەڕانەوەی پیاوان لە بەرەکانی شەڕ، دیسان ژنان لەسەر کارەکانیان وەلانرانەوە و بە زۆری ڕوویان کردە کارە نزم و کەم بایەخەکان کە جێگای پەسندیان نەبوون. لەو کات و سەردەمانەدا گەلێک زانا و نووسەر لە سەر ژنان و ئەو ستەمانەی پێیان ڕەوا دەبینران، شتیان نووسی. یەکێک لەو زانایەنە، «سەن سیمۆن» بوو کە ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە تۆڕی ژن دەربڕی. ناوبراو دەڵێ: «نابێ لە جیهاندا دیلی و یەخسیری بمێنێ. دیل کرێکار بێ، ڕەش بێ، سوور بێ یا دیل ژن بێ و... فەرق ناکا(٩). «سەن سیمۆن» پێی وابوو ژنیش وەک پیاو بەشیک لەو گیانلەبەرانەیە کە پێی دەڵین «مرۆڤ».

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبڕ، بە هۆی هەڵبژێرانی ژنێک لە وڵاتێکی گەورەی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو بە وەزیری کاروباری ژنان بە ناوی «الکساندرا کولنتای»، بزووتنەوەی فێمینیستی لە ئوروپا تەکانێکی گەورەی بۆ خۆی دا و لە مەیدانێکی بەرینتردا خۆی نواند. بە سەرهەڵدانی مەکتەبی «مارکسیزم» و بە تایبەت دامەزرانی سوسیالیزم لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا، کێشەی ژنان لە ئوروپا دەکەوێتە چوارچێوەیەکی نوێترەوە.(١٠) «مارکس» و» ئینگێڵس» لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، دەربان بڕیوە کە چارەنووسی ژن بەستراوەتەوە بە مێژووی مالکییەتی خسووسی. ئینگیڵس دەنووسێ: «ژن ناتوانێ رزگار بێ، مەگەر ئەوە کە لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ و بەشیکی کەم لە کاتی خۆی بۆ کاری نێوماڵ تەرخان بکا.»

دیارە ئەوەش نەدەکرا، مەگەر ڕەوتی سەنعەتی و یان پیشەیی بوون پەرە بگرێ و سەنعەت و پیشەی گەورە دابمەزرێن. دیارە مەکتەبی «مارکسیزم» لەگەڵ ئەوەی تیئۆری بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و بەشداربیان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و

ئابووریدا دادەتاشێ، بەڵام باوەڕی بە فێمینیزم بەو مانایە کە ژنان بۆ خۆیان و لە ڕێگەی خۆیانەوە بۆ مافە تایبەتییەکانیان هەوڵ بدەن، نیە.

مارکسیستەکان پێیان وابوو کە »ئازادیی ژن لەگەڵ ئازادیی کرێکار پێوەندییەکی نەپساوەی هەیە و هەر بۆیەش ژنان و پیاوانی کرێکار پێویستە بۆ یەک مەبەست تێ بکۆشن.«

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی سەنعەت، خاوەن کارخانەکان بەو هۆیە کە موچەیەکی کەمتریان دەدا بە ژنان، زیاتر لە هێزی ئەوان کەڵکیان وەردەگرت. ئەوەش لە نێو پیاوانی کرێکاردا ناڕەزایەتیی پێک هێنابوو و بووە هۆی ئەوە کە تەنانەت کرێکارانی ژن و پیاویش نەتوانن هاودەنگ بن. لەم دەورەیەدا ژن بە شێوەیەکی بەرین و وەحشەتناک لە بواری کاردا بچەوسێتەوە و ناچار بێ ڕۆژانە ٢٠ کاتژمێر کار بکا و هێشتا نەیدەتوانی دیفاع لە خۆی بکا و تەنانەت دەزگا قانوونییە نێودەوڵەتییەکانیش دیفاعیان لێ نەدەکرد. (١١)

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە هۆی خەباتی بەرینی ژنان لە وڵاتانی ئوروپاییدا، ئەوان بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتن. دیارە لەو ساڵانەدا سەرەڕای ئەو خەباتەی ژنان و وێڕای ئەوەی هێندێک مەیدان بۆ ئەوان ئاوەڵا دەبێ، بەو حاڵەش هێشتا خۆ لە کاری سیاسی نادەن و پیاوان هەروا دەسەڵاتداری بێ هاوتان، لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هی دیکەدا. لە ڕاستیدا ژنان لەو دەورەدا زیاتر چاوەڕوانن پیاوان بۆ خۆیان مافەکانیان بۆ بە دیاری بێنن، بێ ئەوە کە بە خەباتێکی هەمە لایەنە وەدەستی بێنن. «سیمۆن دوبوار» لەو بارەوە دەڵێ: «ژنان لە درێژایی مێژوودا قەت هیچیان وەدەست نەهێناوە. ئەوان هەمیشە بە شتێک گەیشتوون کە پیاوان پێیان خۆش بووە لەدەستی بدەن(١٢).

پەراوێزەکان:

١) کتێبی «از جنبش تا نظریه اجتماعی: تاریخ دو قرن فمنیسم حمیرا مشیرزاده (مقدمه)
٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو
٣) نظریات فمینیست ڕادیکال - شولامیت فایرستون
٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو
٥) کتێبی فیلسووفەکانی فەڕانسەوی، وەرگێڕ: اسماعیل کمانی

٦) کتێبی «فیزیولوژی ازدواج - بالزاک

٧) گۆڤاری «آوای زن» ژمارە ٣

٨) گۆڤاری «نیمە دیگر»، ژمارە ١٠

٩) گۆڤاری «تیشک» ژمارە ٣

١٠) کتێبی «فمنیسم» ، نووسەر: «مریلن فرێنچ»، وەرگێڕانی بۆ فارسی «سارا محمودی»

١١) قانوونی کار نووسینی « مهرانگیز کار»

١٢) کتێبی «جنس دوم» نووسینی «سیمۆن دۆبوار»، وەرگێڕانی بۆ فارسی: «نیرە وحیدزادە»

لە ژمارەی ٧٢٨ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٨

تێڕوانینی یاسا و شەریعەت بۆ فێمینیزم

ئەو وڵاتانەی کە داخراون و بە پەرەگرتوویی فەرهەنگی نەگەیشتوون، زۆر لە مانا کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایان نەناسراون و ئێستاش وەک جنێو و ناو و ناتۆرە بەکار دەبرێن. لە بارەی فێمینیزمیشەوە هەر ئەو تێگەیشتنە هەیە و زۆر لە پیاوان تەنانەت ئەو پیاوانەی کە لە ڕۆژئاوا ژیاون، لەگەڵ فێمینیزم ئاشنا نین، لە ڕاستیدا هەڵسووکەوتی نەرێنییان لەگەڵیدا هەیە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە نازانن فێمینیزم چیە و هەموو لق و پۆپەکانی فێمینیزم تێکەڵ دەکەن و لێکیان جیا ناکەنەوە. ئەو وڵاتانەش کە دێموکراسییان تێدا حاکمە، لەو وڵاتانەدا فێمینیزم چۆتە نێو سیاسەت و ئابووری و کولتوور و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە شێوەیەکی گشتی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە، لەگەڵ میساقەکانی مافی مرۆڤدا جیاوازییان زۆرکەمە و هەموو هاووڵاتیان بە ژن و پیاو بەهەر ڕەنگ و ڕەگەزە و ئایینێکەوە بەرامبەر بە قانوون وەک یەک و یەکسانن. قانوون لەو وڵاتانەدا وا لەبەرچاودەگیرێ و وا دادەڕێژرێ کە هاونیشتمانانی ژن و پیاو یەکسانی و بەرامبەری لەنێوان خۆیاندا بە تەواوی هەست پێبکەن. فێمینیزم بە مانای بەرامبەریی مافی ژن و پیاو و دیتنەوەی جێگای واقیعیی ژن لە کۆمەڵگەدایە، ستەم بە ژن ڕەوادیتن وەک پێشێلکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ چاوی لێ دەکرێ.

قانوونی ئێران و زۆر لە وڵاتانی دەوروبەرمان زیاتر لە سەر ئەساسی شەریعەتی ئیسلامی دانراوە، بەڵام ئایا ئەو مافانەی کە بۆ مرۆڤ لە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون، لە شەریعەتی ئیسلامیشدا بێ زیاد و کەم وەبەرچاوگیراوە؟

دیارە شەریعەتی ئیسلام بە گشتی باس لە مساوات لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکا و باس لە تەبایی و تەفاهوم و تەوافوق دەکا، بەڵام ژنان لە سەر هێندێک مەسەلە ڕەخنە لە شەریعەتی ئیسلام دەگرن، کە دیارە ئەم ڕەخنانە لە لایەن زانا دینییەکانەوە پاساو دەدرێنەوە و دەبینین زۆر لە مافەکانی ژنان لەگەڵ شەریعەتدا دەکەونە ناتەبایی.

چەند نموونەیەک ئاماژە پێدەکەین کە سەدان ساڵە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕەچاو دەکرێ، وەک: بەشە میراتی نێرینە دوو ئەوەندەی بەشە میراتی مێینەیە، تەڵاق کە لابردنی کۆتی هاوسەرییە بە لەقاندنی (خستنی) لە لایەن مێردەوە، خوێنبایی ژن نیوەی خوێنبایی پیاوە، دوو ژن بە شاهیدێک حیساب دەکرێن، فرەژنی بۆ پیاو ڕەوایە و... کە ئەوانە لەگەڵ فێمینیزم لە ناتەبایی دان. بۆیە زاراوەی فێمینیزمی ئیسلامی کە لە نێو ئەدەبیاتی فێمینیستیدا هاتۆتە ئاراوە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر مەبەست لە فێمینیزمی ئیسلامی ئەوەیە کە چونکە ژنانی ئێمە موسوڵمانن، دەبێ جۆرێکی تایبەتی لە فێمینیزم و بەرامبەری و یەکسانی بۆ خۆیان وەبەرچاوبگرن، ئەوە بابەتێکی بێ سەمەرە. لەبەر ئەوە ژنانی یەهوودی و بوودایی و مەسیحیش دەڵێن ئێمە یەهوودی یان بوودایی و مەسیحین و دەبێ فێمینیزممان بە شێوەی خۆمان هەبێ و دەمانهەوێ بە جۆرێکی دیکە بژین.

ئارمانەکانی فێمینیزم (فێمینیزمی ڕادیکاڵ) لەگەڵ مەزهەب و ئیسلام لە ناتەبایی دایە، بەڵام «نەوال سەعداوی» فێمینیستی ناسراوی میسری لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئاڵۆگۆڕە چاکسازییەکان لە مەراجیعی ئیسلامیدا دەتوانێ لە خزمەت سوود گەیاندن بە ژنان کەڵکی لێ وەربگیرێ. ستەمی سێ قات لە سەر ژنانی عەرەب هەیە (میللی، چینایەتی و جینسی) هۆی سەرەکیی بوونی ئەم ستەمانە، ئیسلام نیە، بەڵکوو پیاوسالارییە کە لە ڕادەی جیهانی و نەتەوەییدا هەیە و ئەوانە هۆی سەرەکین. لە مێژوودا تەفسیری جۆراوجۆر لە مەراجیعی جۆراوجۆری ئیسلامی لەسەر ژن هاتووە. لە حاڵێکدا نابێ تەفسیری جۆراوجۆر لە ژن بکرێ، لە یاسادا ژن دەبێ وەک مرۆڤ سەیری بکرێ و جێگای شیاوی خۆی بۆ دابنرێ و ماددە قانوونییەکان دەبێ داکۆکی لە ژن بکەن، ئەوەش کاتێک دەکرێ کە ماددە قانوونییەکانی «یاسای بنەڕەتی» لەگەڵ ماددەکانی مافەکانی مرۆڤدا ناتەبا نەبن.

فێمینیزم لە یاسادا

بە گشتی ژنانی چالاک لە بواری کێشەی ژندا، هەمیشە هەوڵیان داوە کە بە حقووق و ئیمتیازاتێک بگەن کە پیاوانیش لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریییەوە لێی سوودمەند دەبن، هەروەها ژن دەبێ جیاواز نەبی لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە کۆمەڵگەدا؛ بەڵام بە داخەوە قانوون و شەریعەت لە زۆر بواری وەک میرات و تەڵاق و شایەتیداندا

پشتیوانی لە پیاو دەکا.

ژنانی فێمینیست لە ولاتانی دواکەوتوو بە تایبەتی لە کوردستاندا، ژنانی ڕۆژهەڵات دوای شۆرشی ١٣٥٧ هەموو هەوڵیان ئەوە بوو قانوون حیمایەتیان بکا و ئیزن نەدرێ کەسایەتیی حقووقیی ژن ژێرپێ بخرێ و بە تایبەت دوای شووکردن نەفی بکرێ و بچنە سەر کەسایەتیی پیاوەکانیان. ڕاستە ژن بە ژیانی هاوبەشی پێکهێنان تێکەڵ بە پیاو دەبێ و یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام ژن نابێ لە بازاڕی کاردا سەربەستیی خۆی لەدەست بدا و دەبێ لێرەدا قانوون جێگای شیاوی خۆی بداتێ و تەحقیری نەکا و ژن بتوانێ سەربەست بێ بۆ کارکردن و بڕیاردان لە ماڵەوە و لە کۆمەڵگەدا.

قانوون دیاردەیەکە کە قابیلی ئاڵوگۆڕە و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە قانووندا ئاسانتر تا گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. ژنان خوازیاری چاکسازی لە زۆر لە بوارەکانی یاسا دان. ئەوان داوا دەکەن یاسا پشتیوانییان لێبکا لە مافی تەڵاق وەرگرتن، قانوون حەقی «حضانت» بدا بە ژن، نابەرامبەری لە کاردا نەبێ لە نێوان ژن و پیاودا ژن وەک جینسی دووهەم و زەعیف و دەستەوەستان چاوی لێنەکرێ، مافی خۆهەڵبژێران و هەڵبژاردنی هەبێ.

ئەگەر قانوون پشتی ژن بگرێ و وەک ئینسانێک و لە کۆمەڵدا و لە هەموو بوارەکاندا بیسەپێنێ و وەبەرچاونەگرانی سزابدا، وردەوردە ئەم قانوونانە دەبنە عادەت و خەڵک بە ئەرکی دەزانن وەبەرچاویان دەگرن، دیارە ئەوە دەمودەست ناکرێ و زەمانی دەوێ، بەڵام قانوون دەتوانێ کاریگەری تەواوی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ، چونکە مرۆڤ لە سەریەتی قانوون بەڕێوە ببا و وەبەرچاوی بگرێ.

دەرئەنجام:

فێمینیزم وەک دیفاع لە مافەکانی ژن ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرتووی دونیای ئەمڕۆیە، کە نە دەتوانین لە چوارچێوەی جوغرافیایی، فەرهەنگی و سیاسیی تایبەتیدا بەرتەسکی بکەینەوە و نە دەشتوانین وەبەرچاوی نەگرین و باسی لێ نەکەین.

بزووتنەوەی فێمینیزم لە سەرانسەری جیهاندا، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەی نوێ هاتۆتە گۆڕێ. ئێستا زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتان و ڕێکخراوە چەپەکان بە تایبەت هێندێک لە حیزبە سەرەکییەکان بوونی فێمینیزمیان قبووڵ کردوە و ئەم بزووتنەوەیان وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ کە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژن هەوڵ دەدا، بەڕەسمی ناسیوە و دانیان پێداناوە.

بزووتنەوەی فێمینیزم کەس نیە نەیناسێ و قسەی خۆی لە سەر نەبێ. بزووتنەوەیەکی گەورەیە و بە ئاشکرا و ڕاشکاوی مەسەلەکانی ژنان دێنێتە گۆڕێ و هەموو قاڕەکانی جیهانی گرتۆتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە لە نێو چەپدا لە دایک بووە و لە وڵاتانی سەنعەتی و پێشکەوتووی ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە و ئێستا بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەمیشی گرتۆتەوە. بەڵام لە کوردستاندا ئەگەر پێشتر نەناسراو بوو، ئێستا بەو جۆرەی کە هەیە، ناسراوە، بەڵام مخابن لێرە و لەوێ بە پێچەوانە لێک دراوەتەوە و تەنانەت بێ ئەوەی بزانین فێمینیزم چیە، مانا و واتاکەی بە هەڵە کوتراوە و زیاتر بە واتای ژنسالاری لێک دراوەتەوە تا بەم شێوەیە پیاوان هان بدەن پێشی پێ بگرن و لە بەرامبەریدا ڕاوەستن و دژکردەوە نیشان بدەن و تەنانەت ناو و ناتۆرەی غەڵەتی بەسەردا ببڕن. هەڵبەت لەم باسەدا ئیشارە بەوە کراوە کە هەر گرووپێک لە فێمینیستەکان دیفاع لە کێشەیەک دەکەن کە مرۆڤ دەگرێتەوە، جا دیارە بەشێک لەو فێمینیستانە زۆر تووندڕەوی دەکەن یا ئەو کێشەیەی کە بەشێکیان دیفاعی لێ دەکەن، ڕەنگە لای ئەوان ڕەوا بێ، بەڵام بۆ منی شەرقی و بەتایبەتی کورد، سەیر بێ. ڕادیکاڵ فیمینیستەکان دەڵێن بۆیە پیاو دەسەڵاتی بەسەر ژنداە هەیە چونکە ژن منداڵی دەبێ، ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە لەوەدا دەدۆزنەوە کە دەوڵەتەکان دەبێ لە فکری لوولەی ئازمایشگا بکەونەوە و منداڵ لەو لولانەدا پێ بگەیەنن، هەر بۆیە من دیفاع لە فێمینیزمێک دەکەمەوە کە دڕوویەک لە قالبی ژنی چەوساوەی کورد دەربێنێ، نە ئەوەی بۆخۆی ببێتە کۆسپ لە بەردەم کێشەکاندا. پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک لە ڕووناکبیرانی ژن و پیاو، چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی کوردستان، زۆر هەنگاوی بەکەڵکیان هەڵ هێناوەتەوە بۆ ئەوەی فێمینیزم هەڵسەنگێنن و بەوجۆرەی کە هەیە و کار و چالاکی دەنوێنێ، پێناسەی بکەن. بەڵام لەوجۆرە کەسانەش هەبوون بێئەوەی بچنە قووڵایی فێمینیزمەوە، لە دژی ڕاوەستاون و بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەریان نووسیوە و ڕوومایەکی دزێو و نائینسانییان داوەتە پاڵ ئەم دیاردەیە.

فێمینیزم لە وڵاتانی دواکەتوودا بەوجۆرەی وێستوویانە، لێکیان داوەتەوە و مانایان کردۆتەوە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆڕی حاکمە و یان مەزهەب قسەی یەکەم دەکا. بە بڕوای من فێمینیزم دیاردەیەکی ترسناک نییە کە خەڵکی پێ بترسێنن، یا دیاردەیەکی سەیر و دزێویش نیە کە کۆمەڵ نەتوانێ تەحەمولی بکا. ئێمە ئەو لایەنانە وەبەرچاو دەگرین و پەرەی پێدەدەین کە خزمەت بە ژن و بە کێشەی ژن بکا یا لە خزمەت سەرجەم مرۆڤدا بێ و بۆ ئاسایش و تەبایی و مساوات لە کۆمەڵگە و بنەماڵەدا هەوڵ بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨

کەم دیاریی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا

مژار ئەوەیە:

ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێگە و جێگەی شایانی خۆی لە جوواڵانەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ئێترازیدا نییە و تا ڕادەیەکی زۆر بێدەنگ و بێ تەفاوەتە بەرانبەر ڕووداوەکانی دەوروبەی؟ لەم پێوەندییەدا کۆمەکێک پرسیار دێتە گۆڕێ. ئایا ژنانی کورد داهاتوویان تەئمینە؟ بەشی زۆری مافەکانیان دابینە؟ ئەمنییەتی شوغڵی و ماڵی و گیانیی خۆیان هەیە؟ لە سیستم ڕازین و لە دامودەزگاکانی ئەو سیستمەدا و لە سیاسەت و ئابووری وڵاتدا دەورونەخشی خۆیان هەیە؟ مافەکانیان دەستەبەر کراوە؟ لە یاسادا جێگەی شیاوی خۆیان دراوەتێ و وەک ژنانی وڵاتانی دێمۆکراتیک یا ئەو وڵاتانەی پرسی ژن تێیاندا چارەسەر کراوە، ئاسوودەن و لە ئەمنییەتدا دەژین؟ ئەم هۆیانە کەم- و زۆر دەبێ لەسەر بێ تەفاوەت بوونی ژنان کاریگەریی هەبووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دۆخێکی جیاواز لە هەموو ئەوانەدا دەژین. ئەدی گرێکوێرەی ئەم باسە لە چیدایە؟ بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە بێجگە لە ڕوونکردنەوەی هۆکان، دەبێ بزوێنەر و هاندەرێک هەبێ کە ببێتە هۆی ئەوەی ژنان چاویان بکەنەوە و دنیای ڕاستەقینەی دەوروبەریان لەم سەردەمەدا ببینن - و هەڵیسەنگێنن و ژیرانە بە هەر شێوەیەک کە بگونجێ ئەو بەربەستانە لەسەر ڕێگا لابەرن و بە نیسبەت ئەو ڕرووداوانەی کە لە پەنایاندا ڕوو دەدەن بێ تەفاوەت نەبن.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە زۆرینەی ژنی کورد ئەگەر ڕەخنەی بێ تەفاوت بوون بە نیسبەت حەق و حقووقی لەسەرە و، گرینگی بە مافەکانیان نادەن و شەڕیان بۆ ناکەن و لە مەیدانەکەدا دیار نین، بە نیسبەت مەسەلەیەکی گرینگی دیکەش بێدەنگ و خەمساردن و هەوڵی بۆ نادەن؛ ئەویش مافە نەتەوایەتییەکانیانە. ئەویش لە کاتێکدا کە کورد دەیان ساڵە لە پێناو سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا خەبات دەکا و چەرمەسەری و مانۆڕانی بەسەر دێ و سەرمایەیەکی زۆر بە نرخی ئینسانیی لە پێناوە دا داناوە. هەر وەک لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە، ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵەی مرۆیی دەبێ مافی خۆیان هەبێ، هەم وەک مرۆ و هەم وەک نەتەوە.

وەک گوتم ئەم ڕەخنەیە ڕووی لە هەر هەموو کۆمەڵگەی ژنانی کورد نییە، بەڵکوو وەک دیاردەیەک باس دەکرێ کە تێیدا بێ تەفاوەتیی زۆرینەی ژنان بەنیسبەت ئەو ڕووداوانەی لە پەنایان ڕوو دەدەن دیار و بەرچاوە. ڕۆژ نییە لەم نیشتمانە کەسێک بەبێتاوان نەکوژرێ، نەگیرێ، ئەشکەنجە نەدرێ، ئیعدام نەکرێ و وڵات بەجێ نەهێڵێ؛ بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە لەسەر ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ و کەم دیارە. یان هەڵوێست و ڕوانگەکانیان تاکایەتییە و مەیدانی نەبووە، کەمیش نین ئەم ژنانەی کولتووری پیاوسەرداری وای لێکردوون بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان بە ئەرکێکی پیاوانە دابنێن و ستاندنی ماف بە ئەرکی پیاوان بزانن و چاوەڕوانن پیاوان ئەو مافە وەدەست بێنن تا ئەوانیش لەبەری بحەسێنەوە. ئەم پرسیارە بە ڕوویەکی دیکەدا ئەمەیە کە بە ڕاستی ژنانی ئێمە لە سیاسەت هەڵدێن یا دژی سیاسەتن؟ یا گەرەنتی و پشتیوانێکی بەهێز شک نابەن لەکاتی هاتنە مەیدان و لەکاتی تەنگانەدا پێی دڵگەرم بن و پاڵی وێدەن.

ڕەنگە ئەو فاکتەرانەی باس کران یەکە یەکە هۆکار بن لە بێدەنگی و بێ تەفاوەت بوون و دیارنەبوونی ژنان و، ئەو ژنانەش کە لە حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکەن بە جیددی نەپرژاونەتە سەر ئەم باسانە و نەیانویستوە ڕێگای وەگەڕخستنی ئەم ماتەوزە بەهێزە بدۆزرێتەوە.

بەشێک لەم هۆ و هۆکارانەی دەستیان داوەتە دەستی یەک هەتا ژنان کەمتر دیار بن و ئەکتیڤ بن، بریتین لە:

نەبوونی حزووری فیزیکی و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون لەنێو خەڵکدا، دروشمکێشانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی لە کوردستان، کەمتەرخەمی و هەوڵی کەمی حیزبەکان لە دروستکردنی نوخبە یا ئیلیتی سیاسیی ژن لە کوردستان، پیاوانەبوونی ڕێکخستنەکانی حیزبەکان، پیاوانەبوونی پڕوپاگەندە سیاسییەکان، زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسەرداری لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا، دواکەوتوویی و مەزهەبی و عەشیرەیی بیرکردنەوەی خەڵک،

تووندوتیژی و فشاری لەڕادەبەدری سیستم لەسەر بنەماڵەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون،

چالاک نەبوونی تەشکیلاتی ڕێکخراوەکان بۆ کارکردن لەسەر ژنان کە ئەگەر هەشبێ پتر پیاوانەیە، پێشوازی نەکردن و بەهێند نەگرتن و بارنەهێنانی ژنان بە ڕووحی مافی یەکسانیخوازی لەگەڵ بەرانبەرەکەیان و نەتەوە خۆشەویستی لەنێو ئەو ژنانەی کە دێن بۆ نێو ڕیزی ڕێکخراوەکان و سەرئەنجام کەمتەرخەمیی حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە ژنان لە ڕەوتی وشیارکردنەوەی گشتیی ژناندا.

ئەم ڕەخنەیەش لەجێی خۆیدایە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە شێوەی پێویست ناخی ژنیان نەناسیوە و ئەو ترس و دڵەخورپێ و دردۆنگییەی کە ڕێژیم لە ناخی ژناندا پێکی هێناوە، نەڕەواندۆتەوە و هەستی باوەڕبەخۆبوونی بۆ نەگەڕاندوونەوە و لە ڕاستیدا خۆیان پێوە ماندوو نەکردون. لەو نێوەشدا تێچووی زۆری چالاکیی سیاسی و مەدەنی بۆ ژنان کە ڕێژیم بەسەر کۆمەڵگەی ژناندا سەپاندوویەتی، گرینگ و شوێندانەرە. ئەم تێچووە قورسە بەتایبەت ئەویش لە کۆمەڵگەی نەریتی و پیاوسالاری کوردستاندا کە ژن و کچ بە بەشێک لە داوێنپاکیی خێزانەکان دادەنرێن و گرتن و زیندانی کردنی ژنان لەلایەن ڕێژیمەوە لەسەر ئەوان قورس دەوەستێ؛ هۆکارێک بووە کە لە بنەماڵەشدا باوک و مێرد و برای ژن پتر لەوەی هاندەری ژنان و کچان بن هەوڵ بدەن لە سیاسەت و کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دووریان ڕابگرن. هەر بویە بەشێکی زۆری ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر زەمینگیر کراوە. ئەو چەقوەستانەش لە تەنیشت هەندێ دیاردەی دیکە وەک بێ تەفاوەتی بە سیاسەت، چاولێکەری، خۆویستی و تەجەممول گەرایی کە سیستماتیک لەلایەن خودی ڕێژیمەوە پەرەی دەدرێتێ، ژنانی لە دەور و بەخشی خۆیان دوور ڕاگرتوە. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم ئەگەرچی لە ئاستی ئێراندا پەیڕەو دەکرێ، بەڵام لێکەوتەکانی لە کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازترە.

ئەوە مێژوویەکی زۆر کۆن نییە و هەموو لەبیرمانە. دوای ئەوەی شۆڕشی ١٣٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت و کاتێک کۆماری ئیسلامی جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەم ڕێژیمە یەکەم شەر لەگەڵ ژنان کردی و هەر لە سەرەتاوە بە ئەدەبیات و بیروبۆچوونی دوگم و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی و پڕ سووکایەتی بەرەوڕووی پرسی ژنان بۆوە. وە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو بەرنامە درێژخایەن و مەبدەئییەکانی ڕێژیم هەر بە مەبەستی پەراوێزخستنی ژنان و مەیدان نەدان پێیان و بردنەوەی ژنان بۆ چوارچێوەی ماڵێ بووە. سەرەڕای ئەوەش کە ژنان لە مەیدانەکانی خوێندنی باڵادا شان بە شانی پیاوان هاتوون و لە زۆر مەیدان و بەستێندا تواناکانی خۆیان سەپاندوە، بەڵام ئەمە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتیی ژنان بە نیسبەت پرسی ژنانەوە نەبووە.

بەدەر لەم سەرکەوتنەی ژنان لە مەیدانی خوێندن و خۆپێگەیاندندا، بەڵام ڕێژەیم لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا هەلومەرجێکی بۆ ژنان خولقاندوە کە لە سێبەری خۆیان بترسێن و بۆ بیدەسەڵات و لاوازکردنی ژنان پەرەی بە دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێو و زیانبارەکان داوە و لە ڕاستیدا کاری لەسەر نەهێشتنی هەستی باوەڕبەخۆبوونی ژنان کردوە. بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەت و بەرنامە نەرم و ڕووخێنەرانەی ڕێژیم دەبوا کارێ جیدی و بە پلانی حیزب و ڕێکخراوەکان با، کە لەو بەشەدا ڕەخنەیان دێتە سەر کە وەک پێویست نەیانتوانیوە بەرەنگاری ببنەوە. بۆیە لە ئێستاشدا ئەوەی نەکراوە دەبێ بکرێن. ژنان دەبێ پشتیوانی بکرێن و بۆ ئەوەش ڕێکخراوەکانی ژنان و حیزبەکان و تەشکیلاتی حیزبەکان لە شارەکاندا دەبێ کار و پڕۆژەیان بۆ ئەو مەبەستە هەبێ. مەبەستەکەش ڕوونە: کارکردن بۆ ئەوەی ژنان ببنە هێز و هێزی دژبەری سیاسەتەکانی ڕێژیم بن و بۆ ئەوەی وێژمانی ژنان، وێژمانێکی شوناسخوازی و گۆڕانخوازی بێ لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و پرسی یەکسانیخوازیدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا



دیمانە: شەونەم هەمزەیی

لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملووداا «کوردستان» ڕای چەند خاتوونێکی وەرگرتوە کە لە نیزیکەوە دوکتور قاسملوویان دیوە و وەک بۆ خۆیان دەڵێن بۆ ژیانی سیاسی و کاری ڕێکخراوەییان ئیلهامیان لێ وەرگرتوە:

دوکتور قاسملوو گەلێک خەسڵەت و ڕەفتاری جوان و ئەمڕۆییانەی تێدا بوو کە مرۆڤ مەجزووبی ئەو ڕەفتارانەی دەبوو. ئەو ڕێبەرێکی زۆر بەفەرهەنگ و هەڵسوکەوت جوان بوو. دوکتور قاسملوو کاتی خۆی بەناچار بەشێکی زۆری تەمەنی لە ولاتانی ئۆروپایی بە تایبەت ولاتی فەڕانسە بەسەر بردبوو، کولتوور و فەرهەنگێکی زۆری ئۆروپایی گوڵبژێر کردبوو و وەسەریەکی نابوو و کردبووی بە تێشوو بۆ ژیانی داهاتووی گەلی کورد. بە هاتنەوەی بۆ نێو خاکی نیشتمان و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب، هەموو ئەو ئەزموون و فەرهەنگە جوان و بەکەڵکانەی ئۆروپای ئاوێتەی فەرهەنگی کوردەواری دەکرد و لە ژیانی ڕۆژانەی حیزبایەتیدا لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بەکاری دێنا. بۆ نموونە لە کات و سات، قەراردانان، کارکردن و... دا. بێ زیادەڕەویی دەڵێم: هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی بۆ ئێمە کە لە دەوروبەری دەژیاین و یەکترمان دەدی وانە بوو، وانەیەکی بەنرخ، وانەی فێربوون، خۆڕاگری، متمانە و باوەر بەخۆبوون و ڕێز لە ژن گرتن و... دوکتور قاسملوو

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەتایبەت لە گەڵ ئێمە ژنان ئینسانی و پێشکەوتوو بوو. کە لەگەڵ ژنان قسەی دەکرد زۆر وشیارانە و بەوردی وشەکانی هەڵدەبژارد و دەیزانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەری کە ژن بێ چی دەڵێ. بۆیە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وشەی دەدۆزییەوە و بەکاری دێنا.

ئاخافتنەکانی لە ڕادەبەدەر گیرا و کاریگەر بوو لە سەر ئێمە ژنان، بە تایبەت لە سەر من. پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا بیرەوەرییەک کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەمە بگێڕمەوە.کە هەرگیز لە بیرم ناچێ:

ئاخروئۆخرەکانی ساڵی ١٣٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ بوو. تازە لە شاری شنۆ بەرەو گوندی (شیوەجۆ) و دۆڵی دێمۆکڕات دەچووم کە بارەگای حیزبی دێمۆکڕاتی لێ جێگیر کرابوو. ئەمن زۆر شارەزاییم لە سەر ئەم دۆڵە و کەسانی نشتەجێ لەوێ نەبوو، هەموو شتێک بۆ من نامۆ و نائاشنا بوو. ئەو کات من پێشمەرگەیەکی زۆر شەرمێون بووم. نیوەڕۆ و کاتی نانخواردن هات و شوێنی نانخواردنیان پیشان دام. کە چووم بینیم شوێنێکە ١٥ میتر لە ٦ میتر دەبوو و کەم ڕووناکایی و سادە بوو. خەڵکەکە هەموو لەوێ بوون. دوکتور قاسملوو لە سەرەوە دانیشتبوو و فەرمووی: «خەجیج خانم بەخێر بێی، من لەگەڵ ئەو خانمە جوان و شیرینە نان دەخۆم، وەرە لە پەنام دانیشە.» منیش بە حوجب و شەرمەوە چوومە لای کاک دوکتور قاسملوو دانیشتم. زۆری تاریف کردم و قسەی خۆشی زۆری کرد. سفرە ڕاخرا و شتە پێویستەکان داندرا و خواردنەکە کە شۆرباو گۆشت بوو هات. کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و شۆرباوەکە دەخوا. ئەمنیش لەخۆڕا گوتم وایە و من تەنیا ئاوی گۆشتەکەی دەخۆم. زیاتر لە یەک مانگ ئەو بەزمە هەر درێژەی هەبوو و منیش خەریک بوو بۆ گۆشت دڵم بتۆقێ. ڕۆژێکیان گوتیان گۆشتێکی زۆریان هێناوەتە چێشتخانە. وابزانم گورگ لە مەڕی حیزبی دابوو. کورتی کەمەوە نیوەڕۆیە برینج و گۆشتی سوورکراوە بوو، دیسان وەک هەمیشە کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و برینجەکەی دەخوا. کاک دوکتور قسەکەی تەواو نەکردبوو من بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: نا ئەمن گۆشت دەخۆم و گۆشتیشم زۆر پێ خۆشە! کاک دوکتور قاقایەکی لێدا و فەرمووی: ئافەرین ئەوەم دەوێ! لەمێژە چاوەڕوانی ئەم قسەیەم. ئاخر کاتێک تۆ ناتوانی دیفاع لە مافی خۆت کە من دەیخۆم بکەی چۆن دەتوانی دیفاع لە مافی میللەتێک بکەی. د. قاسملوو بەو شتە سادەیە فێری کردم کە ناحەقی لە کەس قبوڵ نەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

کیژی شۆڕش، گوڵی سەنگەر



(لە ٤٠ ساڵەی پێشمەرگایەتیی شەنگەکچێکی نیشتمانداا)

دیمانە: شەونم هەمزەیی

لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نەریتی ساڵانی ڕابردوو بەپێدانی ڕێزنامە ڕێزی گرت لە پۆلێک پێشمەرگەی بەڕابردووی خۆنەویست کە بە بیر و باوەڕی چیایی و کۆڵنەدانی بەردەوام ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا خەبات دەکەن و ئاڵای خۆڕاگریی نەتەوەکەیان بەرز و شەکاوە ڕاگرتوە.

لەنێو ئەو پۆلە شۆڕشگێڕەی دێموکراتدا کە ئەمساڵ تاجی سەربەرزی و سەروەرییان لە سەر نرا، خاتوونێکی بە بیروباوەڕ هەبوو کە زیاتر لە چوار دەیەیە لەو ڕێبازە بەردەوامە و بووەتە یەکێک لە سیمبولەکانی خەبات و خەباتگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەم خاتوونە، خەج مەعزووری، سیما ناسراوەکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان و دەنگی شۆڕشی گەلی کوردە و، "کوردستان" پێی باش بوو لە دیمانەیەکدا چەند ڕەهەندێکی ژیانی تایبەتی و خەباتگێڕیی بەڕێزیان هەڵداتەوە.

شەونم هەمزەیی: یای خەج جەنابت لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا، ڕێزنامەی ٤٠ ساڵ پێشمەرگایەتیت وەرگرت. سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەریی "کوردستان"ەوە پیرۆزباییت پێدەڵێین. بفەرموو لەو ڕۆژەدا حەزت دەکرد لە بەرانبەر ئەو ڕێزگرتنەدا چیت گوتبا؟

خەج مەعزووری: چ هەستێک لەوە خۆشتر کە منی خەج، بڕوانامەی ٤٠ ساڵ بەردەوامی و خەبات لە پێناو ئازادیم بدرێتێ و ڕێکوردی زۆر مانەوە و بەردەوام مانەوە لە گۆڕەپانی بزووتنەوەدا بە ناوی خۆم تۆمار بکەم. ئەوەی لەو ڕۆژەدا لە بەرۆکم درا، بەنرختترین میدالیای خۆڕاگری، شێلگیری، پشوودرێژی و وەفاداری بە ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بوو.

ڕاستە لەم ڕێیەدا تەمەنی جوانیم دانا، کەزیەکانم سپی سپی هۆنیەوە، وەک مۆم وردە وەردە سووتام و لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەمدا توامەوە و هەر لەو ڕێگایەدا لەگەڵ گەلێک چەرمەسەری و ناخۆشی، نەهامەتی و بێبەشی بەرەوڕوو بووم؛ بەڵام ئەو شانازییەی لەم سۆنگەیەوە پێم بڕاوە گەلێ زیاتر و زۆرتر لەوەندەیە. ئارەزووش دەکەم حیزبەکەم بەردەوام لە گەشەکردندا بێ و بتوانێ ئامانجی شەهیدانی ئەم ڕێبازە وەدی بێ.

شەونم هەمزەیی: با بگەڕێینەوە بۆ چوار دەیە لەوە پێش، چۆن بوو هاتیتە ڕیزی شۆڕش؟ چۆن بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانت هەڵبژارد؟

خەج مەعزووری: هاتنی من بۆ ڕیزی شۆڕش بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو ڕابردوویەکی بنەماڵەیی لە پشت بوو. باب و خاڵم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەستەی لاوان بوون و ژمارەیەک لە خزمەکانمان لە دامودەزگای کۆماری کوردستاندا کاریان دەکرد، کاتێک خزم و کەس شەوانی سەختی زستان لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە، خەریکی قسەوباس و گێڕانەوەی سەربردە دەبوون. هەر لەو قسەوباسانەدا بابم و خاڵم بە حەسرەتەوە باسی کۆماری کوردستان و شۆنەواری کۆمار لەسەر خەڵک و لەسەر ناوچەکانی کوردستان، باسی سروودەکانی سەردەمی کۆمار بەتایبەت (خوایە وەتەن ئاواکەی) شانۆ و پیشمەرگەیان دەکرد. هەر ئەو قسەوباسانە گەرای نەتەوەخۆشەویستی لە مێشکی منی مێرمنداڵدا دروست کرد، بۆ من سەیر بوو کورد لە بڕگەیەک لە مێژووی خۆیدا و لە پارچەیەک لە کوردستان خاوەنی کیان و دامودەزگای ئیداری و هێزی پێشمەرگە بووە، سەرکۆماری خۆی بووە. ئەوانە هەمووی بۆ من سەیر و نامۆ بوون. لە هەمووی سەیرتر بابم هەمیشە لە بن گوێی دەچرپاندم ڕۆڵە! ئەو شتانەی باسی دەکەین پێوەندییان بە دەرەوەی ماڵەوە نییە، ئەو تەئکید کردنەوانەی زیاتر سەرنجی منی ڕادەکێشا و بۆ من ببوون بە پرسیار.

پـاش چەنـد سـاڵ دەرگـای دانیشسـەرای بنەڕەتیـی کچـانی مەهابـاد بەسـەر منـدا کـراوە و لەوێ بـووم کە ئێعتـراز و خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی پەهلەوی دەستی پێکرد. ئەمن وێڕای کچانی دانیشسەرا لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداریم کرد. لە یەکەم خۆپێشاندانداا کە بە دروشمدان بەرەو مەیدانی چواچرا دەڕۆیشتین لە ناکاو گوێم لە دروشمێک بـوو: "بـژی حیزبـی دێموکرات، نیشاندەری ڕێی خەبات". بە بیستنی ئەم دروشمە سەرسام بووم و خۆم پێ ڕانەگیرا بۆلای ئەو پۆلە کچە ڕاکێشرام کە ئەو دروشمەیان دەدا.

بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم لەو ڕۆژ و لەو ساتەوە دێموکرات لە دڵمدا هێلانەی کرد و نەمتوانی ئەو هێلانەیە خـرا کەم و، لەو کاتەوە تـا ئێستا ئاوێتە و دەستەملانی حیزبی دێموکرات بووم .

شـەونم هەمزەیـی: نـاوی جەنابـت و دەنـگە بلاوێنەکەت کە ئـاوێتەی مێـژووی ڕادیـۆی شـۆڕش، ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتانە، ئێستاش هێمنی و ئارامی بە گوێگران و ناسیاوانت و ئەوێندارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدا. چۆن بوو چوویە ڕادیۆ؟

خەج مەعـزووری: چوونی من بـۆ دەنگی کوردستان دڵخواز نەبـوو، چیرۆکێکی دوورودرێـژی هەیە. بە کـورتی مـن لە یەکەم دەورەی سیاسیدا بەشدار بووم کە حیزب لە ناوچەی مەهاباد لە گوندی خرەجۆ، دۆڵی گـوێزان کـردیەوە. یـادی بە خێـر کـاک تەها عەتیقی لەنێو بەشدارانی دەورە لە وێژەر دەگەڕا. لە گەڵ من قسەی کرد بۆ ئەوەی تەنیا گوێی لە تـۆنی دەنگەم بـێ. وا دیـار بـوو بەلایەوە خـۆش بـوو. کـاک تەهـا جـارێکی دیکەش گـوێی لە دەنگی مـن بـۆوە، ئەویـش لە کـاتی خوێنـدنەوەی پەیـامی یەکیەتیـی ژنـان بەبـۆنەی ٢ی ڕێبەنـدان کە بە بێسیم بە زیندووێی دەنێـردرایە ڕادیـو دەنگی کوردسـتان. هەر دوای بڵاوبوونەوەی دەنگی من داوایان کرد بچمە ڕادیۆ، بەڵام من وڵامی ڕەدم داوە .

پاش مـاوەیەک کـاک مستەفا هیجری و کـاک حوسێن مەدەنـی بـۆ مەئمـووریەتێکی یەک مـانگە هـاتنە شـنۆ تـا لەوێڕا بەرەو شیمالی کوردسـتان بـڕۆن. بـانگیـان کـردم و داوایـان کـرد تـا گەڕانەوەیـان بابەتێـک بە دوو زمـانی کـوردی و فـارسی لەسـەر کاسێتێک زەبت بکەم تـا لەگەڵ خۆیـان بیبەنەوە دەنگی کوردستان. کاسێتەکان بە دەنگی کوردسـتان گەیشـتن. وادیـار بـوو دەنگی منیان پێخۆش ببوو، ئەوە بوو کە دواتر لە ڕێگای کۆمیتەی شارستانەوە داوایان کردم و چووم .

شەونم هەمزەیی: ئەو بەرنامـانەی لە ڕادیـۆ دەنگی کوردستان بەڕێـوەت بـردوون و بە دەنگی جەنابت بڵاو بـوونەتەوە چی بوون؟

خەج مەعزووری: دیارە سەرەتاکان ئەمن تەنیا وێژەرییم دەکرد، بەڵام پاشان هەم دەمنووسی و هەم وێژەریەکەشم دەکرد وەک: ژیاننامەی شەهیدان، بۆ بەختیاری کۆمەڵ، وەڵامی نامەی گوێگرەکان، وتووێژ لەگەڵ بەرپرسی ئۆرگانەکانی حیزب، وتووێژ لەگەڵ فریوخواردووەکانی ڕێژیم. بێجگە لەم بەرنامانە وێژەریم بۆ بەرنامەی کۆلکەزێرینە دەکرد کە بەرنامەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو؛ هەروەها تەفسیری سیاسی کە هەموو ڕۆژێ بێجگە لە ڕۆژانی هەینی بڵاو دەبۆوە و ڕاگەیاندراو و بەیاننامەکانیشم دەخوێندەوە.

شەونم هەمزەیی: ئێوە لەو کەسانە بوون لە سەرەتاوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بوون، ئەم ڕادیۆیە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بوو. پێمان خۆشە لە زمان کەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی ڕادیۆ بناسین و بفەرموو ژیانی پێشمەرگانەی ئێوە لەو ژینگەیەدا چۆن بوو؟

خەج مەعزووری: کەسایەتیی زۆر بەرز لەگەڵ "دەنگی کوردستان" و لە پشت ئەم مێدیایەی حیزب بوون، کەسایەتیی وەک دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک مستەفا شەلماشی، کاک فەتاح کاویان، کاک تەها عەتیقی و کاک حەسەن شەرەفی. کەسێکی وەک کاک تەها عەتیقی ڕادیۆی بەڕێوە دەبرد و هەر ئەو بۆخۆی کۆڵەکەی بەهێزی ڕادیۆ بوو. ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەروەها کەسانێکی وەک ئەحمەد شێربەگی، بێهڕوز کورد ئەحمەدی، هەیاس کاردۆ، ڕەزا شیرازی، سیامەک قەوی‌پەنجە، عەبدوڵڵا حیجاب، دوکتۆر خەلیقی و دەیان کادری بەرجەستەی دیکەی هەبوو کە هەم دەیانووسی و هەم تەرجوومەیان دەکرد و هەم بەڕێوەبەر بوون؛ هەڵبەت ئەوە ئی ئەو سەردەمە کە بنکەی ڕادیۆ لە شاخ بوو.

ئێمە ژیانێکی زۆر ئاسوودە و دڵخوازی خۆمان نەبوو. هەموو ستریس و نیگەرانی بوو، زۆر کار و بەرنامەمان لەسەر ڕێتمێکی جێکەوتوو بوو. لە حەوتوودا یەک ڕۆژ لە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە و کەشێکی خۆش و دۆستانە و هاوڕێیانەمان پێک دەهێنا. ژیانمان خۆش نەبوو، بەڵام ئەوەی ئێمەی بەورە ڕاگرتبوو، ئیمان و باوەڕێکی بەهێز و پۆڵایین بوو بە خەبات و نیشتمان.

شەونم هەمزەیی: جەنابت بەهۆی نیزیکایەتی ڕادیۆ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە نیزیکەوە لەگەڵ دوو ڕێبەری بلیمەتی کورد، شەهیدان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی ژیاوی. هاوڕێیەتی و هاوسەنگەریی ئەم دوو زاتە چ شوێنێکی لە ژیانی سیاسیی جەنابتدا دانا؟

خەج مەعزووری: بێگومان بوونی ئەو ڕێبەرە بلیمەتانە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تایبەت بە خۆیان لە نزیک ئێمە، نەک هەر کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ژیانی ئاسایی و سیاسیی ئێمە هەبووە، بەڵکوو دڵگەرمییەکی زیاتر بووە بۆ مانەوە و خۆڕاگری و فێربوون. ئەو ڕێبەرانە قوتابخانەی گەورەی لێفێربوون بوون لە هەموو بوارێکدا. ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان ئینسانی و پێشکەوتوانە بوون. ڕازی مانەوە و بەردەوامیی ئێمەمانان لە کردەوە و بۆچوونەکانی ئەو ڕێبەرانەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەوان دەسمایەی فیکری و شتی بەنرخ و باشیان بۆ ئێمە ڕادەگواست و ئێمەش وەرمان دەگرت و دەمانکردن بە تۆشووی بەردەوامیی کار و تێکۆشان.

دەنگی جەنابت دەنگی شۆڕش و دەنگی بزووتنەوەیەک بوو. بزووتنەوەیەک کە حەماسەی دەخوڵقاند و شەهیدی دەدا. کەمێک لەو ڕۆژانە بۆمان بدوێ کە ڕووداوە گرینگەکانی شۆڕش دەهاتنەوە لای ئێوە. شتی خۆش و ناخۆش.

لە شۆڕشدا نوقل و نەبات نابەشنەوە، شۆڕشە و ناوی خۆی بەخۆوەیە. کاتێک لە شۆڕشدا بەشداری دەکەی و دەتهەوێ ئالۆگۆڕ لە وڵاتدا پێک بێنی و گەلەکەت بەختەوەر بێ، سووک و هاسان بە ئاکامی دڵخواز ناگەی. ئێمە ئەوە ٤٠ ساڵە لە پێناو ئازادیدا قوربانی دەدەین. ئێمە ئەوکات کە لە دەنگی کوردستان بووین بەردەوام چاوەڕوانی هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن بووین تا هەواڵی خۆش. لە بیرمە هەر کە کاکی بێسیمچیمان دەهات، دڵمان دادەخورپا، نیگەران دەبووین کە پێشمەرگە لە ناوچەدا چیی بەسەر هاتوە. دیارە پێشمەرگە بە زۆری لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا شانازییان دەخوڵقاند، بەڵام چەند پێشمەرگەیەک یا شەهید دەبوون یان بریندار، ئەوە ئێمەی دەشلەژاند. دیارە زۆر جاریش پیشمەرگە لە بۆسەی زۆر مەترسیدار ڕزگاری دەبوو و بەو بۆنەوە دەمانکردە خۆشی و شادی.

یان قەتم لەبیر ناچێ کە کاتێک کەرکوک لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕزگار کرا، کاک دکتۆر سەعید تەقەی خۆشیی کرد و کاتێک لێمان پرسی ئەوە چۆن بوو؟ فەرمووی ناکرێ بۆ ڕۆژێکی لە چەشنی ئەمڕۆ تەقەی خۆشی نەکەین.

شەونم هەمزەیی: کەم نەبوون و نین ئەو کچ و ژنانەی هاتوونەتە ڕیزی شۆڕشە، بەڵام تا ئێستا کەس وەک جەنابت نەیتوانیوە بێ دابڕان ماوەی ٤٠ ساڵ لە ڕیزی شۆڕشدا بمێنێتەوە و بەردەوام بێ. ڕازی ئەم مانەوەیە چییە؟

خەج مەعزووری: ڕازی مانەوەم ئیمان و باوەڕی قایم بەو ڕێبازەیە کە هەڵم بژاردووە، ڕێز و حورمەت دانان بەو پێشمەرگە و هاوسەنگەرانەیە کە بۆ ئەو ڕێبازە شەهید بوون و سەریان داناوە. سووربوونم لەسەر ئەو مافانەیە کە هەوڵی بۆ دەدەم وەک مافی نەتەوایەتی و مافی خۆم وەک ژن، تا دەمێنم بۆ وەدەستهێنانیان هەوڵ دەدەم و قورس و قایم

دەمێنمەوە و مەیدان چۆل ناکەم.

شەونم هەمزەیی: ڕوانگەی جەنابت بۆ بەشداریی ژنان، بۆ جێگە و پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

خەج مەعزووری: لەو هەلومەرجە حەساسەدا بەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێ جێگە و پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی دیار نین بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ژنان بەرامبەر کێشەکانیان کەمتەرخەم و لاپرەسەنن. بەرانبەر ئەو ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنانەی ڕۆژانە لە پەنایان دا ڕوودەدەن وەک ئیعدام، گرتن بە تایبەت دەسبەسەر کردنی کۆمەڵێک ژن و کوشتنی کۆڵبەر و بە شێوەی جۆراوجۆر بێ حورمەتی کردن بە ژنان و بە نەتەوەکەیان هەڵوێستیان نییە و چالاک و لەسەر خەت نین.

ژنانی کورد نە تەنیا دەبێ مەسەلەی نەتەوایەتی و هۆوییەت و شوناسی نەتەوایەتی بەهێز بکەن و بۆی تێبکۆشن، دەبێ بۆ کێشەکانی خۆشیان هەوڵ بدەن.

ژنان دەبێ لەو هەلومەرجەدا کە ئێران و کوردستان شلەژاوە دیار بن، لەسەر ڕووداوەکان کاریگەرییان هەبێ و هەلەکان بقۆزنەوە، ئەگەر بە وشیاری و ئاگاهی لەگەڵ بەرامبەرەکەیان بێنە مەیدان هەم شۆڕشێک دەخولقێنن هەم بزووتنەوە سەر دەخەن.

شەونم هەمزەیی: سپاس لەوەی کاتت پێداین بۆ ئەم دیمانە کورتە

خەج مەعزووری: سپاس بۆ ئێوەش کە منتان بەسەر کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وک کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆڕی ٢٠٢٠

پێشمەرگەی ژن لە مەیدانی خەباتی مافویستی و شوناسخوازیدا

پێشمەرگە مرۆڤێکی وشیار، بە پرێنسیپ و بە بیروباوەڕە. هێزێکی چەکدارە کە لە پێناو ئازادی و دەستەبەرکردنی ئازادیدا تێدەکۆشێ و بەرەنگاری هەر جۆرە ناحەقی و زوڵم و چەوساندنەوەیەک دەبێتەوە، چەکدارێکە وڵات و نیشتمان دەپارێزێ و بەستێن بۆ ڕاحەتژیان خۆش دەکا. لە ڕاستیدا پێشمەرگە، ئەو مەیدانەی هەڵنەبژاردوە بۆ مردن، بەڵکوو بە پێچەوانە بۆ ژیان هەوڵ دەدا. پێشمەرگە وەک کاراکتێرێکی سەرەکیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد بۆتە سیمبول و ڕەمزی نەتەوەیی و گەورەیی و خۆشەویستیی پێشمەرگە بۆتە بەشێک لە فەرهەنگی گەلی کورد.

پرسیار ئەوەیە پێشمەرگە کێیە؟ ئایا هەر وەک ڕابردوو کاتێک ناوی پێشمەرگە دەبیسین قەڵافەت و هێمای پیاوێکی چەک لە شان کە بۆ ئازادی و سەربەستی گەلەکەی هەوڵ دەدا دێتە بەرچاو؟ ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە بۆ سەرخستنی بزووتنەوەیەک هەر دەبێ بە پیاو بێ؟ ئایا ژن ناتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێ؟ ئایا ڕۆڵ و بەشداریی ژن وەک پێشمەرگە چەندە شوێندانەرە لە بزووتنەوەیەک یا لە شەڕی چەکداریدا؟

کوردستان لە گەرمەی شەڕدا بوو، خومەینی فتوای جیهادی دژ بە کورد ڕاگەیاندبوو، کوردستان یەکپارچە ببوو بە ئاور و ئاسن. بەو فتوایە ڕێڕەوی خەبات و بزووتنەوە گۆڕا، چونکی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر کورد داسەپا و ئەرکێکی تایبەتیش کەوتە سەر شانی پیاوان و ژنانی ئازادیخواز. ئەمە یەکەمجار نەبوو کە ژنان دەبوا شانیان دابایە بەر بەرپرسایەتی. ژنان

لە پاشخانی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازیی کورددا جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان هەبوو و زۆر کەسیان لەو مەیدانەدا شەهید ببوون. بۆ نموونە "ئەختەر" کە ساڵی ١٩٣٠ لە خۆپێشاندانەکەی بەر دەرگای سەرای شاری سلێمانی کەوتە بەر دەستڕێژ و شەهید بوو،یان مارگرێت، پێشمەرگەی بەجەرگ کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا شەهید بوو، یا گوڵی ڕێحانی خەڵکی مەهاباد کە دەکرێ بە یەکەم ژنی زیندانیی سیاسیی کورد دابندرێ کە ساڵی ١٣٣٤ کەوتە بەندیخانەوە، یا فاتە خانی گەلواخی، خەڵکی دیواندەرە شان بەشانی میرەکان شەری کردوە. لەیلا قاسم یەکەم ژنی کورد بووە سەری چۆتە سەر دار و ساڵی ١٩٧١ ئێعدام کراوە، زێنەبە ڕەش قارەمانی نێو سەنگەر لە زۆربەی شەڕە داسەپاوەکانداا لە ناوچەی مەهاباد چالاکانە لە شەڕدا بەشداریی کردوە، یا زۆر ژنی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری کاتی خۆی لە مەیداندا بوون و ناویان لە میژوودا تۆمار کراوە؛ کە وایە ژن دەتوانێ لە هەموو ئەرکێکدا ڕۆڵی شوێندارای هەبێ بەو مەرجەی ئیزنی پێ بدرێ، بەڵام پیاو هەمیشە پێشەنگ بووە و جڵەوی بزووتنەوەی بە دەستەوە بووە.

میژووی سەرهەڵدان و بزووتنەوە سیاسییە ڕێکخراوەکان لە کوردستان بۆ زیاتر لە سەدەیەک لەوە پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام دەبینین کە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوون. یەکێک لە هۆیەکانی ئەم ناکامییانە کە قەت ئاماژەی پێ ناکرێ، ئەوەیە کە بەشێک یا نیوەی هێزی ئینسانیی کۆمەڵ کە ژن بن، ئیزنیان پێ نەدراوە لە بزووتنەوەکەدا ڕۆڵیان هەبێ و لە فکر و تواناکانیان کەڵک وەرگیرێ.

دیارە بەشدار نەبوونی ژن زۆر هۆی سەرەکیی هەبووە کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

١- پێشتر وەک بوونەوەرێکی لاواز و دەستەوەستان چاو لە ژن دەکرا و، تواناکانی بە هەند وەرنەگیراوە.
٢- دابو نەریت ڕێگر بووە ژن وەک پیاو بێتە مەیدان و لە دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیدا کاری نێوماڵ و پێڕاگەیشتنی منداڵی پێ ئەسپێردراوە.
٣- ئایین و مەزهەب و نەریتیبوونی بنەماڵە ڕێگر بووە لە هاتنە مەیدانی ژنان.
٤- بوونی کۆمەڵگەیەکی پیاوسەردار و نەخوێندەوار و نەبوونی باوەڕ بە هێزی ژن لە کۆمەڵگەدا.

ئێستا سەرنج دەخەینە سەر ڕۆڵی پێشمەرگەی ژن لە شەڕی چەکداری لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تیشک دەخەینە سەر چەندی و چۆنیی ڕۆڵی پێشمەرگەی ژن لە بزووتنەوەدا؟ ئەوە حەقیقەتێکە ئەگەر لە سەرەتاکانداا بوونی پێشمەرگەی ژن لە بزووتنەوەدا کەم و دەگمەن بووە، بەڵام هەر ئەو دەگمەنە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لە گەرمەی شەڕی چەکداریی داسەپاودا، ژن لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانداا نەخشی باش و شوێندانەری هەبووە کە مخابن قەت بە تەسویر

نەکێشراوە و باسی ئەو کۆسپ و ئازارانە نەکراوە کە لەو سۆنگەیەوە چێشتوویانە. لای ئێمە ڕۆڵ و نەخشی ئەو ژنە پێشەنگانەی سەردەمی شەڕی چەکداری کەم باسی کراوە و ئێش و ئازار و بێبەشبوونی ئەو تەوارە چەک لەشانانەی نێو سەنگەر کەمتر هەست پێ کراوە.

پێشمەرگەی ژن لە تیمارکردنی پێشمەرگە بریندارەکانی مەیدانی شەڕدا ئەرک و زەحمەتی زۆری لەسەرشان بووە، پێشمەرگەی ژنمان هەبووە سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا بووە و بریني بریندارەکانی ساڕێژ کردوە و تەنانەت لەو ڕێگایەدا گیانیشی داناوە، یا گیراوە و ئێعدام کراوە، یا لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش لە کاتی خۆیدا بە دەیان ژن لە پەنا زامدارەکانی شەڕی داسەپاو شەو و شەونخونییان چێشتوە، زۆر لە پێشمەرگە زامدارەکانی ئەو کات باش دەزانن ئەو ژنانە چەندە فیداکاری و لە خۆبوردوویيان لە خۆیان نیشان داوە، کار و ڕۆڵی بەردەوام و قورس و پیرۆزی ئەو سپی‌پۆشە پێشمەرگانە لە سەنگەری ئینسانیدا قەت لە بیرناچێتەوە. یا لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی چەکداریدا سەنگەری بە هێزی فێرکردن و بارهێنان، واتە خوێندن، کە سەنگەرێکی لەشکانناپەزیر بوو، لەو بوارەدا ڕێژیمی لەگەڵ ناکامی بەرەوڕوو کرد کە پێی وابوو منداڵانی پێشمەرگە و پێشمەرگەی بێسەواد، نەخوێندەوار دەمێننەوە، بەڵام پێشمەرگەی ژن شان بە شانی هاوڕێ پێشمەرگەکانی پیاو قۆڵیان هەڵماڵی و ئەو سەنگەرەیان بەهێز کردبوو، لەبن هەر دار و دەوەن و ژێر چادر و زۆر شوێنی دیکە بێ‌ترس لەژێر ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشاباران، منداڵانی پێشمەرگەیان فێری وانەی نیشتمان‌خۆشەویستی و زمانی پاراوی کوردی و زانست و زانیاریی سەردەم دەکرد. لە سۆنگەی ئەم فیداکاری و ئەرکوەخۆگرییەوە سەدان پیشمەرگەی نەخوێندەوار، بە وانەی زمانی کوردی خوێندەوار کراون و بە سەدان کچ و کوڕی بنەماڵەی پێشمەرگە لە دەرەوە و لە کوردستان بە پلەکانی دوکتۆر، لیسانس، کارناسی باڵا و دۆکتۆرا گەیشتوون، ئەوانە بەرهەمی گەرمەی شەڕی چەکدارین و خوێندوویانە و پێگەیشتوون و ئێستاکە بوونەتە جێگای شانازی بنەماڵە و گەلەکەیان. ئەو کەسانە قەرزداری مامۆستاکانی ئەو سەردەمن.

یا ژمارەیەک پێشمەرگەی ژن لە سەنگەری ڕاگەیاندن، لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان و بەشەکانی دیکە بێ‌ترس و دڵەخورپێ سااڵنێک لە شاخ و کێو و چۆلگەکانی کوردستان بەبێ چاوەڕوانی لەژێر ڕەهێڵەی ئاور و ئاسن، ماندوویی‌نەناسانە تەمەنیان داناـ یا دەتوانین ئاماژە بە ژنانی شار و دێ و ژنی پێشمەرگە بکەین کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات لە پشت بەرەی شەڕی داسەپاودا ورەیان دەدا بە پێشمەرگە و بە دابینکردنی خواردن و پۆشاک و شوێنی حەسانەوەیان و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری یار و یاوەری پێشمەرگە بوون، ئەو ژنانە یا پێشمەرگەی ژن، یا ژنە پێشمەرگە، و یا ژنانی ئاسایی کوردستان بوون.

بێجگە لەو سەنگەرانەی لە جەنگەی شەڕی چەکداریدا ئاماژەیان پێ کرا کە ژنان بەگوێرەی توانا ئاوەدانیان کردبوونەوە، ژمارەیەک ژن چەک لە شان بەکردەوە لە سەنگەری شەڕی داسەپاودا بوون کە تەنانەت بەشێک لەوان شەهید بوون. ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوام بووە و ئێستاش بە دەیان پێشمەرگەی کچ و ژنی بە بیروباوەڕمان هەیە کە لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا ئەرک و بەرپرسایەتییان وەئەستۆ گرتووە.

ئێستاش ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ بوونی ژن یا ڕۆڵی پێشمەرگەی ژن لە بزووتنەوەدا چەندە شوێندانەر بووە، یا شوێن دادەنرێ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش فەرهەنگ و کولتووری پیاوەزنی کەم و زۆر لە هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورددا هەیە، بەڵام هاتنە مەیدانی بە کردەوەی ژن و خۆسەلماندنی، تا ڕادەیەکی زۆر جێگە و پێگەی شایانی ژنی بەوان بەخشیوە.

ئەمن بۆخۆم لە سەر ئەو بڕوایەم:

١- ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەدا وای کردوە کە جیهانبینیی پیاوەزنی سەبارەت بە پێشمەرگەی ژن تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ بووبێتەوە و لەسەر پیاوە پێگەیشتووەکان کاریگەریی هەبێ و ڕوانگەی ئەوان بگۆڕێ.

٢- ڕۆڵی پۆزتیڤی پێشمەرگەی ژن لەو مەیدانەدا بەرانبەرخوازی و یەکسانیخوازیی فێر دەکا و لە سەر ئەو بڕوایەیە جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نییە و ئەوە بۆتە باوەڕ کە بەڵی "ژن" دەتوانێ. نموونەش ژنانی پێشمەرگەی خۆمان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەیدانەکانی شەڕ و شۆڕش، یا نموونەیەکی تر وەک شەڕی کۆبانێ و عەفرینی ڕۆژئاوا کە زۆر بە ڕوونی سەلماندی ژن چەندە بەتوانایە.

٣- بوونی بەردەوامی ژنان نەفسبەرزی و هەستی باوەڕ بەخۆبوونی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا هەم لەلای ژنان و هەم لەلای پیاوان دروست کردوە؛ کە ئەگەر ئیرادە هەبێ و باوەڕ هەبێ ژن دەتوانێ.

٤- لەو مەیدانە بەرینەدا ژنان سەلماندوویانە پێشمەرگەی پیاو و پیشمەرگەی ژن دەبێ هەبێ و هاوتەریبی یەک بڕۆنە پێشێ. ئەوان تەواوکەری یەکترین و دەبێ باوەڕیان بە یەکتر هەبێ و پشتی یەک بگرن دەنا لە سەرکەوتن دوور دەکەوینەوە.

بە کورتی ژنی بە وردە و بیروباوەڕ هێز دەدا بە بزووتنەوە. هێزی زۆری خاوەن بەرنامە و پرۆژەی سازمان‌دراویش کاریگەریی ئەرێنییی لەسەر بزووتنەوە و شێوەکانی دیکەی خەبات لە هەر بوارێکدا هەیە. هەر بزووتنەوەیەک ئەگەر بیەهەوێ بەرنامەکانی زووتر بە ئاکام بگا، دەبێ وەک هێزێکی جیددی لە بزووتنەوەدا سەیری ژن بکا. دەبێ ئەو هەستە دروست بکرێ کە ژن ئەرکەوەخۆگرە و ئەو مەیدانە دروست ببێ کە ژنان بە هەست بە بەرپرسیارەتی کردنەوە ئەرکەکانیان بەجێ بێنن.

دیارە ئەو ڕاستییەش ناشاردرێتەوە کە حزووری ژمارەی ژنان لە مەیدانی سیاسیدا کەمە و ژنی کورد هێشتا نەبۆتە هێزی سیاسی کارا و، نەبۆتە ئەهرۆمی فشار بۆ سەر ژنەویستان یا کوردنەویستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئیرادە و ویستی ژنان هەردەم ڕوو لە هەڵکشانە و دەتوانم بڵێم کە ئیدی ژنان ڕێگا و ڕێبازی خۆیان دیتۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

کۆچی‌دوایی دایکی کادرێکی لەمێژینەی ڕێبەریی حیزب لە شاری شنۆ

دایە گوڵخاتر کاکالە (ئەمانی)، دایکی کادری لەمێژینەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یای خەج مەعزووری، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری شنۆ کۆچی‌دوایی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی بانەمەڕ، دایە گوڵخاتر کاکالە، دایکی یای "خەج مەعزووری" کادری لەمێژینە و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت دڵە گەورە و پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت.

دایە گوڵخاتر لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان‌پەروەری ناوچەی شنۆ لەدایک بوو. هەستی نیشتمانپەروەری لە بنەماڵەی دایە گوڵخاتردا وایکرد کە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕیزی پێشەوەدا بن. برایەکی دایە گوڵخاتر بە ناوی شەهید عەلی ئەمانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا گیانی پیرۆزی پێشکەش بە نیشتمان کرد. هاوکات هەستی شۆڕشگێڕیی ئەو ژنە تێکۆشەرە لە دڵی منداڵەکانیشیدا چەکەرەی کرد و بووە هۆی ئەوەیکە یای خەج مەعزووری وێڕای دوو برای بەناوەکانی کاک محیەدین و کاک ڕەحمان مەعزووری ڕوو لە سەنگەرەکانی خەبات و تێکۆشان لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن.

یای خەج ماوەی چەندین دەیەیە وەک پێشمەرگە و وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب بێوچان و ماندوویی‌نەناسانە لە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ گەل و نیشتمانەکەی بەردەوامە.

لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی دایە گوڵخاتر و خزم و کەسوکاری و خەڵکی ناوچەی قارەمانپەروەری شنۆ، بە تایبەت هاوڕێیان یای خەج، کاک ڕەحمان و کاک محیەدین مەعزووری دەکەین و خۆمان بە شەریکە خەم و بەشداری ماتەمیان دەزانین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠٢١

شەڕ و لێکەوتە زیانبارەکانی لەسەر ژن و خێزان

ئەم وتارە نە لێکۆلینەوەیە نە خەسارناسی، چونکە نە خەسارناسم و نەکۆمەڵناس، بەڵکوو پێشمەرگەیەکم کە لە سەرەتای شۆڕشەوە وەک زۆربەی ژنانی پێشمەرگە یا بڕێک زیاتر لە ژنان لە فەزای شەڕ و کێشەکانی دابووم و موتەئەسیر لە شەڕ و لێکەوتەکانی شەڕ بووم و شەڕم بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێ کردوە و بە تایبەت لێکەوتە و ئاکامەکانی شەڕ لە سەر ئینسانەکان بە تایبەت لە سەر ژنان و منداڵانی نێو شۆڕشم بە ڕوونی دیتووە و هەستم پێ کردووە.

شەڕ و ئەو تووندوتیژی و ئاکامە نەرێنیانەی کە لێی دەکەوێتەوە بە یەک شێوە لە سەر مرۆڤ شوێن دانانێ، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ئینسانەکان و بە تایبەت لەسەر ژنان شوێن دادەنێ. لەو بابەتەدا باسی تووندوتیژی و کارەساتە نالەبارەکانی شەڕ دەکەین کە لە وەڵاتی ئێمەدا لەسەر گشت گەلی کورد و بە تایبەت ژنی کورد و بە بەردەوامی بەڕێوە دەچێ و ژیانی ئیفلیج کردووە، وای لە مرۆڤی کورد کردووە ژیانێکی ئاسایی و حەساوەی نەبێ و بە دایم لە ترس و دڵەڕاوکێ و ستریسدا بژی. هەر لەو کاتەوە فتوای شەڕ لە لایەن "خومەینی"یەوە لە دژی گەلی کورد ڕاگەیەندرا و شەڕی نەخوازراو بە سەر گەلی کورددا سەپا. جۆرەکانی تووندوتیژی دەستی پێ کرد و زیان و خەسارێکی زۆری بە کۆمەڵگەی کوردی گەیاند و زۆرترین زیانیش وەبەر ژنان و منداڵان کەوت.

شەڕ چییە؟

شەڕ لە پێش مرۆڤێشدا هەبووە، شەڕ لە نێوان ئاژەڵ و گیانلەبەران، شەڕ لەنێوان ئینسانەکاندا وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان کەڵکی لێ وەرگیراوە. "کلوزویتز" زانای کۆمەڵناس دەڵێ: شەڕ درێژەی سیاسەتە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە و بە کەرەستەی جیاوازەوە. لێنین بە شێوەیەکی دیکە ئەو قسەیە دەکا و دەڵێ: سیاسەت درێژەی شەڕە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە و بە کەرەستەی جیاواز. هەر دووی ئەو زانایانە یەک شت دەڵێن ئەویش قبووڵکردنی شەڕە وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و پێشگیری لێنەکراو.

بە گشتی شەڕ بریتییە لە: کۆمەڵێک هەلومەرجی تێکەڵاو، بەڵام بە نۆبەی خۆی ئوسوول و یاسا و پرێنسیپی یاسایی خۆی هەیە.

هەر وەک دەزانن شەڕ کردن قانوون و یاسای خۆی هەیە بەڵام زۆر جاران لە شەڕدا ئوسوول و یاسا و پرێنسیپی یاسایی شەڕ وەبەر چاو ناگیرێ و لە ئوسوول و یاسای شەڕ لا دەدەن، لە پێناو کێشەیەکدا شەڕ دەکەن کە شایانی ئەوە نییە شەڕی بۆ بکەن. بۆ وێنە شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلی کورد. ئەو شەڕە لە کاتێکدا دەکرێ کە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەوە کردووە بۆ هەر نەتەوەیەک ڕەوایە خاوەنی کیان و سەروەریی خۆی بێ و ژێردەستە و ژێرچەپۆکەی هیچ نەتەوەیەکی دی نەبێ.

شەڕ بۆ چی دەکرێ و لەگەڵ کێ دەکرێ و چ ئاسەوارێک لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ؟ دیارە شەڕەکان لەنێوان وڵاتان، شەڕی وڵاتان لەگەڵ نەتەوەکان، شەڕ بۆ گەیشتن بە ئازادی، شەڕ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەکرێن. ئاسەوارەکانی شەڕ بۆتە هۆی وێرانبوونی شار و گوندەکان، بەجێهێشتنی زیانی ئابووری، لێکەوتەی هەژاری، نەمانی ئەمنییەت و ئاسایش، پێکهاتنی ترس و دڵەخورپێ و ئێستریس، کوژرانی خەڵک بەکۆمەڵ و تاک و بریندار و نەقوستان بوونی خەڵکی سڤیل و بەشدارانی بەرەی شەڕ، ئاوارەیی و بەجێ هێشتنی نیشتمان و پەڕیوەی هەندەران بوون. بێجگە لەوانە گرتن، زیندانی کردن، ئەشکەنجە، کوشتن، تێرۆر، ئێعتیاد، دزی، بێکاری، فەحشا، ناهومێدی، خەمۆکی، ڕەوانی بوون و دەیان دیاردەی ماڵوێرانکەری دیکە لە ئاسەوارەکانی دیکەی شەڕن و هەمووشیان کاریگەریی نەرێنییان لەسەر مرۆڤەکان هەبووە. ئێمە وەک نەتەوەی کورد بەداخەوە چەند سەدەیە لەگەڵ شەڕ و ئاسەوارەکانی دەژین و زیانی قەرەبوونەکراومان وێ کەوتووە.

لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا کە کەرەستەی تووندوتیژی نیزامییان لەبەر دەستدایە، هەموو کاتێک بە هۆی جۆراوجۆر ئەگەری هەڵگیرسان و دەست پێکردنی شەڕ هەیە، ئەگەرچی ئەو ڕووداوانەی کە خێرایی دەدەن بە تێکهەڵچوون و شەڕ جیاوازن. شەڕ کردارێکە و کاتێک ڕوو دەدا کە دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتری، یا دەوڵەتەکان لەگەڵ نەتەوەکان بەرەوڕووی یەکتر دەبنەوە کە نەتوانن کێشەکانیان لە ڕێگای وتووێژ و دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکەن، وەکوو شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلی کورد. گەلی کورد لە ئێران بە زیاتر لە ١٠ میلیۆن حەشیمەتەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دانی پێدانانرێ و مافەکانی بە ڕەوا نازانرێ، بە کەرەسەی زۆر و زەوەند و مۆدێرنی شەڕ و هێزی زۆر لە بەرانبەر گەلی کورددا کە خاوەنی هێزێکی نابەرانبەرە شەڕ دەکا. ئەوەش لە کاتێکدایە هەروەک ئاماژەی پێ کرا کورد داوا و ویستەکانی هەر وەک لە جارنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە بۆ هەر نەتەوەیەک ڕەوایە خاوەنی کیان و سەروەریی خۆێ بێ و ژێردەستە و ژێرچەپۆکەی هیچ نەتەوەیەکی دیکە نەبێ. دەردەکەوێ بۆ هەڵگیرسانی شەڕ تەنیا یەک هۆکار نییە، بەڵکو هۆکارگەلی جیاواز هەیە. شەڕ تاقیکاریی کۆتایی هێزە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا.

ئەو باسە تەرکیز لەسەر شەڕ لە کوردستان و ئاکام و ئاسەوارە تاڵ و دژی ئینسانییەکانی دوای شەڕ لەسەر ژنان و منداڵان دەکا. شەڕ خولقێنەری تووندوتیژی بە شێوەی جۆراوجۆرە، شەڕ نمودێکە لە تووندوتیژی یا شەڕ خودی تووندوتیژییە. کاتێک شەڕ لە نێوان دەوڵەتان یا شەڕی دەوڵەتێک لەگەڵ نەتەوەیەک ڕوو دەدا، لێکەوتەکەی تووندوتیژییە و ئەوەی لە دوای خۆی بەجێی دێلێ خەساری ماڵی وگیانی و ڕەوانیی گەورە و قەرەبوونەکراوە.

کە باس لە شەڕ لە کوردستان دەکرێ ڕەنگە لایەنی بەرگری لە بەرامبەر هێزی داگیرکەر ئەرێنی و پیرۆز و لەجێی خۆیدا بێ، بەڵام سەرنجی ئێمە بۆ لای لایەنە نێگەتیڤەکانی شەڕ دەچێ و بیر لەو ئاسەوارە ڕەوانی و ناخۆش و دژی ئینسانییانە دەکەینەوە کە ئێمە لە نزیکەوە بە چاو دیتومانە و هەستمان پێ کردوە. شەڕ لە کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی حاکم، شەڕێکی داسەپاوە، شەڕی سەرکوتە، شەڕی نابەرانبەرە، شەڕی دەوڵەتێکە لەگەڵ نەتەوەیەک، شەڕێکە بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادیی گەلێک.

لێرەدا ئاماژە بە چەند فاکتەر گرینگە:

- یەکەم شت کە لە شەڕدا هەستی پێ دەکەین ڕاوەدوونان و فشارهێنانی لەڕادەبەدەری حاکمان بۆ سەر خەڵک و پەڕیوەبوونی بەناچاری لە وڵات و زێدی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە خاک، نیشتمان، خزمانی دەرەجە یەک، دۆستان و ئاشنایان، بە تایبەت دوورکەوتنەوە لە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەییان دەردێکە و خۆ گونجاندن و لەگەڵ فەرهەنگ و

کولتووری ولاتانی دراوسێ یا ولاتە ڕۆژئاواییەکان دەردێکی دیکە. ئەوە لەلایەک باشە و ئاشنا بوون لەگەڵ زمان و کولتوور و فەرهەنگ و دابونەریتەکانی دیکە کە زۆر جار سوودمان لێ دیون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کارەسات ئەوکاتەیە کە بە هۆی پارێزگاری لە خاک و کولتوور و فەرهەنگ و پاراستنی زمان بەناچاری تەرکی نیشتمانت پێ کراوە و لە ولاتێکی بێگانەدا گیرساییەوە و بە تەواوی لەنێو فەرهەنگ و کولتووری ئەو ولاتەدا توابیەوە و ئاوێتەی هەموو نەریتەکانی بی و تێیدا ون بی و ئەوەی لە پێناویدا بۆی پەڕیوەی هەندەران بووی لەبیر بەرییەوە و بە یەکجاری پشت لە ویستەکان و فەرهەنگی نەتەوەکەت بکەی. دیارە نموونەی ئەوە لەنێو منداڵانی کوردی هەندەراندا زۆر دیتراوە. کارەسات ئەوکاتەیە لە ولاتێکدا بە ئاسوودەیی بژی و لە هەموو خەدەمات و ئیمکاناتی ئەو ولاتە کەڵک وەرگری، بەڵام چەقبەستووانە لە دژی فەرهەنگ و کولتوورەکەیان ڕاوەستی و بەربەرەکانییان لەگەڵ بکەی و تووندوتیژی بنوێنی. بە داخەوە لە هەر دوو شێوەی ئەم دوو ڕەفتارە دیتراوە و تووندوتیژی کراوە و خوێنیش لە جەستەی کوڕ و کچی کورد ڕژاوە. هەڵبەت بە خۆشییەوە پێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوتانەش هەبووە کە تاکەکان لە نیشتمان دوور کەوتۆنەتەوە، هەستی نەتەوە خۆشەویستییان بەهێز بووە و ڕێز و حورمەت لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیی نەتەنیا کز نەبووە بەڵکوو بەهێز و لە گەشەدا بووە و ڕێز لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکانی دیکەش گیراوە و ئینسانیانە لەگەڵ کەلتوورە جۆراوجۆرەکان هەڵسوکەوت کراوە. بەڵام ئاسەوارە نەرێنییە دەروونیەکانی شەڕ بە ڕوخساریانەوە هەر دیارە.

- بە هۆی شەڕەوە کوژرانی خەڵک بە تاک و بەکۆمەڵ لە شار و گوندەکاندا ئاسەواری دەروونیی ناخۆش و خەمهێنەری لەنێو تاک و لەنێو بنەماڵەکاندا بە تایبەت لە سەر ژنان و منداڵاندا بەجێ هێشتوە.

- شەهیدبوونی ئەو کەسانەی کە ژن و منداڵیان هەبووە و کورد و پێشمەرگە یا ئەندامی ئەو ڕێکخراو و سازمانانەی نەیاری ڕێژیمن و لە تاراوگە دەژین و لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا گیانیان لەدەست دەدەن. دوای شەهیدبوونی گەورەی ماڵ، تەنیا پشت و پەنای ئەو بنەماڵانە حیزب و سازمانەکانن. ئەو ژن و منداڵانە بە یارمەتییەکی زۆر کەمی ماڵی و زیاتر مەعنەوی دەژین. حیزبەکان و بە تایبەت حیزبی دێمۆکرات هەموو هەوڵی خۆیان بەکار هێناوە تا ئەو جێگایەی دەکرێ ئەو بنەماڵانە بە ئاسوودەیی بژین. سەرپەرەستی سەرەکیی ئەو منداڵانە دایکەکانن و ئەوان هەوڵیان داوە تا ڕادەیەکی زۆر جێگای باوکیش بۆ منداڵەکانیان پڕ بکەنەوە و هەم ببنە دایک و هەم باوک. ئەم دایکانە لە ڕەوتی ژیاندا بەرەوڕووی گەلێک تووندوتیژی و چەرمەسەری بوونەوە و فیداکاریان نواندووە. نموونەی ئەم جۆرە ژنانە زۆرن کە لاو بوون و دوای شەهیدبوونی هاوژینی پێشمەرگەیان لەسەر منداڵەکانیان دانیشتوون و خۆیان و ژیان و لاوەتییان کردووەتە قوربانی.

- نەقوستان بوونی ئەو کەسانەی لە شەڕدا بەشداریان کردوە، ئەو نەقوستانیە هەرگیز بۆ پیاو و بۆ ژن قەرەبوو

ناکرێتەوە. کەسێک کە چاو، دەست و قاچەکانی لەدەست داوە، ئەو کەسانە لەنێو خەڵکدا زۆر گەورەن، بەڵام تەنیا سێبەریان بە سەر ماڵ و منداڵیانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەو شێوەی کە پێویستە ناتوانن بژیوی بنەماڵەکەیان دابین بکەن. ئەو کەسانە نە تەنیا لە بواری جەستەییەوە بەڵکوو لە بواری ڕەوانییشەوە تەواو نین و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ زیاتر دەکەوێتە سەر ژن. دیارە لەم وتارەدا باسی ئەو کەسانە دەکرێ کە لە کوردستان دەژین نە ئەو کەسانەی کە نەقوستان بوون و لە هەندەران دەستیان بە خزمەت و پێڕاگەیشتنی تاڕادەیەک باش ڕا دەگا.

- هەر شەڕێک لە هەر وڵاتێک و هەر ناوچەیەکدا بکرێ شوێنەواری ناخۆش و نائینسانی لە پاش خۆیدا بەجێ دێڵێ، وەک وێرانیی شار و گوندەکان، داخرانی قوتابخانەکان، گرانی و قاتی و قڕی، سووتان، لە نێوچوونی مووچە و مەزرا، ئاژەڵ و زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە کە ڕاستەوخۆ شوێنی نەرێنی لەسەر دەروونی ئینسانەکان بە تایبەت لەسەر منداڵان و ژنان دادەنێ، چونکە لە پێشدا هەژاری و فەقیری بەرۆکی ژنان دەگرێ و ژنان لەگەڵ گیروگرفتەکان دەستە و یەخە دەکا.
- ئەو زەرەر و زیانانەی هەم لە کاتی شەڕ و هەم دوای شەڕ بەرۆکی کۆمەڵ دەگرن، زیاتر بەر ژن دەکەون. ئێمە باسی شەڕ لە ناوچەیەکی داخراو و دواکەوتوو و تا بینەقاقە لە کۆنەپەرەستی و خورافەدا نوقمبوو دەکەین، نە وڵاتێکی پێشکەوتوو و دێمۆکراتیک کە دێمۆکراسی قسەی یەکەم دەکا. ئێستاش ئەو شوێنەوارە نەرێنییانەی شەڕ وای کردوە ژنان بە چووکترین گرفت پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن.

باوەڕ وایە لە هەموو شەڕەکاندا ژنان و پاشان منداڵان قوربانیانی سەرەکین کە بەرەوڕووی تووندوتیژی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە. ڕەنگە زۆر لەو زەرەر و زیانانەی کە لە شەڕدا وە ناوچەیەک و یا وڵاتێک دەکەوێ پاش ماوەیەک قەرەبوو بکرێتەوە بەڵام بۆ ژن هەرگیز قەرەبوو نابێتەوە. لەو شەڕە داسەپاوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە بۆ ئازادی و دێمۆکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی لە کوردستاندا لە گۆڕێ دایە، ڕەنگە ڕادەی کوژرانی ژن بە نیسبەت پیاو ١ بە ١٠٠یا کەمتریش بووبێ، واتە زیانی گیانی لەنێو ژناندا کەم بووبێ، بەڵام ئاسەواری ڕەوانی و خەمۆکی لەنێو ژناندا بەرچاوە.

لە کوردستان زیاتر لە ٢٥ هەزار شەهیدی بێدیفاع (بێئەوەی بە کردەوە لە مەیدانی شەڕدا بووبن)مان هەیە. حیزبی دێمۆکرات نزیکەی ٦ هەزار پێشمەرگەی لە سەنگەری خەباتدا شەهید بووە، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا زیاتر زەربەی کاری و قەرەبوونەکراوی وێ کەوتووە ژن بووە. لە ڕاستیدا قارەمانان و قوربانیانی بێدەنگی مەیدانە سەختەکانی خەبات و ژیان، ژنان بوون، ژنان سەختە ڕێی خەباتیان ماندوویی نەناسانە بڕیوە و پشوودرێژانە لەگەڵ نەهامەتییەکانی دوای نەمانی هاوسەرەکانیان پەنجەیان نەرم کردووە و درێژەیان بە ژیان داوە.

پیاو لە سەر مافی گەلەکەی سینگی دەکەوێتە بەر گوللە، بە جەستە لە نێوماندا نامێننەوە و هەمیشە وەک قارەمان یادی لێ دەکرێتەوە و لەنێو دڵی هەموو کوردێکدا زیندوو دەمێنێتەوە و هەر دەبێ واش بێ، بەڵام قارەمانەکەی دیکە کە پاش مەرگی هاوسەرکەی دەمێنێتەوە و دەست و پەنجە لەگەڵ چەرمەسەرییەکانی ژیان نەرم دەکا و بەربەرەکانی لەگەل سەختییەکان دەکا، ئەوەی خۆڕاگرە، ئەوەی بە سەبرە، ئەوەی پەروەردە دەکا، ئەوەی هەمیشە لەگەڵ گیروگرفت و تووندوتیژییەکانی کۆمەڵگە دەستەویەخە دەبێ، ئەوەی لە تەمەنی لاوەتیدا مانناوایی لە ژیانی هاوبەش دەکا، ئەوە ژنە، بەڵام لە دیار نییە و لە شانۆیەکەدا ونە. بەڕاستی چارەنووسی ژن دوای لە دەستدانی هاوسەری چی لێ دێ؟ ئەگەر بە دوو قۆڵی ئەرکی بردنە پێشی ژیانیان لە سەر شان بوو، ئێستا بە کۆڵەبارێک خەم لە مەیداندا بە تەنیا دەمێنێتەوە و بە تەنیا ڕووبەڕووی تاڵییەکانی ژیان دەبێتەوە.

هەر بۆیەشە ژنان دژی شەڕن و ئاشتیخوازن، لە بەر ئەوەیە ژنی کورد دەرکی ئاسەوارە ناخۆشەکانی دوای شەڕ کە داوێنی دەگرێتەوە دەکاتەوە و دەزانێ چ چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێیەتی.

سەرچاوە: مانپەڕی کوردستان و کورد - ژمارە: ٢٢ی مای ٢٠٢١

منداڵان و مافەکانیان لە نیشتمانی ئێمەدا

لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینیدا بە هەوڵ و کۆششی "فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی ژن" و "یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوان" ڕۆژی ١ی ژوئەن وەک "ڕۆژی جیهانیی منداڵان" دیاری کرا. زۆری نەکێشا زۆر لە وڵاتانی دنیا پشتیوانییان لەو ڕۆژە کرد و بەمجۆرە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی نێونەتەوەیی جێی گرت.

ڕۆژی ١ی ژوئەن بە سێ مەبەست دامەزرا:

١- بۆ ی پتری وڵاتان بە مافی منداڵان.

٢- یارمەتیدان لە بوارەکانی پەروەردە، بارهێنان، لەشساغی، ئابووری، بردنەسەری ئاستی فکری و تیگەیشتنی منداڵان لە سەرانسەری دنیادا.

٣- بۆوەی ئەو ڕۆژە هەلێک بێ بۆ دەرخستن و نیشاندانی توانا و داهێنان و مرخ و ئیستعداد و ویست و نیازەکانی منداڵان.

"یونیسێف" کە سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەموو ساڵێ ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی منداڵان لە سەرانسەری

دنیادا بڵاو دەکاتەوە و بەو پێیە بە تێپەڕبوونی پتر لە ٧٠ ساڵ بە سەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە و بە بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەو ڕێکخراوەیە دەزانین کە لە وڵاتانی گەشەنەسەندوو و نادێموکراتیکدا ئاڵۆگۆڕێکی بنەڕەتی لە شێوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ منداڵاندا پێک نەهاتووە و تەنانەت ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن یونیسفەوە لە سەر کردەوەی نادروست بەرانبەر منداڵەوە دەدرێن، زەمانەتی ئیجرایی نییە. هەڵبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ساڵانە وڵاتانی پێشێلکەری مافی منداڵان مەحکووم دەکا و ئەمەش لەجێدا کارێکی باشە، چونکە دزیوی ئەو جۆرە ڕەفتارانە و نابەرپرسایەتیی ئەم ڕێژیمانە بەرانبەر منداڵان نیشان دەدا، بەڵام هەڵوێستەکان لەو ئاستە سنووردارەدا ماهییەتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان لە پێوەندی لەگەڵ مافی منداڵانی نەگۆڕیوە.

منداڵ ئەو مرۆڤە بە جەستە پێنەگەیشتوویەیە کە توانای پارێزگاریی سەربەخۆ لە خۆی نییە و لەسەر خێزان، کۆمەڵگە و نیزامی سیاسیی وڵاتە بەرنامەی بۆ وەخۆگرتن، بارهێنان و پەروەردە و ڕەچاوکردنی مافەکانی دیکەی ئەوان هەبێ. بەڵام ئەوە لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە وەک یەک نییە. لەو وڵاتانەی کە دێمۆکراسی و بایەخەکانی مافی مرۆڤی تێدا جێگیر کراوە، ڕێز لە مافەکانی منداڵ دەگیرێ و منداڵان تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی ئەو مافانەن کە دەبێ هەیانبێ. بەو حاڵەش کۆمەڵگەی مرۆیی هەتا وەدیهاتنی نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان تەنانەت لە وڵاتە دێموکراتیکەکانیش مەودایەکی زۆری هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە نیزیک ٣٠ ساڵە کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی پەسند کردووە، بەڵام ئەو پێش مەرجەی کە "نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆنەکە لە هەرکاتێکدا و لە هەر بوارێکدا دژایەتیی لەگەڵ یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان و یاسای نێوخۆیی وڵات بێ، ئێران لە جێبەجێ کردنی خۆ دەبوێرێ" وای کردووە کە ڕێژیم خۆی لە بەرامبەر هیچ کام لە بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکەدا بە دەروەست و بەرپرسیار نەزانێ. هەر بۆیەش لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێراندا لەباتی ئەوەی هەلومەرجی باش بۆ پەروەردە و دابینکردنی پێویستییەکانی خوێندن، لەشساغی، خۆراک، بارهێنان و ڕاهێنان و ئەمنییەتی دەروونی و ژینگەیی بۆ منداڵ پێک هاتبێ، لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی لە ئاستێکی بەرفراواندا خۆی دەرەخا منداڵی کار، منداڵانی سەرشەقام و پەرەسەندنی دیاردەکانی وەک سوائکەری، دزیکردن و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر لەنێو منداڵاندایە. بەجێمان و دابڕان لە خوێندن، وەبەرکارنان لە کارگە و کارخانە و مووچە و مەزراکان بە حەقدەستی کەم و... بەشێکی دیکە لە کێشەکانی منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێرانن.

بەردەوامی ئێعدامکردنی بەندکراوان کە لە تەمەنی منداڵیدا تاوانیان کردووە، یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە کاردانەوەی نێودەوڵەتیی بەدووی خۆیدا هێناوە. هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی سێهەمی شورای گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆمەڵە بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە پێشێڵکردنی مافی مرۆڤ بە تایبەت ئێعدامی مێرمنداڵان لە دژی ئێران دەرکردووە و ڕەفتاری ڕێژیمی ئیسلامیی بە توندی مەحکووم کردووە.

ئەم بارودۆخە گشتییە لە ئێران لە کوردستان چەند تایبەتمەندیی دیکەشی هەیە. منداڵانی کورد سەرباری هەموو ئەو بێمافییە، لە کۆمەڵە مافێکی بنەڕەتیی دیکەی خۆیان بێبەشن کە خوێندن بە زمانی زگماک یەک لەوانە.

منداڵانی کورد بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان بەهۆی سیاسەتی ئەمنیەتی و میلیتاریستیی زاڵکراو لە کەشێکی پڕ سترێس و دڵەڕاوکێدا دەژین. ئامارەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان پێمان دەڵێن ئێستاش بەشێکی بەرچاو لە قوربانییەکانی تەقینەوەی مینڕێژکردنی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە منداڵانن. منداڵانی کورد بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابووریەوە لەشی شلک و ناسکیان دەدەنە بەر کاری قورس و تاقەتپڕووکێن و، کاروانچییەتی و کۆڵبەری دەبێتە پیشەیان و بۆ وەدەست هێنانی پاروونانێک گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و کەم نەبوون و نین ئەو منداڵانەی ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە دراونەتە بەر دەستڕێژ و گیانیان لێ ئەستێندراوە.

ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردوو پێمان دەڵێ منداڵان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران یەک لە سەرەکیترین قوربانییانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و هەتا ئەم ڕێژیمەش لەسەرکار بێت، هیچ گۆڕانکارییەک بە قازانجی کۆمەڵگە و یەک لەوان منداڵان و مافەکانیان ڕوو نادات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢١

"کوردستان" و پرسی ژن

کۆمیسیونی چاپەمەنی حیزب بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان سیمینارێکی پێکهێنا. لەو سیمینارەدا لەسەر زۆر بابەت قسە کرا و لایەنی جۆراوجۆری ڕۆژنامە هەڵسەنگێندرا. ئەمن بە پێویستم زانی کورتەنووسینێکم لەسەر "ڕۆژنامەی کوردستان و پرسی ژن" هەبێ کە لە قسە و بابەتی پانیلگێرەکاندا نەهاتنە بەرباس.

ناکرێ باسی پرسی ژن لە حیزبی دێموکرات و مێدیاکەیدا بکەین و بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان نەگەڕێینەوە. لەوکاتدا سەتا ٩٠ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون و نەخوێندەواری لەنێو ژناندا زۆر پتر لەپیاوان بووە. کۆمەڵی کوردستان فیئودالی و سەردەمی سەرۆک عەشیرەت و ئاغا و شێخ و دەرەبەگ بووە. لەو هەلومەرجەدا کە کۆمەڵ لە دواکەوتوویدا بوو و چارەسەری پرسی ژن لە ئارەزوویەک پتر نەبوو، قسەکردن و ئاوردانەوە لە ژن و پەروەردەی ژن، بۆ ژن دەسکەوتێکی بەنرخ بوو. پێشەوا قازی محەممەد لەو کاتە ناسک و ئەستەمەدا زۆر بوێرانە پرسی ژن و ئازادی و بەرابەریی ژن و پیاوی هێنایە گۆڕێ. بۆ نموونە لە مەرامنامەی حیزب لە سەردەمی کۆمار (١٣٢٤ی هەتاوی)دا بکەین کە لە فەسڵی چوارەم و خاڵی ٢١یدا هاتووە: "پێویستە ئافرەتان وەکو پیاوان مافی خۆیان بەکار بهێنن، لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی". یا لەو سەردەمدا گرینگییەکی زۆر بە خوێندن و پەروەردەی منداڵان لە کوردستان - تەنانەت بە زۆرەملێش -

بە کج و کوڕەوە دراوە. یەکێک لە داواکارییەکانی کۆماری کوردستان هەر لە سەرەتاوە خوێندن بوو بە زمانی زگماکی کوردی. لە خاڵی سێزدەی فەسلی سێهەم لە مەرامنامەی حیزبدا هاتووە: "لەنێو دانیشتووانی کوردستاندا بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعریفەت خوێندنی ئیبتدایی و نێونجی ئیجباریيە. لە مەدرەسەکاندا خوێندن بە زمانی کوردی دەبێ". بێجگە لەوە لە ژمارە ٢ی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبدا ئاماژە بەوە کراوە کە خوێندن بۆ کچان ئیجباریيە. هەروەها لە ژمارەکانی دیکەی "کوردستان"دا دەبینین ئیزن بە ژنان دراوە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا کە پیاوان بەشدارن، گوێ لە خیتابە بگرن یا خیتابە بدەن. هەروەک دەبینین حیزبی دێمۆکرات لە سەردەمی کۆمارەوە تا ئێستا بە سەخاوەتەوە فەزای ڕێگەدان بۆ خۆپێگەیاندن و چالاکیی هەمە لایەنەی بۆ ژنان والا کردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ژنانی لەو بایەخ و ئەرزشدانان و هەوڵ و ئاوردانەوەیە چەندە کەڵکمان وەرگرتووە؟ ژنان چەندە لە بواری گەشەکردن و دەرخستنی لێوەشاوەیی و تواناکانیان لە بواری نووسین و بوارەکانی دیکەدا خۆیان ماندوو کردووە و چەندە ئاستی بەهرە و زانیاری و وشیاریی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بردووەتە سەر؟

حاشای لێ ناکرێ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان باوەڕی بە دەرفەتی بەرامبەر هەیە و مەیدانی نووسینی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا بۆ هەمووان کراوەیە، بەڵام بە هەموویەوە لە دوو دەیە لەوە پێشەوە قەڵەمی ژنان لە "کوردستان"دا دەبیندرێ و لەوکاتدا خاتوونێک لە ڕیزی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەدا جێ دەگرێ. بە دوای ئەوەدا ژمارەیەک ژن هاتنە مەیدانی نووسین و تەنانەت تا وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش چوونە پێش و پێشانیان دا کە دەکرێ پشت بە تواناکانیان ببەسترێ. ئەو خۆدیتنەوە و مەیداندارییەی ژنان لە "کوردستان" لە بواری نووسین و کاری فەننیی ڕۆژنامەدا پشتی بە هیممەت و خۆماندووکردنی ئەو دەستەیە لە ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەستبوو کە دیارە دواتر بەهۆی کۆمەڵێک بارودۆخ لەباری چەندایەتییەوە لە کەمیی دا.

"کوردستان" وەک ئاوێنەی هزر و تێڕوانین و هەروەها ڕوخساری مێدیایی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو ڕەخنەیەشی لێ دەگیرێ کە نەیتوانیوە لە قەدەر چاوەڕوانییەکان، قەڵەمی زیاتر و کادری شارەزای پتر لە ژنان لە ستاقی خۆیدا جێ بکاتەوە، یان باریان بێنێ. ڕەخنەیەکی دیکەش لە "کوردستان" کە دیارە ئەمەیان پتر بۆ ڕابردو دەگەڕێتەوە، جۆرێک پەراوێزخستنی پرسەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا بووە. ئەمەش دەکرێ دوو هۆکاری لە پشت بووبێ، یەکەمیان ڕوانگەی پیاوسالاری تەنانەت لە تێفکرینی بەڕێوەبەرانی "کوردستان"یشدا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی نەریتیی کوردستان بە تایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا. دووهەم ئەوەی پرسەکانی ژنان لە پاش پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگە پێناسە کرابن و ئەوە پاساوێک بووبێ بۆ پەراوێزخران و لانەکردنەوە لەو کێشە و بابەتانە کە ژنانی کۆمەڵی کوردەواری لەگەڵی بەرەوڕوو بوون.

ڕاستە پرسی نەتەوەیی و سیاسی و هەروەها پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگە بەشێکی بنەڕەتی لەو بابەتانەن کە هەر حیزبێکی سیاسی کە بۆ ئامانجی نیشتمانی تێدەکۆشێ دەبێ کاریان لەسەر بکا. بەڵام هەر ئەو حیزبە شۆڕشگێڕە سیاسییە کە لە مەرامنامەی خۆیدا باس لە یەکسانیی مافەکانی ژن لەگەڵ پیاوان و نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەکا، دەبێ پرس و کێشە تایبەتییەکانی ژنانی کۆمەڵگەش بە خەمی سەرەکیی خۆی بزانێ. بەو پێیە کەمتر ئاوردانەوە لەو بابەتانە لە "کوردستان" بە کەمتەرخەمییەکی گەورەی "کوردستان" دادەنرێ و لەوەدا ڕەخنەی جیددیی دێتەوە سەر. ئەم ڕەخنەیە لەوکاتەدا پتر بەرجەستە دەبێ کە ڕەنگدانەوەی پرسی ژنان و مەیداندارییی قەڵەمی ژنان لە "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتدا نە بارتەقای ئەو بەشداری و ڕۆڵە گرینگ و کارایەی ژنانە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، نە ئەو بایەخ‌پێدانەی حیزبی دێموکرات کە لە مەرامنامە و بەرنامەکانی خۆیدا لەبابەت پرسی مافەکانی ژنان ڕەنگی داوەتەوە. بەهیوای بەردەوامیی "کوردستان" و پتر لا کردنەوەی لە ژنان و پرسەکانیان لە کۆمەڵدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١

ژن لە ئاوێنەی روانگەکان دوکتور شەرەفکەندی نەمردا

۲۹ ساڵ بە سەر تێرۆری "میکۆنووس"دا تێپەڕێ. ۲۹ ساڵ لەوەپێش گەلی کورد و حیزبی دێموکرات تووشی کارەساتێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوون کە لەو سۆنگەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرێکی بلیمەتی وەک د. سادق شەرەفکەندیی بەدەستی غەدر و تاوان لەدەست دا.

لەوەدا کە بۆچی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی دەستی بۆ ئەو تاوانە برد، ڕاستە کە دوژمنانیش زۆر باش شەرەفکەندی و خولیاکانی، کاک سادق و تواناکانی و شوێندانەریی ئەویان لەسەر خەبات و داهاتووی بزووتنەوەکەی ناسیبوو، بەڵام ئەوەی نەیانزانی ئەوەیە کە بلیمەتێکی وەک د. شەرەفکەندی نەوەیەکی پێ گەیاندووە کە دوای نەمانی خۆیشی ئاڵاهەڵگری خەبات و بۆچوون و بڕواکەی بن.

شیرکۆ بێکەس گوتەنی:

ئەم کۆستانە ئەمانگرییّنن
بەڵام ئەژنۆمان ناشکێنن،

ئەم جەزرەبانە بۆ ساتێ ئەمانشلەژینن،
بەڵام نامانبەزێنن،
ئەم خوێنانە بۆ ساتێ ئەمانگرن
بەڵام هەرگیز چاوترسێنمان ناکەن
ئەم فرمێسکانە بۆ ساتێ بەرچاومان تاریک دەکەن
بەڵام هەرگیز هەتاومان لێ ناشارنەوە
ئەم گوللانە بۆ ماوەیەک کاسمان دەکەن
بەڵام دوایە ئاگر بەردەدەنە
ڕقی کەڵەکە بوومان.

دوکتۆر سادق شەرەفکەندی وێنەی بەرزی "سیمای دێموکرات" بوو، بە دیدێکی دێموکراتیک و وەک مرۆڤێکی تەواو پێشکەوتنخواز و، ئینسانی و بەبایەخەوە دەیڕوانییە پرسە جۆراوجۆرەکان. هەڵوێست و بیروباوەڕی خۆی زۆر بە ڕاشکاوی دەردەبڕی و بە هەموو هێزیەوە داکۆکی لە هەڵوێستەکانی دەکرد و بۆ جێخستنی هەوڵی دەدا.

ڕوانگە و بۆچوونی دوکتۆر شەرەفکەندی لە بارەی پرسی ژن لە کوردستان بەشێک لە کەسایەتی و ڕوانینی پێشکەوتووانەی ئەو دەردەخەن. ئەو لە زۆر بۆنە و باس و وتووێژدا لەسەر پرسی ژن لە کۆمەڵگە و بە تایبەت لە حیزبی دێموکراتدا دواوە و نیشانی داوە کە باوەڕێکی قووڵی بە مافی یەکسان لەنێوان ژن و پیاودا هەیە. لە مەیدانی کردەوەشدا بۆ ئەوە تێکۆشاوە کە چیدی ژنان لە پاشکەوتوویی و پاشکۆییدا نەمێننەوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕایە دەتوانین بەشێک لە وتارێکی ئەو ڕێبەرە وەبیر بێنینەوە کە نزیک ٤٠ ساڵ لەوەپێش بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن نووسی و بڵاوی کردەوە.

دوکتۆر شەرەفکەندی لە سەرەتای ئەم وتارەدا دەڵێ: "ئەگەر ڕێزگرتن لە ڕۆژی ژن ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا وەک جێژنێک و ڕەسمێک چاوی لێدەکرێ، بۆ وڵاتانی پاشکەوتووی وەک ئێرانی ژێردەسەڵاتی ئاخوندەکان و بۆ کۆمەڵی کوردەواریی خۆمان وەک ئەرکێکی گەورە و بەشێکی گرینگ لە خەبات و تێکۆشان دژی پاشکەوتوویی دەبێ بەحیساب بێ... لە ڕاستیدا وەزعی خراپی ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا شتێک نییە لە کەس شاراوە بێ و هەربۆیەش بە پێویستی نازانین لەسەر شتێک بڕۆین کە بۆ هەموو کەس ڕوونە. کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ خۆشیان پێشێلکردنی مافی ژنان نەک هەر نایشارنەوە بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن و بە عەینی دەستووراتی ئیسلامی دەزانن، تا ئەو جێگایە کە نوێنەری مەجلیس بە ئاشکرا پیاوان هان دەدا ٣ ژن و ٤ ژن بێنن و لەنێو ماڵدا وەک دیل ڕایان بگرن. هەروەها بە پێی فتوای خۆمەینی مەسەلەی "سیغە" واتە ڕاگرتنی ژن بۆ ماوەیەکی کاتی ـ کە لەوانەیە زۆر کورتیش بێ ـ مەنعی قانوونی نییە، واتە کڕین

و فرۆشتنی ژن وەک کۆیلە یان وەک کاڵایەک بەقانوونی! کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێ، ئەوەیە ڕێز گرتن لە مەقام و پلەی ژن لە کۆماری ئیسلامی دا"!

کاک سەعید دواتر دواتر پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێ کە "ژنان لە کوردستان و ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان تەنیا ڕێگایەک کە لە پێشیانە بریتییە لە: خەبات و تێکۆشانی بێوچان بۆ ڕووخان و لەبەین بردنی یەکجاریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی." بەڕێزیان بە ئاماژەی کۆمەڵناسانە بە ڕۆڵی گرینگی ژنان لە کوردستان دەڵێ: "ژنانی کوردستان لە گوندەکاندا بێجگە لەوەی ئەرکی گەورەکردنی منداڵ و ئیدارەی نێو ماڵیان بەتەواوی بە ئەستۆوەیە، ئەساسەن بەردی بناغەی تێکۆشانی ئابووریی گەلی کورد لە کوردستاندان. شێرەژنانی کوردستان چ لە کاروباری کشتوکاڵی و چ لە کاروباری ئاژەڵداریدا کە هەردووکیان کاری ئەساسیی خەڵکی کوردستانن، بەشێکی هەرە گەورە و دژواریان بە ئەستۆی خۆیانەوە گرتووە کە بەگشتی ئەگەر لە بەشەکانی کاری پیاوەکان گرینگتر و زیاتر نەبێ کەمتر نییە. د. شەرەفکەندی لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێ: "لەبیرمان بێ کە خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە کە خەباتی چەکداری لە دژی دژمنی داگیرکەر و چەوسێنەر تەنیا یەکێک لە وانەیە و خەبات بۆ ئازادیی ژنانیش کە نیوەی کۆمەڵن، یەکێکی دیکە لەو لایەنانەیە کە گرینگییەکەی زۆر لە خەباتی چەکداری بۆ ئازادی گەلی کورد کەمتر نییە".

نەمر شەرەفکەندی لە وتوویژێکدا کە "سەعید ڕاهنما" دەگەڵی کردووە و لە گۆڤاری "مهرگان"دا بڵاو بۆتەوە، لەسەر مافی ژن پرسیاری لێ دەکرێ و ئاوا وەڵام دەداتەوە: "ڕەتکردنەوەی مافی بەرابەریی ژنان لەگەڵ پیاوان بە هەر بیانوویەک بێ چ مەزهەبی چ سیاسی بێ، بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکرێ. یەکەم بەندی مافە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا بەو ئەسڵەی "مافی مرۆڤ" دەست پێ دەکا کە هەر جۆرە جیاوازیدانانێک تەنانەت مەزهەبیش ڕەت دەکەینەوە..." د. شەرەفکەندی لە درێژەدا دەڵێ ئێمە بەکردەوەش هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک لە ڕیزەکانی خۆمان لە حیزبی دێموکراتدا بۆ ژنان دانانێین، بەوحاڵە هێشتا ئەوە بە ستەم دەزانین؛ لەبەر ئەوەی ژنان بەدرێژایی مێژووی نەتەوەکەمان بوار و دەرفەتیان بۆ گەشەکردن لە پیاوان کەمتر بووە و تواناکانیان لەگەڵ پیاو لە یەک ئاستدا نین. بۆیە حیزبی دێموکرات ئیمتیازاتی زیاتریان دەداتێ کە قەرەبووی ئەو دواکەوتنەیان بۆ بکرێتەوە".

د. شەرەفکەندی بە ناسینی واقعبینانەی لە پرس و جێگای ژن لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگەدا ئەرکی قورسیش بۆ ژنان دیاری دەکا و ڕای وایە کە "با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن." ئەو لە گەرمەی خەباتی چەکداری و شکۆی خۆڕاگریی پێشمەرگەدا ڕای وابوو کە "خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە کە خەباتی چەکداری لەدژی

دوژمنی داگیرکەر و چەوسێنەر تەنیا یەکێک لەوانە و خەبات بۆ ئازادیی ژنانیش کە نیوەی کۆمەڵن، یەکیکی دیکە لەو لایەنانەیە کە گرینگییەکەی زۆر لە خەباتی چەکداری بۆ ئازادیی گەلی کورد کەمتر نییە".

سێ دەیە دوای شەهیدکرانی دوکتۆر شەرەفکەندی وانەکانی ئێستاش هەوێنی فێربوون و بەردەوامی ڕێبواران و قوتابیانی ڕێبازەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا

ئەو پێناسە و پێوانەیەی کە لە مافی مرۆڤ بەتایبەت مافی ژن دەکرێ و لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و دێمۆکراتیک و خەڵکیدا وەبەر چاو دەگیرێن، هەر ئەو پێناسەیە بۆ حیزبێکی پێشکەوتوو، خاوەن مێژوو و ڕەسەنیش دروستە. هەمیشە ڕادەی پێشکەوتوویی حیزبێک یا ڕێکخراوێک ئەگەر لە سیاسەتی ڕاست و دروست و ڕاشکاوانەیدا بەرانبەر کێشە و مەسەلەکانی نێوخۆیی و درەوەی هەڵدەسەنگێندرێ، ئەو پێشکەوتوویە هەر بەو ڕادەیە بەڵکوو زۆرتریش بە ڕوانگە و بۆچوونی ئەوان بەرانبەر بە پاراستنی مافی مرۆڤ و پرسی ژن بەستراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەو حیزب و ڕێکخراوانە چەندە لەسەر دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لابردنی نایەکسانی لە کۆمەڵدا پێداگر و سوور بووبن، دەتوانین بڵێین ئەوەندەش پێشکەوتوون.

زانایەک دەڵێ: "ڕادەی ئازادی لە هەر کۆمەڵێکدا بەستراوەتەوە بە ڕادەی ئازادیی ژنان لەو کۆمەڵەدا" بەو واتایە لە هەر کۆمەڵگەیەک و بنەماڵەیەک و هەر دامودەزگایەک کە ئازادی لە ژنان بەربەست کرا و وەبەر چاو نەگیرا، ئەو کۆمەڵگەیە تا بینەقاقا لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیدایە. بۆیەشە حیزبی دێمۆکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە باوەڕی وا بووە لە کۆمەڵگەیەکدا ژنانی ئازاد و لە کاروباری وڵاتدا بەشدار نەبن و ڕۆڵی ئەکتیو نەگێڕن، ئەو کۆمەڵگەیە گەشە ناکا و بە هیچ بارێکدا سەرکەوتوو نابێ.

٧٦ ساڵ لەوە پێش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوونی ژن لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا هەست پێ کراوە، بۆیە سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەمەدی نەمر لە فەزای دواکەوتووی کۆمەڵی کوردەواری بە بافتی دەرەبەگایەتیی ئەوکات، یەکێک لە کارە گرینگەکانی ئەوە بوو ژنان بانگهێشتی گۆڕەپانی کار و چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکا. ئەو کار و کردەوەیەی پێشەوا قازی نەریت و نۆرمێکی پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەت بۆ ژنان وەک میراتێکی پڕ بایەخ ماوەتەوە. پاش ٧٦ ساڵ ژنان شانازی بەوە دەکەن کە نرخیان لێ نراوە و بە هێند وەرگیراون. هەروەها ٤٣ ساڵ لەوە پێش ئەو ڕێچکە ئینسانییە وەبەرچاو گیرایەوە و لە کۆنگرەی ٤ی حیزبدا دەبینین کە کاریزمایەکی دیکەی کورد (نەمر دوکتور قاسملوو) ژن لە بیر ناکا و کەسایەتی دەدا بە ژن و لە کۆنگرەدا دوو ژن بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵدەبژێردرێ.

وەک باس کرا پرسی ژن لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە لە حیزبی دێموکراتدا وەک مەسەلەکانی دیکەی پێوەندیدار بە گەلی کورد لە بەرنامەی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە و، لە ڕاستیدا بە هەڵکەوت نییە کە لە بەرنامە و پێڕەو حیزبی دێموکراتدا هاتووە کە: "ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە"، "هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەروەک دانیشتووانی هەموو ناوچەکانی ئێران بەبێ هیچ جیاوازیی جینسی، قەومی، ڕەگەزی لە مافی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی وەک یەک کەڵک وەردەگرن"، "هەموو منداڵانی کوردستان بە کچ و کوڕ دەبێ تا ١٥ ساڵی بخوێنن" و "ژن و پیاو لە کۆمەڵ و لەنێو ماڵدا بەرانبەرن و لە بەرانبەر کاری وەک یەکدا مووچەی وەک یەک وەردەگرن" و... . وەک دەبینین حیزبی دێمۆکرات بەڕوونی بیروباوەڕی خۆی بەرانبەر بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بنەماڵە و لە کۆمەڵدا دەربڕیوە و لە بەرنامەی خۆیدا هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون تێدا وەبەر چاو گرتووە. ئەو باوەڕەشی لە زۆر بواردا بەجێ گەیاندووە و بێجگە لەوەش دژی گشت ئەو دیاردە دزێو و ناحەزانەی کۆمەڵی کوردەواری بووە کە ژنی لە دواکەوتوویی و نەهامەتیدا هێشتۆتەوە. لەو پێوەندییەشدا ئاماژە بە نموونەیەکی بەرچاو دەکەین:

بە سەرکەوتنی شۆرشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونەوەی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنەوەی کار و چالاکیی تەشکیلاتی حیزبی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، بەرانبەر هێندێک کێشە و دیاردە بە تایبەت کێشەکانی پێوەندیدار بە پرسی ژن کە ببوون بە گرفتێکی جێدی وچارەسەرنەکراو و بەرۆکی ژنانی گرتبوو، هەڵوێست گیرا و لەلایەن ڕێبەریی حیزبەوە بۆ کەمڕەنگکردنەوەیان گەلێک هەنگاوی گرینگ و بە نرخ هەڵگیرا، وەک: قەدەغەکردنی ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک، بە بەرخوێندان، بنەتوو و... . هەروەها بۆ خاشەبڕکردنی ئەو دیاردانە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەربەست دانرا و ئەو کەسانە سزایان بو دیاری کرا کە دەست بۆ ئەم کردەوانە

دەبەن. هەر ئەوکات کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات بۆ چالاکیی تەشکیلاتی و کاری تەبلیغی هاتوچۆی گوندەکانیان دەکرد، یەکێک لە ئەرکەکانیان لە تەبلیغاتدا ئەوە بوو کە لەدژی دیاردە دزێو و باوەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری کە زیانی بە کەسایەتیی ژن دەگەیاند قسە بکەن و لەقاویان بدەن و لەو بوارەدا وشیاری، زانیاری و ڕوونکردنەوە بدەنە خەڵک. مخابن تەمەن و مەودای مانەوەی بەئاشکرای ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچە ڕزگارکراوەکداندا کەم بوو و نەکرا بەو جۆرەی کە پێویستە بۆ سرینەوەی ئەو دیاردانە و سەرخستنی پرسی ژنان هەوڵ بدا، بە قتوا دژی ئینسانییەکەی خومەینی شەڕ بە سەر حیزبدا سەپا، بەڵام حیزبی دێموکرات سەرباری ئەوەش دەستی لە سەر دەست دانەنا و قەت لە ئاست مافی مرۆڤ و پرسی ژن و ئەو ناحەقی و نایەکسانیەی کە لە کۆمەڵی کوردەواری بەرامبەریاندا ڕەوا دەبینرا، خەمسارد نەبوو. حیزبی دێمۆکرات بیری لەوە کردەوە کە چارەیەک بۆ ئەم پرسە بدۆزێتەوە کە لە کوردستان کەس نەتوانێ بە ویستی خۆی بڕیاری نابەجێ و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی بدا و بە کەیفی خۆی بەسەر ژنانیدا بسەپێنێ. بۆیە لەلایەن حیزبەوە گەڵاڵەیەک بە ناوی"قانوونی سزادانی گشتی" لە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە پەسەند گەیشت و لەلایەن بەڕێوەبەریی حیزبەوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە سەرەتای ئەم گەڵاڵەیە دا هاتووە:

"ئەم قانوونە لە کوردستانی ئێران بەڕێوە دەچێ و هێزی پێشمەرگە بەڕێوەبردنی ئەم قانوونە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ و لە مەتەرێزی شەرەف و پیاوەتییەوە بۆ دامەزراندنی نیزامێکی ئینسانی تێدەکۆشێ. ئەم قانوونە بریتییە لە ٨٩ بەند کە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەسند کراوە و لە کوردستاندا بەڕێوە دەبرێ".
کاتی خۆی لەسەر بڕیاری حیزب پێشمەرگە ئەرکی خۆی بەرامبەر قانوونەکانی گەڵاڵەی سزادانی گشتی کە ٢٤ بەندی ژنانی هەڵەکار و ستەملێکراوی دەگرتەوە، لە ناوچەکانی کوردستان بەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتییەوە بەڕێوە برد کە ئێستاش پاش چوار دەیە شوێنەوارە پێشکەوتووەکانی ئەم یاسایە دیارن کە ژنانی کورد دەبێ شانازیی پێوە بکەن.

بەڵگە یاساییەکان نیشانیان داوە تا ئەو کاتەی پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواوی بە سەر ناوچەکانی کوردستاندا هەبووە بەندەکانی یاسای سزادانی گشتی لەژێر چاودێریی حیزبی دێمۆکراتەوە لەلایەن خەڵکەوە وەبەرچاو گیراوە و کەم کەس لەو یاسایە سەرپێچی کردوە و بەئاشکرا ستەم بە ژن ڕەوا بینراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دیسەمبەری ٢٠٢١

کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکا

دیمانە: ڕەحمان نەقشی

پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاری خوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

ئەو جار حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکگرتوانە و قایم و پشت ئەستوور بە هێزی خۆی بە نێو ماڵی خۆیدا دەچێتەوە و لە هەموو بوارەکان دا خۆی تووندوتۆڵتر دەکاتەوە،

وەڵام: هەروەک دەزانن ماوەی نزیک بە ١٦ ساڵ ڕۆڵەکانی حیزبی دیمۆکڕات بە لێکدابڕاوی و هەریەک بە جیا کار و چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕادەی نێو نەتەوەییدا بەڕێوە دەبرد، هەر دووک لا بە جیا بەردەوام لە چالاکیدا بوون. ئەو لێکدابڕانە هەرگیز لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە پەسند نەکرا و بە دائیم سکاڵا دەکرا و ڕەخنە لەو جیا بوونەوەیە دەگیرا، بەڵام بە وەسەر یەک کەوتنەوەی هێزی هەر دوو لای دێمۆکرات هەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خۆشحاڵ کرد و هەم گوڕوتینێکی دیکەی بە مەیدانی خەبات و بە خەڵک و پێشمەرگەدا و ئاشتبوونەوەیەکی دووبارەی لە نێوان جەماوەر و بزووتنەوەدا دروست کرد، بەو مانایە خەڵک و بزووتنەوە دووانەی لێک دانەبڕاون و بەرانبەر بە یەک مووتەعەهید و بەرپرسیارن.

کار تێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەو هەلومەرجە ناسکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و فەزای شڵەقاو و نوقم بوو لە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا زۆر بە هێز دەبینم، بە بڕوای من ئەو یەکگرتنەوەیە دەبێتە سەرەتای دەست پێکردنەوەی فەسڵێکی تازە لە تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی حیزبی دێمۆکراتی کۆردستانی ئێران لە دژی نەیاران و کورد نەویستان و هەروەها ئەوانەی کورد بە نەتەوە ناناسن و ئێستاش کورد بە زیاتر لە ١٠ میلیون حەشیمەت بە زمان و فەرهەنگ و کەلتووری تایبەت بە خۆی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قەومی ناو دەبەن و بە تایبەت لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە تا ئێستا لە ماف و داوا ڕەوا و ئینسانیەکانی ئەو گەلە نە تەنیا چاوپۆشی کردوە، بەڵکو بە تووندوتیژی و تێرۆر و شەڕ وەڵامی ویستەکانی داوەتەوە. ئەو جار حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکگرتوانە و قایم و پشت ئەستوور بە هێزی خۆی بە نێو ماڵی خۆیدا دەچێتەوە و لە هەموو بوارەکان دا خۆی تووندوتوڵتر دەکاتەوە، لەمە بە دوا حیزبی دێمۆکرات بە بوونی هەزاران کادر و پێشمەرگەی موجەڕەب و بە ئەزموون، دەبێتە هێزێکی بە هێز و لە مەوزەعی قودرەتی وەحدەتی تەشکیلاتی و سیاسی تەنانەت نیزامیش قسەی یەکەم دەکا و وشیارانە و ئاگاهانە لە بەرامبەر کۆسپ و پارازیتەکانی بەردەم بزووتنەوە و بزاڤی ڕزگاریخوازی دا ڕادەوەستێ و دەبێتە پاڵپشت بۆ پاراستن و بەهێز کردنی پرەنسیبە لە مێژینە و پڕ بایەخەکانی ئەم حیزبە. حیزبی یەکگرتوو دەبێتە هێزێکی پڕ ئینرژی و پتانسێلێکی قەوی لە مەیدانی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێو دەولەتییەکان و پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکان دا.

هەروەها ئەم یەکگرتنەوە پیرۆزە، ئەگەر دەبێتە چقڵی چاوی نەیاران، دەبێتە هۆی ڕوو لە گەشەساندنی بزافی شوناسیخوازی و ئازادیخوازی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بە بڕوای من بە یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان، بایەخ و ئێعتبار و پێ و شوێنی حیزبی دێمۆکرات لە نێو خۆ و لە ڕادەی نێونەتەوەییدا زۆر زیاتر لە جاران بەرز دەبێتەوە.

سەرچاوە: کۆمەڵێک دیمانە؛ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

قاسملوو (هزرە بەرزەکانی و بیرەوەرییە جوانەکانی)

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی نهینی، لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧دا ئاشکرابوونی کار و چالاکییەکانی لە لایەن دوکتور قاسملووی مەزنەوە لە متینگێکی گەورە لە شاری مهاباد ڕاگەیەندرا. بە دوای ئەم متینگە گەورە و گرینگەدا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو و بە بەرنامەیەکی تۆکمەی تەشکیلاتی و نیزامی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان خەریکی ڕێکخستنی سیاسی لەنێو خەڵکدا، ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی ڕێکخراوە حیزبییەکان بوو. دەشتوانم بڵێم لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان ڕێکخراوە حیزبییەکان بووژانەوە و وەرزێکی نوێ لە کار و تێکۆشانی حیزبی و سیاسی دەستی پێ کردبوو.

زۆر چاک لەبیرمە هەر لەو سەروبەندەدا دوکتور قاسملوو لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە چەند خاتوونێکیشیان لەگەڵ بوو، و ڕێکخراوەکانی حیزبیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەسەر دەکردەوە؛ هاتنە شنۆ. ئێمە هەموومان بەگشتی لە ڕادەبەدەر تامەزرۆی دیتنی دوکتور قاسملوو لە نزیکەوە بووین.

دوکتور قاسملووی مەزن بەهەیبەتەوە گەیشتە جێ و لەلایەن خەڵک و پێشمەرگەکانی "کێلەشین"ی ئەوکات پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لەلایەن ئێمەی گرووپی کچانیشەوە سروودێک بە ناوی "پێشمەرگەی کوردستانین" ئامادە کرا بوو کە لە سەرەتای بەرنامەکەدا بۆ بەخێرهێنانی کاک دوکتور پێشکەشمان کرد. دوکتور قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا کە چاوی بە ژمارەیەک پێشمەرگەی ژن کەوت، زۆر خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ لەوەیکە ئێمە ژنان بەو دەرک و شعوورە و هەستە گەیشتووین بۆ ستاندنی مافەکانمان لە مەیداندا بین و بۆ وەرگرتنی مافەکانمان هەر چاومان لەدەستی پیاوان نەبێت. بزەی کەوتبووە سەر لێو کە دەیدی ژنانی شاری شنۆ باوەڕیان بەوە هێناوە ژن و پیاو وەک یەک بۆ دەستەبەر کردنی مافەئینسانی و نەتەوەیی گەلەکەیان پێویستە حزووری مەیدانی و بەکردەوەیان هەبێت. هەر بۆیە کە ڕیزی ئێمە ژنانی دیت، ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی و فەرمووی: ئافەرین! ئافەرین سەر دەکەوین. ...

ئەمن یەک لەو ژنانە بووم کە قسەی لەگەڵ کردم. فەرمووی: حیزب لە هەوڵدایە بۆ ژنان ڕێکخراوی تایبەت لە سەرانسەری کوردستان دابمەزرێنێ. ئێوەش ژنانی شنۆ لەو بوارەدا هەوڵ بدەن ڕێکخراوێکی تایبەتیی خۆتان هەبێ و کێشەکانتان لەو ڕێکخراوەدا بێننە گۆڕێ و کارەکان بەڕێکخراو بکەن. دوکتور قاسملوو هەروەها لەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ئەوکاتی شنۆ قسەی کرد و پێشنیاری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دا و فەرمووی: با ژنان سەربەخۆ لە پەنا حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی و لەژێر ڕێنوێنی و یارمەتی کۆمیتەی شارستاندا، لەو ڕێکخراوەیەدا کار و چالاکی بکەن. دواتر بە ژیری و وردبینییەوە هێندێک ڕێنوێنی کردین و هانی داین، لەگەڵ ئەوەشدا لێو بەبەزە و بە شۆخی و جەفەنگ فەرمووی: دەبێ ئێوە ژنان بە کار و چالاکیەکانتان وەپێش پیاوەکان کەون و لە داهاتوودا ڕێبەریی ئەو حیزبە وەئەستۆ بگرن.

ئێمە بەو قسانەی دوکتور قاسملوو و پێشنیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی ژنان گەلێک خۆشحاڵ و دڵگەرم و ڕازی بووین. دیار بوو کاک دوکتور باوەڕێکی قووڵی بە یەکسانیی ژن و پیاو و چارەسەری کێشەی ژن لە کۆمەڵگەدا هەبوو. ئەو دەیزانی ژنی کورد چەندە دەچەوسێتەوە و چەندە بێدەرەتان و بێپشتیوانە و پێویستی بە پشتیوانییەکی قایم و پێگەیشتن و تێگەیشتن هەیە.

باش لەبیرمە دوکتور قاسملوو فەرمووی: هێندێک دیاردەی ناحەز لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەن کە ژنانی کوردی لە دواکەوتوویید‌ا هێشتۆتەوە و زوڵمێکی زۆریان لێ کراوە. ئێوە پێشمەرگەی ژن دەبێ بەدژی ئەو ستەمانەی بە هاورەگەزەکانتانەوە ڕەوا دەبینرێ بوەستنەوە و بە کار و چالاکیەکانتان بەرپەرچی ئەو نەریتە ناحەز و دزێوانە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بدەنەوە. مەشترسێن، لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات لەگەڵتانە و لە پشتتان ڕاوەستاوە. هەروەها زۆر چاک لە بیرمە هەر ئەوکات کچێک لە شنۆ کە بەگوێرەی دابونەریتی کۆن بە بەرخوێن درابوو، و سکاڵایەکی کۆمەڵایەتی هێنایە لای

دوکتور قاسملوو و دوکتور قاسملووش بە کۆمیتەی شارستانی ڕاگەیاند کە دەبێ گرفتی ئەو خاتوونە چارەسەر بکەن.

کۆنگرەی ٤ی حیزب لە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە کەشوهەوایەکی بە هەواوی ئازاد و دێمۆکراتیکدا بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و ژنان و چین و تووێژەکانی خەڵکی کوردستان لە سینەما ئۆمێدی مەهاباد گیرا. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم کۆنگرەی دوای ئاشکرابوونی کار و چالاکی حیزبی دێموکرات بوو، و لەم کۆنگرەیەدا ژنانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. ئاکامەکانی کۆنگرە دەری خست کە لەژێر ڕووناکایی بۆچوونەکانی د. قاسملوو دیار بوو هەوڵ دەدری ژنان پاڵپشتی بکرێن و خۆیان لە ناوەندەکانی بڕیار و جێبەجێکردندا بدۆزنەوە. بەڕاستی کاک دوکتور پێی خۆش بوو هەر کار و چالاکییەکدا دەستوپەنجەی ژنانی پێوە دیار بێ و ژنان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بن.

لەبیرمە پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، داوا لە کۆمیتە شارستانەکان کرا بۆ بەشداری لە دەورەیەکی سیاسی - کە یەکەم دەورەی سیاسیی حیزبی دێمۆکرات پاش ئاشکرابوونی بوو - ژمارەیەک پێشمەرگە بە ناوەندی تەشکیلاتی حیزب بناسێنن، تەوسییە و تەئکیدش کرابوو پێشمەرگەی ژنیش لەگەڵ بێ. ئەمن و دوو هاوڕێی پیاو بە تەشکیلاتی حیزب ناسێندراین و بەشداری ئەم دەورە سیاسییە لە "خرەجۆ"ی مەهاباد بووین. بێجگەلە من چوار کچی دیکەش لەو دەورە سیاسییەدا بەشدار بوون. بەشداری پێنج ژن لە دەورەی سیاسیدا دڵخوازی دوکتور قاسملوو نەبوو، ئەو پێی خۆش بوو ژمارەی ژنانی بەشدار زۆر لەوەندە زیاتر بان.

دوکتور قاسملوو بۆ خۆی یەکێک لە مامۆستاکانی دەورەکە بوو. مامۆستاکانی ئەو دەورە سیاسییە: دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن شەرەفی و کاک حوسێن مەدەنی بوون. هەموو کارەکانی ئەم دەورەیە بەگرووپ و بەکۆمەڵ دەمانکردن. لە پاکوخاوینی، جلوبەرگ شوشتن و ئاشپەزیکردن و قاپوقاچاغ ڕا بگرە هەتا دەگەیشتنە کاری پاسەوانی و پارێزگاری. هەرکام لەو گروپانەش ژێێکی تێدا بوو. ڕۆژانە بە کار و بەشداری لە کلاس و شەوانەش لە دەوری یەک دەست دەکرا بە هەڵپەرین و گەڕەلاوژە. زۆر چاک لەبیرمە کاک دوکتور قاسملوو بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ گۆرانی گوتنی ئەو کەسانەی شەرمیان دەکرد خۆش بکات، بۆخۆی دەستی کرد بە گۆرانی کوتن و گۆرانیی "کراس زەردێ"ی مامۆستا تاهیر تۆفیقی گوتەوە. بەشدارانی دەورە هەم پێیان سەیر بوو، هەم شاگەشکە ببون کە د. قاسملوو بەو هەیبەتەوە چەندە خۆماڵی، سادە و خاکەڕا بوو. ئەو هەڵسوکەوتەی دوکتور قاسملوو ئەوەندە جوان و بەرز بوو قەت لە بیرمان ناچێ.

نموونەیەکی بەرجەستە و باوەر پێبوونی دیکەی دوکتور قاسملوو بە ژن و هەروەها ئاوڕدانەوە لە ژنان و گرینگیدان بە وجوودی ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا بوو. کاتیک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەفرانباری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی کۆنگرەی ٨ی خۆی بە بەشداریی دەیان کادر و پێشمەرگە لە شاری سلیمانی (باشووری کوردستان) گرت، لەو کۆنگرەیە ١ تەنیا ژنێک کە بەشداری کۆنگرە بوو من بووم. بۆ هەر من؟ ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بوو حیزب لە بارودۆخێکی نالەباردا لە تاراوگە و دوور لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەکەی خۆی و لە هەلومەرجێکی زۆر ناخۆشدا دەژیا. لە بەر دووری و سەختیی ڕێگا و هێندێک هۆی سەرەکی دیکەی ژیان ژنان کەمتر جەزبی حیزب دەبوون. هەربۆیە ژمارەیەکی کەم ژن بەشداریی بزووتنەوە بوون و لە ئاکامدا هەمیشە ژمارەیەکی کەم لە ژنان بەشداری کۆنگرەکان دەبوون. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا شەهید دوکتور قاسملوو بانگی کردم و فەرمووی: پێم‌خۆشە خۆت بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دابنێ. من هەم پێم خۆش بوو، هەم دەترسام. لە وەڵامی داواکەی دوکتور قاسملوودا کوتم: کاک دوکتوور بۆ من جارێ زوور زووە و لە عەرەبی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە قورسە نایەمە دەر. فەرمووی: نیگەران مەبە، فێر دەبیت و ئێمەش لەگەڵتین. بەداخەوە من وەسواس بووم و دەترسام و قبوولم نەکرد....

بەڵێ هزر و هەڵسوکەوت و خەونەکانی دوکتور قاسملوو لە مەڕ پێگەیشتنی ژن و چارەسەر کردنی کێشەکانی ژن زۆر جوان و بەرفراوان بوو. ئەگەر دوکتور قاسملوو لە ژیاندا مابا بێشک بارودۆخی ژنان بەتایبەت لە حیزبدا زیاتر ئاڵوگۆری بەسەردا دەهات و ژنان خۆیان لە فەزا و کەشێکی کراوەتردا دەدۆزیەوە و دەرگایەکی ڕووناکتر بە ڕوویاندا دەکرایەوە و زووتر پەیژەکانی پێگەیشتنیان تا لوتکە دەپێوا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ژمارە: ١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

کچێک و ٤٠ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی گەلەکەی دا



ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ٣ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی(٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی) لە لایەن حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە لەوحی سپاس و پێزانین بە من خەدیجەی مەعزووری بەخشرا.

شاد و سەرمەستم بۆ چڕکەیەک سەردانی ٤٠ ساڵ لەوە پێشی ژیانی خۆم کردەوە، من کێ بووم؟ کچێکی کەم تەمەن، شلک و ناسک، دڵ بە دنیا خۆش، تازە پێگەیشتوو، و نازداری دایک وباب و تاقانە خوشکی چوار برا، تەنیا شوێنێک کە دەیناسی ڕێگای هاتووچۆی قوتابخانە بوو. لەو هەڕەتەدا بوو دەرگای گەورەی قوتابخانەی دێمۆکڕات بە ڕووی دا کرایەوە و لە گەڵ ژیانی ئارام و ئاسایی و باوەشی گەرمی دایک و باب ماڵئاوایی دەکا و خۆی لە باوەشی دنیایەکی نامۆ، ژیانێکی نوێ، پڕ لە ترس و پڕ لە ستڕێس، مەحرومیەت، نەهامەتی پڕگیروگرفت و هەژاری، و... هاویشت. و خۆش بوو بەڵام قەت نەحەساوە. سەیرە منی دەست و پێ سپیلکە کەم ئەزموون بە ڕابردنی زەمان ئێستا کێم؟ من ئەو کەسەم کە لە کورەی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکڕات دا قاڵ بۆتەوە، فیری دەرسی خۆڕاگری و وەرە و نەبەزین، گەل خۆشەویستی و بۆ گەل مردن بم و لە بەرامبەر نەهامەتی و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگا سەرسەخت بم و نەبەزم، ئێستا ئەگەر لەو ڕێگایە دا زۆر شتم لە دەست داوە، بەڵام شتێکم وەدەست هێناوە کە زۆر کەس حەسرەتی وەدەست هێنانی دەخۆن ئەویش وەدەست هێنانی میدالی پڕ لە شانازی ٤٠ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی گەل و نیشتمان دا..

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٩

با لە نزیکەوە باشتر "خەدیجە مەعزووری بناسین

شۆڕش ئەسەدزادە.

ئەمجارە با پێکەوە "میدالّی قارەمانیەتی" بدەین لە بەرۆکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو کچە تاقانە دەنگ خۆشەکەی دەنگی کوردستان، ئەو بێژەرەی هەموو ڕۆژێ سەرتاسەری خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی بیستنی دەنگی بووین بۆ بەرنامەکانی دەنگی کوردستان. خوشکە "خەدیجە مەعزووری" ئێستا با پێکەوە بزانین خوشکە خەجیج چۆن توانی بگاتە شایانی ئەم قەدردانیەو وەرگرتنی "میدالّی قارەمانی" با لە نزیکەوە باشتری بناسین....

خوشکە خەجیج لە شارە جوانەکەی "شنۆ" چاوی بە دنیا هەڵێناوەو، هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی تەواو کردوە. پاشان دیپلۆمی لە دانیشسەرای موقەدەماتی کچانی "مەهابادە" وەرگرتووە. هاوکات لەگەڵ بەڕێوە بردنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی، "ئیسانسی حقوقی" "یاسا" ی لە یەکێک لە زانکۆکانی باشووری کوردستان وەرگرتووە. ئەم تێکۆشەرە ئەلفوبای کوردایەتی لە باب و خاڵی فێر بووە، لە ڕێگای ئەوانەوە باوەڕی پتەوتر بووە بە خاک و نیشتمان و شۆڕش و کوردایەتی... کارو چالاکیەکانی ئەم خەباتکارە لە سەرەتای شۆڕشەوە بە بەشداری کردنی چالاکانە لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی "مەهابادو شنۆ" دەست پێکردوە. پاش سەرکەووتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە لایەن خەڵکەوە و ڕوخاندنی ڕژیمی پاشایەتی. خەجیج چالاکێکی سیاسی بوە لە ناو ڕیزەکانی "یەکیەتی لاوان" و پێشمەرگایەتی. هەڵسوڕاوانە هەوڵی کۆکردنەوەی لاوەکانیان داوەو بە باشترین شێوە لاوەکانیان پێگەیاندوەو هاوکاتیش وەزیفەو ئەرکی

پێشمەرگایەتیشی کردوە. پاشان بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ هەڵدەبژێردرێ و بە ئەرکێکی تازەترەوە درێژە بە خەبات دەدات. ئەم شۆڕشگێڕە لە هەموو ئەرک و فەرمانەکانی حزب و خزمەت بە خەڵک درێغی نەکردوە، بۆیە هەمیشە ئامادە بووە بۆ هەر ئەرکێک کە پێی بسپێرن. هەروەها بەرپرسایەتی "یەکیەتی ژنانی شنۆ" وە ئەستۆ دەگرێ و دەبێتە جێی باوەڕو متمانەی هەموو ژنانی ناوچەی شنۆ و لە ڕونکردنەوەو هوشیار کردنەوەی ژنانی ئەم ناوچەیە دەورێکی گەورەوکاریگەری هەبوە بە تایبەتی بۆ یەکڕیزی و بەرچاوی بەشداری ژنانی کورد بۆ هاتنە ناو مەیدانی خەبات هەر ئەوکاتیش لە لایەن حزبەوە بۆ "شوڕای شاری شنۆ مەعەرەفیان کردوەو لەهەڵبژاردندا دەنگی تەواوی هێناوەتەوە. پاش ماوەیەک لەسەر داوای" دەفتەری سیاسی حزب "لە ئاخری ساڵی ١٣٥٩ شاری "شنۆ" بەجێدێڵێ و بەرەو دەفتەری سیاسی لە "دۆڵی دیموکرات" لە ناوچەی "زمزیران". بۆ کاری ڕاگەیاندن لەوێ گیرسایەوە. ڕەنگە بۆ کچێک ناخۆش بێ شارو زێدو کەسوکاری خۆی بەجێبێڵێ و دور بکەوێتەوە. بەڵام هیچ یەک لەوانە ئاساری خراپیان لەسەر ڕۆحیەو هەستی دانەنا بەڵکوو تازە پێی وابوو پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاری میللەتەکەی، سەرەتا لەوێ وەک کادری ڕۆژنامەی کوردستان و تەرجومەی هەواڵەکانی کوردی بۆ فارسی. پاش ماوەیەکی کورت چۆتە بەشی فارسی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان. پاشان گەڕاوەتەوە بەشی کوردی ڕادیۆ دەستی بە بێژەری کردوە لە سەریەک بۆ ماوەی ٢١ ساڵ. لە بەشی کوردی سەرەتا لە بەشی وتار خوێندنەوە. پاشان نووسینی بیوگرافی پێشمەرگە شەهیدەکان. کە بەرنامەیەکی زۆر خۆشەویست بوو لە لایەن بنەماڵەی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستانەوە. هەموو کەس بە تامەزرۆوە گوێیان دەدایە ئەم بەرنامەیە.. لە زۆر پێشمەرگەکانی هاورێم دەبیست کە دەیانکووت چەند خۆشە شەهید بی و خوشکە خەجیج بەو دەنگە خۆشە ژیان نامەکەت بخوێنێتەوەو قالە مەڕەش شمشاڵەکەت بۆ بتورێنێ . ئەوانەی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان خۆشەویستی خەڵک بوون و هەموو ڕۆژێ بۆ سەعاتێک میوانی هەموو ماڵەکانی گوندو شارەکانی کورستان دەبوون، "ئەحمەدی شێربەگی و نەمر تەها عەتیقی و خوشکە خەجیج" بوون ئەمانە ناسراو بوون بۆ هەموو کوردێکی کوردستانی گەورە. هەروەها بەرنامەیەکی دیکەی بەڕێوە دەبرد لە سەر مەسایل و ماف و گیروگرفتەکانی ژنانی کوردستان و شێوەی چارەسەرو هوشیارکردنەوەیان لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری. ئەم بەرنامەیەش بە ناوی " بەرنامەی بۆ بەختیاری کۆمەڵ " کە خزمەتێکی زۆری دەکرد بە ژنانی کوردستان. کە دیارە لە ئامادە کردن و پێشکەش کردنی خوشکە خەجیج بوو... هەروەها ئامادە کردن و پێشکەش کردنی نامەی گوێگرەکان بە هاوکاری نەمر کاک تەها عەتیقی. ئەم بەرنامەیەش لایەنگرێکی زۆری هەبوو ماوەکەشی زۆر کورت بوو. خەڵک زۆر تامەزرۆی ئەم بەرنامەیە بوون. پەیوەندیەکی زۆر تۆندو تۆڵ بووله نێوان خەڵک و حزبدا. دوای ڕادیۆ بۆ ماوەی ٥ ساڵ بووە بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان. کە لەو کارەشدا بە دەیان وتاری سیاسی و وتاری لە سەر منداڵان و ژنان و مەسەلەکانی تری ڕۆژ نوسیوەو بلاو بونەتەوە. هەر ئەوکات خوشکە خەجیج بەرپرسیارەتی لە دەرکردنی گۆڤاری "ژنان"ی لە گەڵ هەندێک هاوڕێی وە ئەستۆ گرتوەو بەو پەڕی هێزو توانایەوە کاری تێدا کردوەو بەرهەمی هێناوە. لە ژمارە ١ هەتا ژمارە ٢٠ سەرپەرشتی کردوە.. لە

پاشان بە دەیان ووتاری نوسیوەو بە دەیان وتاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی کوردی و فارسی.

هەروەها بۆ ماوەی ٥ ساڵان بەرپرسی "بنیادی پشتیوانی لەڕێکخراوە سنفی و دیموکراتیەکان" بوە لەم بارەشەوە زۆر چالاکانە کاری کردوەو جێگا دەستیشی دیار بوە. خوشکە خەجیج لە هەموو کۆنگرەکانی حزبدا نوێنەر بوەو بەشداری کردوە بێجگە لە کۆنگرەی ٧. کە لە دەرەوەی ولات بووە!

لە کۆنگرەی ١١ هەتا کۆنگرەی ١٣ جێگر، و لە کۆنگرەی ١٤ تا ١٧ بە ئەندامی "کۆمیتەی ناوەندی حزب" هەڵبژێردراوە، واتە ٣ دەورە جێگر ٤ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەنیە. پێویستە بڵێم ٢ دەورەیە بەرپرسی "کۆمسیونی کۆمەڵایەتی حزبە" ئێستاش بە وردتر لە پێشوو لە خزمەت حزب و خەڵکەکەیدایە. دیارە ئەمە تەنها کورتەیەک بوو لە ژیان و خەبات و پێشمەرگایەتی. بەڵام بێ شک کچێک ڕەنگە زۆرێک نەهامەتی و چەرمەسەری و گیروگرفتی بۆ هاتۆتە پێش. نابێ و ناکرێ لەم ماوەیەدا تووشی بە سەدان گیروگرفتی خۆش و ناخۆش نەبووبێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە خوشکە خەجیج مەعزووری "کچە کوردی شۆڕشگێڕو تێکۆشەر توانی" ڕیکۆردی "کچە شۆڕشگێڕو قارەمان بۆ خۆی بشکێنێ و ببێتە نمونەی پاکی.. شۆڕشگێڕ.. ئازادو قارەمان... خزمەتگوزار... باشترین بێژەرو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەروەها پآڵپشت و خۆشەویستی ژنانی کوردستان کە لەو پێناوەدا بە دەیان جار لە لایەن ڕێبەران و حزبەوە تەشویق کراوە. "خەجیج مەعزووری" بە باوەڕی بە هێز و بە بڕوا بوون بە خۆی توانی دەستی بگاتە "میدالی قارەمانیەتی" و نازناوی کچە کوردی شۆڕشگێڕی سەرکەووتوو بۆ خۆی بە دەست بێنێ .. پیرۆز بێ و نمونەت زۆر بن

دیارە ئێمە لە ڕۆژهەڵات کچانی سەرکەووتوو شۆڕشگێڕمان زۆرن. کە لە بەرنامەکانی داهاتودا ئەوانیش. دێنمە لیستی بەرنامەکە. و بە هەموو خەڵکی کوردستانیان دەناسێنم. کە نابێ نەوەکانی داهاتوو ئەم قارەمانانە نەناسن و بە فەرامۆشی بسپێردرێن.. سەردەکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ئەمانەش دەبنە قارەمان و شۆڕشگێڕانی مێژووی گەلەکەمان...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

هەڵدانەوەی لاپەڕەی بیرەوەریەکانی نێو شۆڕش

ئەحمەد ڕەحمانی

کولانەوەی برینەکان .....
دوای ئەوەی بە تەلەیفوون قسەم لەگەڵ خوشکە خەجیج کرد
لێتان ناشارمەوە تێر تێر گریام و ئەسرینم هەڵوەراندن ....

هەودای خەیاڵەکانم پەلکێشی سەردەمێکی زێڕینیان لە خەبات کردمەوە،سەردەمانێک بە خەرەندی ژینا هەڵدەڕوسکام و دارەدارەی ئەلف و بێی ئازادیم دەکردو دێمۆکڕات گۆشی دەکردم.

گێژەڵوکەی خەیاڵ تۆڕی دامەوە بۆ بەر لە سی ساڵ، بۆ دۆڵی جافایەتی و گەورەدێ وگەڕەدێ و کانیەمێو بۆ داوێنی چیای ژیلوان بۆ دەشتە نێرگزەجارەکەی خواروی گەڕەدێ بۆ هەراو هوریاکانی فاتێ....

لەکاتێک دا قسەم لەگەڵ خوشکە خەجیج دەکرد زیاتر لە سی ساڵی تەمەنم بوو بە پەردەی فیلمێکی سینەمایی و کاراکتەرو

پاڵەوانی ئەوسەردەمانەم بیر دەهاتنەوە، د. قاسملوو لە یەکەم رۆژی بوونەوەی قوتابخانە دا لە ناوماندا بوو، ساڵۆنی غەزا خۆریم بیردەهاتەوە ئەوکاتانەی د. سەعید وەژوور دەکەوت و لە خۆشەویستی سادق کت و مات دەبووین و دەبووین بەماستی مەییو.

هەر بەدەم هەورازی خوار ئینتیشارات سێ گوڵم دەدیتن، کاک ئەحمەدی شێربەگی و کاک تەها و خوشکە خەجیج. کاتێ لە سیمایان ورد دەبوومەوە سیمای ڕاستەقینەی دێمۆکراتم لە سیمایاندا دەبینی.
ئەوکاتانەی سرودی شۆڕشگێڕی و شانۆمان پێشکەش دەکردن هەستم بە پشکوتنی بزە و زەردەخەکان دەکرد.

گەلۆ چ هەراو هۆریایەکە لەو زەمەنەدا. سەرنجەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دڵی دوژمنی دەلەرزاند و فرمێسکی شادی بەئێمە هەڵدەوەراند. شمشاڵە غەمناکەکەی قالەمەڕەی ڕەحمەتی دڵی دادخوورپاندین و ڕێژنەبارانەی فرمێسکی بۆ شەهیدێ پێهەڵدەوەراندین.

گەلۆ لەکوێن سەردارەکانی دێمۆکرات، کامە پەلاپیتکەی هەڵوەریو توانی دڵی شەیدایان لە لێدان بخات. کامە دەستە توانی جەرگمان کون کون بکات.

گۆرستانی پێڕاشێز ئەغیار بوو بۆمان، بەڵام لە کاتێکا د. قاسملوو، د. سادق و هاوڕێیانیان جەستەیان تێکەڵ بەدیاری غوربەت بوو ،پێرلاشێز بۆ هەمیشە بوو بە قیبلەی جوان و پیرمان.

هەنیسک ڕێگەی تەواو کردنی تەلەیفوونەکەی پێنەدام، گۆناکانم ساردوو سڕ بوون و فرمێسک لە دیدەکانم دەچۆڕان.

هەر ئەوەندە توانیم بڵێم خوشکە خەجیج تا دڵۆپە خوێنێ مابێ لە جەستەمان ڕێگەی پیرۆزی دێمۆکرات تاکە ڕێگەیە بۆمان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەر

بۆ خوشکی ئازیزو گلێنەی دیدەکانم خوشکە خەجیج مەعزوری

ئەحمەد ڕەحمانی

خەجێی خەجان
بۆ ئەوەندە دڵشادی
کە مامۆستا نەسرین و سوهەیلا
لێت جوان دەکەن ڕەخت و فیشەکدان
خەجێی خەجان
ئەی نەتەزانی دوا پێکەنینی
سوهەیلاو نەسرین دەژنەوی
لە قەڵای خۆڕاگری دێموکڕاتدا
دەژاکێ پێکەنینیان
خەجێی خەجان
دەزانی ئێستا ئەحمەدیلەی دێموکڕات
بەدیار ئەو وێنەیەتانەوە
کۆڵ کۆڵ دەگری
دەروونی پڕە لە خەم و هەنیسکدان

پرۆفایل:

کوریەیەک لە ژیان و خەباتی خەج مەعزووری

خەج لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە! لە بنەماڵەیەکی نێشتمانپەروەر و خۆشناو و مام ناوەندی دا گەورە بووە! بە هۆی باب و مام و خاڵیەوە فێری ئەلف و بی کوردایەتی بووە! قۆناغەکانی سەرەتایی و دەبیرستانی لە شنو خوێندوە و دیپلۆمی لە دانیشسەرای مووقەدەماتی کچان لە مەهاباد تەواو کردوە!

پاشان لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا وێرای کار کردن درێژەی بە خوێندن داوە و لە یەکێک لە زانکۆکانی باشووری کوردستان لیسانسی حقووق(یاسا)ی وەرگرتووە! چالاکی سیاسی هەر لە سەرەتایی شۆرشەوە بە بەشداری لە خۆپێشاندانەکان دا دەست پێ کردوە!

ئەرک و بەرپرسایەتی ئەو لە نێو شورش دا بریتین لە:

١- کارو چالاکیە سیاسی یەکانی کە لە یەکیەتیی لاوانی دیموکرات دا دەستی پێ کرد!

٢- ساڵی ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و بەرپرسی ناوچەی حەسەن نوران بووە!

٣- ١٣٥٩ ئەندامی کۆمیتەی" نەخش" بووە! ئەو کۆمیتەیە پێک هاتبوو لە ئەندامانی کۆمیتە شارستانەکانی نەغەدە، پیرانشار و شنو!

٤- هەر لەساڵی ١٣٥٩بەرپرسی یەکیەتیی ژنان بووە!

٥- لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٩ شاری شنۆی بەجێ هێشت و لە دۆلی دێموکرات(زمزیرانی سەردەشت) و پاشان لە شاخ و

دۆلەکانی کوردستان گیرساوەتەوە!

٦- سەرەتا لە رۆژنامەی کوردستان بەشی وەرگێرانی هەواڵەکانی کوردی بۆ سەر زمانی فارسی دەستی بە کار کردوە!

٧- پاش ماوەیەک بۆتە کادری رەسمی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەبەشی وەرگێرانی هەواڵەکانی کوردی بۆ سەر زمانی فارسی دەستی بە کار کردوە!

٨- پاش ماوەیەک بۆتە کادری رەسمی رادیۆ و وێژەری لە بەشی فارسی وپاشان بەشی کوردی دەست پێ کردوە!

٩- بەرپرسایەتی نووسین و بەرێوەبردنی سێ بەرنامەی وەک بەشی شەهیدان، وڵامی نامەی گوێگرەکان و بۆ بەختیاری کۆمەڵ-ی وەئەستۆ گرتوە!

١٠- ماوەی ٥ ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەران لە رۆژنامەی کۆردستان ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی دا بووە و بەدەیان وەتاری کۆمەلایەتی(لەسەر ژنان و منداڵان)و سیاسی نووسیوە!

١١- بۆ ماوەی ٥ ساڵ وێرای هاورێیانی سەرپەرەستی گۆڤاری(ژنان) بووە و بە دەیان وتاری سیاسی و کۆمەلایەتی نووسیوە و وەرگێراوەتەوە!

١٢- ماوەی شەش ساڵ بەرپرسی بونیادی پشتیوانیی لە رێکخراوە سینفی دیموکراتیکەکان بووە!

١٣- لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دێمۆکرات دا بەشدار بووە، جگە لە کۆنگرەی ٧ کە لە دەرەوەی وڵات بووە!

١٤- لە کۆنگرەی ١١ تا کۆنگرەی ١٦ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بووە!

١٥- ئێستاش لە تاراوگە دوور لە زێد و خزم و کەسان بۆ نەتەوەکەی خەبات دەکا!

١٦- لە ماوەی ٤٠ ساڵ پێشمەرگایەتی و شۆرش دا گەلێک چەرمە سەری و نەهامەتی لە پێناو ئازادی گەلەکەی دا چێشتوە!

١٧- یەکەم ژنە لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا لە کۆنگرەکانی(١١، ١٢ و ١٣ وەک جێگری کۆمیتەی ناوەندی و لە

کۆنگرەکانی(١٤، ١٥، ١٦ و ١٧) وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی بە دەست هێناوەو بۆتە ئەندامی ڕێبەری حیزب.

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٤ی کوردی = نۆکتۆبەری ٢٠٢٤ی زایینی

سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ خەج مەعزووی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی